حوكمەتی هەرێمی كوردستان /عیراق

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

سەرۆكایەتی زانكۆی سلێمانی

فاكەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەكان

سكوڵی زمان /بەشی كوردی

# شێواز لە شیعرەكانی "شێركۆ بێكەس"دا

# قۆناغی دوای بزوتنەوەی ڕوانگە

نامەیەكە

شەیدا ڕەشید محەمەد

پێشكەشی ئەنجومەنی سكوڵی زمان / فاكەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەكانی زانكۆیی سلێمانی كردووە و بەشێكە لە پێویستییەكانی بەدەستهێنانی پلەی ماجستێرلە ئەدەبی كوردیدا .

سەرپەرشت

پ.ی.د. حمە نووری عومەر كاكی

( ٢٠١٦ ) زاینی                ( ٢٧١٦ ) كوردی

# ناوەڕۆك


| بابەت | ژ |
| --- | --- |
| پێشەكی | ١-٣ |
| بەشی یەكەم /تەوەری یەكەم :سەرەتایەك دەربارەی شێوازو شێوازگەری | ٦-٧ |
| یەكەم :چەمكی وشەی شێواز و پێناسەی شێواز | ٧-١٢ |
| دووەم: زمان و شێواز | ١٢-١٤ |
| سێیەم: شێوازو ئەدەب (شێوازی ئەدەبی ) | ١٥-١٦ |
| چوارەم : قوتابخانە شێوازگەرییەكان | ١٧-٢٦ |
| پێنجەم : شێواز لە شیعری نوێی كوردیدا | ٢٧-٢٩ |
| تەوەری دووەم : بزوتنەوەی ڕوانگەو پێگەی شیعری شێركۆ بێكەس | ٣٠-٣٤ |
| یەكەم : شێوازی شیعری بزوتنەوەی ڕوانگە | ٣٤-٣٦ |
| دووەم: كاریگەری ئەدەبی عەرەبی لەسەر شیعری شێركۆ بێكەس | ٣٧-٣٩ |
| بەشی دووەم : شێواز لەڕووی روخساری شیعرەكانەوە | |
| تەوەری یەكەم :شێوازی چامە ، رۆمانە شیعر ، پۆستەرە شیعر ...هتد | ٤١-٤٩ |
| تەوەری دووەم: ئاوازی ناوەوەی شیعرەكانی شێركۆ بێكەس | ٥٠-٧١ |
| تەوەری سێیەم: ئاوازی دەرەوەی شیعرەكانی شێركۆ بێكەس | ٧٢-٨٨ |
| بەشی سێیەم : شێوازی شیعری شێركۆ لە ئاست پێكهاتەدا | |
| تەوەری یەكەم // یەكەم: لادانی دەنگی | ٩٠-٩٢ |
| ٢- لادانی وشەیی | ٩٢-١٠٢ |

| | |
|---|---|
| **تەوەری دووەم : لادان لە ئاست ڕستەدا** | ۱۱۰-۱۰۳ |
| **تەوەری سێیەم : ئاستی فەرهەنگ و لیکسیکی شاعیر** | ۱۱۷-۱۱ |
| **تەوەری چوارەم // یەکەم : پێوانەی شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس بە پێ هاوکێشەی بوزیمان** | ۱۱۸ |
| **دووەم :ڕەمزلە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا** | ۱۲۷-۱۱۹ |
| **تەوەری پێنجەم : هەندێ دیاردەتری شێوازی شیعری شێرکۆ بێکەس** | |
| **یەکەم : نوسینی هێمایی** | ۱۳۰-۱۲۸ |
| **دووەم : شێوازی ژمارە** | ۱۳۳-۱۳۱ |
| **ئە نجام** | ۱۳۵-۱۳٤ |
| **سەرچاوەکان** | ۱٤٥-۱۳٦ |
| ملخص البحث | ۱٤٦ |
| *Abstract* | ۱٤۷ |

ئەم نامەیە (شێواز لە شیعرەکانی "شێرکۆ بێکەس"دا قۆناغی دوایی بزوتنەوەی ڕوانگە )بە چاودێری من لە زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێویستییەکانی پلەی ماجستێرلە ئەدەبی کوردیدا

پ.ی.د. حمە نووری عومەر کاکی

ڕۆژ / /٢٠١٦

بە پێی ئەم پێشنیازە ئەم نامەیە پێشکەش بەلیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم .

پ.ی.د.کاروان عومەر قادر

سەرۆکی بەشی کوردی

ڕۆژ / /٢٠١٦

ئێمە ئەندامانی لیژنە ی وتوویژ و هەڵسەنگاندن ،ئەم نامەیەمان خوێندەوە و لەگەڵ خویندکارەکە گفتوگۆمان لەبارەی ناوەڕۆك ولایەنەکانی تری کردو بڕیارماندا کە شایەنی ئەوەیە بە پلەی (          ) بڕوانامەی ماجستێری لە ئەدەبی کوردا پێبدرێت .

ناو : پ،د محەمەد ئەحمەد سعید

سەرۆکی لیژنە

رۆژ:    /  /٢٠١٦

ناو:پ،ی،د قومری سعید عزیز

ئەندام

رۆژ  /  /٢٠١٦

ناو: محەمەد ئەمین عبداللە

ئەندام

رۆژ  /  /٢٠١٦

ناو:پ.ی.د. حمەنووری عومەر کاکی

ئەندام و سەرپەرشت

رۆژ:  /  / ٢٠١٦

لەلایەن ئە نجوومەنی سکوڵی زمانەوە  پەسەندکرا .

ناو :پ،ی،د .عبدللقادر حمە ئەمین محەمەد

سەرۆکی سکوڵی زمان

رۆژ    /  /٢٠١٦

## پێشكەشە بە :

*ڕۆحی پاكی باوكی میهرەبانم .

*دایكم ..... سەرچاوەی بوونم .

*هاوسەر و هاوڕێم ( زمناكۆ ).

*جگەر گۆشەكەم ( شكۆ ).

* خۆشك و براكانم ،كە سەرچاوەی جوانی و خۆشبەختی ژیانمن .

* سەرجەم هاوڕێ دڵسۆز و خۆشەویستەكانم .

* بەوانەی لە پێناو خزمەتكردن و جوانكردنی كۆمەڵگای مرۆڤایەتی تێدەكۆشن .

**سوپاس و پێزانین بۆ :**

*سوپاس و پێزانینی زۆرم بۆ بەڕێز (د.حمە نووری عومەرکاکی ) کە دڵسۆزانە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی ئەم نامەیەی گرتە ئەستۆ و بە سەرنج و تێبینیە بەنرخەکانی نامەکەی جوانتر کرد.

* سوپاسی زۆرم بۆ ئەو هاوڕێ خۆشەویست و دڵسۆزانەی کەلە دابینکردنی سەرچاوە یان بەتەنیا وشەیەکیش هاوکارم بوون بەتایبەت ( م.هەژار فەقی سلێمان ، م.پێشکەوت مجید ،م.دیلمان قادر،م. بارق رەشید، م.شەهلە رە شید ).

*سوپاسی زۆرم بۆ بەڕێز (م.زانیار حمەصالح) بۆ وەرگێڕانی پوختەی لێکۆڵینەوەکەم بۆ زمانی عەرەبی و ئینگلیزی .

*سوپاسی زۆرم بۆ فەرمانبەرانی (کتێبخانەی سکوڵی زمان ، کتێبخانەی ناوەندی زانکۆی سلێمانی ، کتێبخانەی ناوەندی زانکۆی گەرمیان ،کتێبخانەی گشتی کەلار ) کە هەمیشە دەرگایان کراوە بووە بەڕوومان‌دا .

## پێشەكی

**ناونیشانی توێژینەوەكە :**

ناونیشانی توێژینەوەكە بریتییە لە ( شێواز لە شیعرەكانی "شێركۆ بێكەس" دا ، قۆناغی دوای ڕوانگە ) لە توێژینەوەكەدا هەوڵدراوە بە شێوەیەكی زانستی باس لە لایەنە جۆربەجۆرەكانی شێوازی شیعری شێركۆ بێكەس بكرێت ، بەتایبەتی لەو دیوانە شعرییانەی ، كە دەكەونە قۆناغی دوایی بزوتنەوەی ئەدەبی ڕوانگەوە .

**هۆی هەڵبژاردنی بابەتەكە :**

وەك ڕوون و ئاشكرایە، بزوتنەوەی ڕوانگە بە ڕێنیسانسێكی گەورەی ئەدەبی لە مێژووی ئەدەبی كوردیدا دادەنرێت ،گۆڕانكارییەكی گەورە بەسەر شێوازی شیعردا هات ، شاعیران بە شێوازێكی جیاواز مامەڵەیان لەگەڵ كەرەستەكانی شیعردا دەكرد ، هەروەها ئەو توێژینەوە و لێكۆڵینەوانەی تائیستا لەو بوارەدا كراون ، سنورییان لە شیعری كلاسیكی كوردی و سەرەتای شیعری نوێی كوردی تێنا پەڕێت .هەرچی شیعری هاوچەرخ و سەردەمی نوێی كوردییە تا ئیستا یەك توێژینەوەی ئەكادیمی لەسەر كراوە .ئەویش توێژینەوەكەی ( حسێن كەلاری ) یە،بەناونیشانی (شێوازلە هۆنراوەكانی فەرهاد شاكەلی ) دا لە ساڵی ( ٢٠١١ )پێشەش بە زانكۆی كۆیە كرا، بۆ پڕكردنەوەی ئەو كەلێنە لەلایەك و لە لایەكی دیكەیشەوە خستنە ڕووی شێوازی شیعری شاعرێكی وەك شێركۆ بێكەس لە ئەدەبی كوردیی ئەم سەردەمە بوارو مەیدانێكی ئەدەبی ئەوتۆیە ، كەتوێژینەوەی شێواز بە میتۆدی شێوازگەری لە سەر بەرهەمە شیعرییەكانی بنوسرێت .

**كەرەستەی توێژینەوەكە :**

كەرەستەی توێژینەوەكە بریتییە لە هەندێك لە شیعرەكان بە پێی میتۆدی شێواز ناسی لە سەرجەم دیوانە شیعرییەكانی شاعیردا ، بەتایبەتیی ئەو دیوانانەی ، كە دەكەونە دوای بزوتنەوە ئەدەبی ڕوانگەوە .

**ڕێبازی توێژینەوەكە**

بۆ ئەنجامی توێژینەوەكەمان ڕێبازی زانستی ( شێوازناسی ) مان بەكار هێناوە .

**گرفتەكانی توێژینەوە :**

بێگومان هەر لێکۆڵینەوەیەکی زانستی لەسەر هەر باسێك ، چی ئەدەبی بێت ، یاخود هەر بابەتێکی تر کۆمەڵێ گیرو گرفت بۆ لێکۆڵەر دروست دەکات ، ئێمەش لەم لێکۆڵینەوە بێ بەش نەبووین ، بەتایبەتی ئەو ماوە زۆرەی سنوری لێکۆڵینەوەکە، واتە تەمەنی درێژی شیعریی شێرکۆ وسەرمایە وخەزێنە گەورەکەی دیوانەکانی بە ئەندازەیەك بوون، کە وا بەئاسانی کۆنترۆڵ نەدەکرا .

## ناوەڕۆکی توێژینەوەکە :

توێژینەوەکە ، جگە لە پێشەکی ، لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە ، ناوەڕۆکی بەشەکان لە چەند تەوەر و باسێك پێکدێت بەم شێوەیەی خوارەوە :

**بەشی یەکەم** :لەدوو تەوەری سەرەکی پێکاتووە :

**تەوەری یەکەم** :وەك پێویستییەکی زانستی ، باس لە سەرەتایەك دەربارەی زانستی شێوازو شێوازناسی و چەمك و وشەی شێواز کراوە ، هەرلەم بەشەدا باسمان لە شێواز و ئەدەب ( شێوازی ئەدەبی )، شێوازو زمان و قوتا بخانە شێوازگەرییەکان کردوە .

**تەوەری دووەم** : باس لە بزوتنەوەی ڕوانگەو پێگەی شیعری شێرکۆ بێکەس و شێوازی شیعری بزوتنەوەی ڕوانگە، هەروەها کاریگەری ئەدەبی عەرەبی لەسەر شیعری شێرکۆ بیکەس کراوە .

**بەشی دووەم** : لە سێ تەوەری سەرەکی پێکدێت :

**تەوەری یەکەم** : لێرەدا روخساری چامە ( قسید ە )، ڕۆمانە شیعر ، دەقی والا ، پۆستەرە شیعر بە پێی شێوازی شیعری شێرکۆ خراوەتە ڕوو .

**تەوەری دووەم** : لێرەدا وەك پێویستییەك ،لێکۆڵینەوە لەسەر ئاوازی ناوەوەی شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس کراوە .

**تەوەری سێیەم** :لەم تەوەرەدا ئاوازی دەرەوەی شیعرەکانی شاعیر خراوەتە ڕوو .

**بەشی سێیەم** : ئەم بەشە لە پێنج تەوەری سەرەکی پێکدێت ، کە بریتین لە :

**تەوەری یەکەم** : لەم تەوەردا باس لە لادان لە ئاستی مۆرفۆلۆجیدا کراوە ، هەروەها باس لە لادانی دەنگی ئەولادانە وشەیانە کراوە ، بۆ نموونە ( وشەی سەردەم ، وشە ڕۆنان ، وشە فەرامۆشکراوەکان ... هتد )

**تەوەری دووەم** : لادان لە ئاستی رستەدا خراوەتە ڕوو .

**تەوەری سێیەم :**باس لە فەرهەنگ و ئاستی لیکسیکی  وەك شێوازێکی دیاری شاعیر کراوە ،بۆنموونە ( سەرمایەی وشەی کوردی لای شاعیر ، وشەی بێگانە .... هتد )

**تەوەری چوارەم :** باس لە  شیعرەکانی شاعیر، بە  پێی هاوکێشەی بوزیمان و شێوازی ڕەمزو جۆرەکانی ڕەمز لە شیعرەکانی شاعیردا کراوە .

**تەوەری پێنجەم :** باس لە هەندێ دیاردەی تری شێواز لە شیعرەکانی شاعیردا کراوە ، وەکو شێوازی نوسینی وێنەیی و شێوازی  ژمارەیی .

لەکۆتاییدا  ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە لە چەند خاڵێکدا دیاری کراوە  ، هەروەها ئەو سەرچاوانەی بۆ لێکۆڵینەوەکە پشتیان پێبەستراوە ڕیز بەندکراون و پوختەیەکی  توێژینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتە ڕوو .

## بەشی یەکەم //

### تەوەری یەکەم:

١-سەرەتایەك دەربارەی شێوازو شێوازگەری

٢- پێناسەو چەمکی وشەی شێواز.

٣-زمان و شێواز

٤-شێوازو ئەدەب( شێوازی ئەدەبی ).

٥-قوتابخانە شێوازگەراییەکان

٦-شێواز لە شیعری نوێی کوردیدا

### *تەوەری دووەم :- / بزوتنەوەی ڕوانگەو پێگەی شیعری شێرکۆ بێکەس*

***یەکەم / شێوازی شیعری بزوتنەوەی ڕوانگە***

***دووەم/ کاریگەریی ئەدەبی عەرەبی لەسەر شیعری شێرکۆ بێکەس***

## ١-١// سەرەتايەك دەربارەی شێوازو شێوازگەریی

شێوازگەریی زانستیكە ،لەسەرەتادا لەناو زانستی ڕەوانبێژییەوە سەری هەڵداوە و جێگەی خۆیشی لەناو زانستی زمانەوانیدا كردوەتەوە ، پاشان وردە وردە بەرەو ڕەخنەی ئەدەبی چووە.

شێوازگەری سوودی لەهونەرەكانی ڕەوانبێژی وەك (خوازە و دركە،...)بینیوە ،ئەمانە ئامرازی گرنگی ڕەوانبێژین ،بەلاَم لە لیكۆڵینەوەی شێوازدا بەتێگەیشتنێكی نوێوە بەكارهاتوە .((شێواز لەڕووی مێژوو ولێكۆڵینەوە وپەرەسەندنی شێوازگەرییەوە،تارادەیەك زانستێكی نوێیە ،لەسەرەتادا لەبواری ڕەخنەی ئەدەبیدا بووە دواتر لەگەڵ فراوانبونی زماننانسیداو لەوكاتەی كەڕێبازەكانی زماننناسی بۆ خوێندنەوەی شێوازی دەقی ئەدەبی و نائەدەبی گرنگی پەیدا كرد .شێوازگەری بوو بەزانستێكی ڕاستەوخۆ و گۆڕا هەر لەو كاتەشدا بەهەردوو لقی ڕەخنەی ئەدەبی وزمان ناسییەوە پەیوەند كرا ))[١]

شیوازگەری زانستێكی نوێیە پەیوەندی لەگەڵ ڕەخنەی ئەدەبی و زانستی زمان هەیە.گرنگیدان بەم زانستە بۆ بەرهەمە بەناوبانگەكەی (بالی *charles bally*-١٨٥٦-١٩٤٧) یەكێكە لە خوێندكارانی "فەردینال دی سۆسێر" ی دامەزرینەری زانستی شێوازو شێواز گەری پاشان ئەو زانستە لەسەردەمی نوێدا بوو بەجێگایی سەرنجی زماننناسە ئەوروپاییەكان.(لەشستەكانی سەدەی بیستەمەوە لەگەڵ فراوانبوونی زماننناسی پەسەندی وناسینەوە سەرەتاییەكانی رەخنەی ئەدەبی باو كۆن (تقلیدی ) شێوازگەری بەمانا نوێیەكەی لەزانكۆ و سەنتەرو ناوەندە زانستیەكانی ولاَتە پێشكەوتوەكان جێگەی خۆی كردەوە سالاَنە چەندین نامەی ئەكادیمی وقوتابخانەوڕێباز،تایبەت بەم زانستە بەرچاو دەكەوێت )[٢]."بیرجیرۆ *pierre guiraud*"پێی وایە زانستی شێواز لەگەڵ ڕەگەزە ئەدەبیەكاندا سەری هەڵداوە هەروەك ئەڵێ ((سەرەتاكانی شیواز لەگەڵ پەیدابوونی ڕەگەزەكانی ئەدەب پەیدا بووە ))[٣] سەبارەت بەناوەڕۆكی شیوازیش "بیرجیرۆ " ئەڵێ ((ناوەڕۆكی وشەی شێواز زور فراوانە لەژێر لێكۆڵینەوەدا كۆمەڵی بیری سەربەخۆی لێدەبێتەوە)) [٤] .سەرچاوەی ئەم بەرفراوانییە بۆ خودی زانستی شێواز دەگەڕێتەوە ،كە واتایەكی گشتگیرو فراوانە،

---

١-د. حمەنوری عومەر كاكی،شێوازی شیعری نوێی كوردی كرمانجی ناوەراست ١٩٢٠-١٩٧٠،چاپخانەی دەرون،سلێمانی ،٢٠١٢،ل١٨-١٩

٢-سەرچاوەی پێشو،ل١٩

٣-بیرجیرو ،ت،مندرعیاش،الاسلوب والاسلوبیة،لبنان(راس بیروت)،ل٩

٤-سەرجاوەی پێشو،ل١١

**( شێوزای ئاخاوتن ،گفتو گۆ،شێوازی نووسین ،شێوازی ڕۆیشتن ،شێوزای هەڵسوکەوت و تەنانەت شێوازی پەیوەندیە کۆ مەڵایەتیەکان و جل وبەرگیش.**

**(( شێواز لەچاخەکانی ناوەراستدا لەوتار و قسەکردندا لەڕێگەی دەربڕینی ڕەوان و دواندنەوە ،لەو کاتەوە شیواز بەسێ چەمك هاتووەتە کایەوە :ڕەگەزەکان،کەرەستەکان،وێنە یاخود کەرەستەی دەربڕین ))** [1] **واتە شێوازلەسەدەکانی ناوەراستدا لەڕوانگەی وتارو دەربڕینەکانەوە سەیردەکرا .(( شێواز جۆرێکە لە هونەرەکان و یەکێك لە پێناسەکانی هونەر بەخشینی جوانیەو دروستکردنی پەیوەندیەکی وردو لەشوێن خۆیدا بوو بە پێی پێوەرێك لەمیانەی بەش و پاژەکانی هەردیاردەیەکی مادی یان واتایی ))** [2] **واتا دەبیت لەکاتی کفتو گۆدا ئاگامان لەشێوازی دەربڕینەکا نمان بێت و بە پێی سیاقی دەوروبەربیت ،ئەگەرخەوشیك بەدەربڕینەکا نمانەوەبێت ،ئەوە دەڵێن بێ شێوازە وە بە پێچەوانەوە ئەگەر دەربڕینەکەلەگەڵ سیاقی دەورو بەر گونجا ئەوە شێوازی جوانە یان بەرزە .**

**کەواتە دەتوانین بڵێن شێواز مەودایەکی زۆر فراوانی هەیە ،سیماو خەسڵەت وبارودوخی هەستی شاعیر دەردەخات . دەبێتە ناسنامەی شاعیر ،هەروەك"بۆ فۆن"دەڵێت(( شێواز خودی مرۆڤەکەخۆیەتی ))** [3]**. واتە مرۆڤ بەهەموو پێکهاتەی جەستەیی و ئەقڵێکەی دەگرێتەوە تەنانەت لە گفتوگۆی ڕۆژانەش،شێوازەکەی بەڕوونی دەردەکەوێت .لێکۆڵەران و توێژەران بۆچوونی جیاوازیان هەیەو ناتوانن سنوری شێواز دیاری بکەن ،بەلای "ئەفلاتۆن"ەوە (( شێواز سیفەتێکە لەهەندی نوسیندا بەرچاو دەکەویت و لەهەندێکی تردا نییە ،لەبەرامبەردا "ئەرستۆ"پێ وایە (( شێواز سیفەتێکە پێویستە لەهەموو جۆرەکانی بەرهەمی ئەدەبیدا هەبێت،هەتائەگەر پلەی باشی وخرا پی لەکارێکەوە بۆ کارێکی ترجیاواز بێت ))** [4]**.**

**واتە پێویستە هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی شێوازێکی تایبەتی خۆی هەبێت.شێواز بەکارهێنانی زمانە،لە شیعر،یان لەنوسیندا بۆ دەربڕینی بیرو هەست و سۆز،لێکۆڵەروشارەزایانی ئەدەب شێوازییان بە ڕەگەزێکی سەرەکی داناوە ،هاوشانی چوارڕەگەزە سەرەکییەکەی ئەدەب بریتین لە (( سۆز ،واتا،شێواز ،ئەندێشە ))** [5]

---

**١-سلیم ڕەشید سالح،شێواز لە کورتە چیرۆکی کوردیدا،چاپخانەی وەزارەتی رشنبیری ،سلێمانی ،٢٠٠٥،ل٩**

**٢-حسین کەلاری ،شێواز لەهۆنراوەکانی فەرهاد شاکەلی،چاپخانەی یاد ،چاپی یەکەم ،سلێمانی ،٢٠١١،ل٣٣**

٣.د.عبدالسلام المسدی ،الأسلوبیةوالاسلوب ،دارسعادالصباح، ط٤، الکویت ،١٩٩٣،ل٦٧

**٤- پەخشان عەلی ئەحمەد،شێوازی شیعری گۆران،چاپخانەی رەنج ،سلێمانی ،ل١٧**

٥- احمد امین النقد الادبی ،١-٢،ط١ ،١٩٦٧،ص ٣٧

بنەماکانی هەریەك لەم ڕەگەزانە لەدەقێکی ئەدەبی دەکۆڵنەوەولەڕەگەزە بەرهەمهێنەرەکانی ئەدەب شێوازە )) [1] .واتە ئەدەب بەبێ شێواز نابێ جونکە ئەدەب بیرێك بەرهەم ئەهێنێت ، ئەو بیرەش پێویستی بە شێوازێکە تاگوزارشتی لێبکات .ئەگەر ئەدەب نەبێت ئەوا شێوازیش نابێت . لەمەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە ،کە زانستی شێواز زانستێکی گرنکە و هاوشێوەی زانستەکانی تر گەشەی کردوە، هەمیشە لە پێشکەوتندا بووە ،هەر ڕەگەزێك لەڕەگەزەکانی ئەدەب شێوازی تایبەتی خوی هەیە،نوسەرانیش هەریەکەیان شێوازی تایبەتی خۆیان هەیە. هەرنوسەرێك بە شێوازەکەیەوە دەناسرێتەوە .

## چەمکی شێواز

شێواز مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە ،هەر لەسەرەتاوە بۆ گەلێك واتاو مەبەست بەکار هاتوە(( سەرەتای شێواز دەگەرێتەوە بۆ ئەدەبیاتی کۆنی گریك ،بە پێوەندی لەگەڵ ڕازاندنەوەی( ئیستاتیکی ) جوانکاریدا سەریهەڵداوە لەناو کەلچەری گریك دا )) [2] لەئەدەبیاتی کۆنی گریکدا بایەخیکی زوریان بەشێوازداوە ،بەتایبەتی لەبەرهەمەکانی ئەرستو و هۆراس باسیان لەشێواز کردوە .((شێوازلەوشەی ( STYLE ) ی لاتینیەوە هاتوە ،بەمانای دارێکی نوك تیژی کوندار دەگەیەنێت کەبۆ نوسین بەکاردێت )) [3] یان لەوشەی (("STILUS" لا تینیەوە هاتووە، کە ئامێرێکی معدەنی بووە. وەك بزمار ،قلم، سمۆ،نوکێکی تێژی هەبووە ،جاران بۆ نوسین و وێنە کێشان لەسەر تابلۆی مۆم بەکاریان هێناوە. مەبەستیان لەو ئامێرە لەوانەیە نوکە تیژەکەی بوبێت ،ئاشکرایە هەمووی یەك شێوازی تایبەت بەخۆی هەبووە، لەچۆنێتی بەکارهێنانی ئەو ئامێرە )) [4] زانستی شێواگەری بە ئینگلیزی پێی ئەڵێن ( STYLISTICS ) ،بە لێکۆڵەری شێوازیش دەگوترێت ( STYLISTICIAN ) لەزمان و ئەدەبی عەرەبیدا پێی ئەڵێن (اسلوب،(( بەواتاو مەبەستی ڕێگا، ڕێڕەو، ڕێچکە، ڕێباز...))[5]، لەفەرهەنگی"هەنبانە بۆرینە"ی هەژاردا ((بەواتای شکل، ترح، شێوازت لەکاکم ئەکات )) [6] لەفەرهەنگی "مەهاباد"ی "گیوموکریان"ی بەواتای

---

١- د.ئیدریس عبدولا ،شێوازو شێوازگەری ،چاپی یەکەم ،چاپخانەی رۆژهەلات ،هەولێر ،٢٠١٠-٢٠١١،ل١٧٢-

٢- هۆراس، هونەرشیعر، و، حەمید عەزیز، چاپخانەی الزمان ،بغداد،ل٧

٣-سەلیم رەشید سالح، شێوازلەکورتەچیرکی کوردیدا ،ل٥

٤- حمەنوری عومەر کاکی ،شێواز لە شیعری کسیکی کوردیدا ، چاپی یەکەم ،چاپخانەی تیشك،سلێمانی ،٢٠٠٨،ل١٣

٥-سەرچاوەی پێشوو،ل١٤

٦- هەژار ،هەنبانە بۆرینە ،فەرهەنگی (کوردی –فارسی )،تهران ،١٣٢٩،،ل٥٠٢

((شێوە رەفتار ،وەك یەك،ئەدەب،سیفەت))[1] لەزمانی فارسیدا پێدەڵێن (سبك)، "محمد تقی بەهار" یەکیکە لە شارەزایانی شێواز ئەڵێت ((شێواز لە بواری ئەدەبیاتدا ،لەرێگەی تەرتیب و تەرکیب و هەڵبژاردنی چەمك ودەستەواژەوە ،بریتیە :لەشێوازی تایبەتی تێگەیشتن ودەربرینی بیرورا )).[2] هاتووە .چەمکی نوێی شێواز لەسالأنی دوای شەری یەکەمی جیهانییەوە سەریهەڵداوە ،ئەویش بەسەرهەڵدان و گەشەکردنی چەند قوتا بخانەیەکی زمانەوانی و بواری زانستی زمان تێروانینی نوێ بۆچەمکی شێواز هاتە ئاراوە لە رەوانبێژی و هەندێجار لەئەدەب دورخرایەوە ،زیاتر بە پێ رێیاز و زۆرجار قوتا بخانە زمانەوانیەکان و رەخنە سایکۆلۆجیەکان چەمکی شێوازیان دیاری دەکرد ،یان بەتێکەڵ کردنی هەندێك لەو قوتا بخانانە لەگەڵ بابەتی ئەدەبیداهەروەك چارلس بالی (١٨٦٥-١٩٤٧) لەژێرتیشکی زمانەوانیەوە لەشێواز دەکۆلێتەوە پێی وایە (( شێواز ئەو زانستەیە کەلەناوەرۆکە هەستییەکانی گوزارشتی زمانەوانی دەکۆڵێتەوە واتە گوزارشتکردن لەهەست وسۆزی مروڤ لە میانەی زمانەوە ،دیسان لەمیانەی زمانەوە گوزارشت لە واقعی زمان دەکرێت ))[3]واتە "بالی " لەروانگەی زمانەوانیییەوە لە شێواز دەکۆڵێتەوە ، پێی وایە شێوازگەری لقێکە لەزانستی زمان نەك ئەدەب.زانایانی بواری زانستی زمان لە لێکۆڵینەوە زانستییە کانیان بەردەوام بوون ،هەندی بابەتی زمانەوانیان ورژاندو هەندی بابەتی نوێیان خستە سەر وگەشەیان بەزانستی زمان دا ، لەئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوانە چەند زانایەك قوتا بخانەو رێیازی زمانەوانییان بنیات نا ، بۆنموونە قوتا بخانەی "بلومفلێد وچومسکی " ئەم جۆرە لیکۆڵینەوانە بووە هۆی لابرنی تەرمایی لەسەر رووی رێزمان ولەکاتی وردبونەوە وەسفکردنی دەربرینە زمانەوانیەکان بەهۆی ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانەوە چەمکی نوێی شێواز لە بەرهەمە ئەدەبیەکان هاتە کایەوە ،هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی زمانەوانیان لەسەر بەرهەمی شاعیران دەکرد، واتاو چەمکی شێوازیان لەوشەو زاراوەی دەقەکانەوە روون دەکردەوە ،لەچۆنێتی ورێکخستنی ئەو وشانە سەیری بەرهەمی شاعیرانیان دەکرد ،بێگومان لیکۆڵینەوە لەوشەو زاراوەکان لایەنی رەوانبێژی ولایەنی شێوازو تایبەتمەندی شاعیر دەست نیشان دەکات ،چونکە بمانەوێت و نەمانەوێت شاعیران، هەریەکەیان تواناو سەلیقەی زمانەوانیان جیاوازە ،بەمەش هەر شاعیرێك جیادەکرێتەوە لەشاعیرێکی تر ،رەنگە نوسەران بەپێی جۆری ژانەرەکان تواناو سەلیقەیان جیاواز بێت .هەروەها هەندێك لەشارەزایانی بواری شێواز ناسی ،شێوازیان بەلادان هەژمارکردوە ((شێواز وادادەنرێت کەلادانێکی تاکە بەومانایەی کە شێوازێکە لەنوسین وتایبەتە بەئەدیبێك،(بالی ) شێوازی بەرێچکەشکێنی دیلێکتێکی تاك داناوە،لیو سپیتزەریش، پێ وایە

---

١-- گیو موکریان ،فەرهەنگی مەهاباد (کوردی –عەرەبی)،چاپی یەکەم ،چاپخانەی کوردستان ، هەولێر١٩٦١،ل٢٠٢

٢- عەزەدین صابیر،شێوازی شیعرەکانی شێخ نوری شێخ صالح،نامەی ماجستێر ،٢٠١٥،ل٨

٣--د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد،فەرهەنگی زاراوەکانی (ئەدەبی وزانستە مرۆڤایەتیەکان)،٢٠١٥،ل٣١٣.

شێواز، لەچوارچێوەی هەربنەمایەك بێت لادانێکی تاکە ))[1] . تاك زیاتر مەبەستە لەشاعیر چونکە ئێمە لیرەدا باس لەشاعیر دەکەین ،شاعیر لادان دەخوڵقێنێت وشەکان لەواتا فەرهەنگیەکەی دادەماڵیت واتای نوێی پێدەبەخشێت .بەم پرۆسەشیعریە دەڵێن شیعرییەت،((گرنگی شێواز لەوەدایە،کەدەتوانێت شێوەیەك لە شێوەکان هێزی داهێنانی دەق دەربخات))[2]. واتابەهێزی شێوازی بەرهەمەکەی بۆ توانایی شاعیر دەگەڕێتەوە .تا چەند شاعیر توانیویتی داهێنانی ئەدەبی ئە نجام بدات.ئەوەندەبەرهەمی شێوازی بەرزە .

. د.ئەنور قادر جاف سەبارەت بە شێواز دەڵێ ((ستایڵ پێویستی بەشیکردنەوەو پێناسەی تەواو هەیە ئەمەش ئاسان نیە ،چونکە ستایل دەنگ وئاوازی خودی نوسەرە ،تایبەتە بەکەسایەتی ئەوەوە ،وەك پێکەنینی،رۆیشتنی ،دەستنوس،تەعبیری دەم وچاوی،ستایلی خودی کەسەکە کە هونەرمەندەکەیە ،هەروەها بۆ تێگەیشت لەشێواز ،شێوازی بۆ چەند چەشنێك دابەشکردوە :-

((١-بەگوێرەی قۆناغ-میتافیزیکی ،ئاوگوستیان....

٢-بە گوێرەی نوسەرەکان-ستایلی شیشرۆنی، چۆسەری ،میلتۆنی ،هەمینگوایی ....هتد.

٣-بەگوێرەی زمانەکەی –زانستی ،شیعری ،رۆژنامەوانی ...هتد

٤-یان بە گوێرەی ئاست –بەرز ،مام ناوەند،نزم بابەت وجوری نوسینەکە . ))[3]

لەمەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە هەرنوسەریك شێوازی تایبەت بەخۆی هەیە ،بە پێ جیاوازی ژانرەکانیش شیواز جیاواز دەبێت. دەتوانین بڵێن،شێواز ،ڕێڕەوی بیرێکە لەمیشکی شاعردایە ،زاڵە بەسەر هەموو بوارەکاندا.

---

١-جان کوهین ،بنیاتی زمانی شیعری،وەرگێرانی .ازاد عبدالواحید کریم،چاپخانەی ئارا بخا، چ١،کرکوك،٢٠٠٨،ل١٧

٢-- د.عبدالقادر حمە ئەمین ،بنیاتی کارنامەیی لەدەقی نوێی کوردیدا ،چاپی یەکەم ،چاپخانەی تیشك،سلێمانی ،٢٠٠٨،ل١٧٩

٣- پیتەر هالبێرگ ودانەرانی تر،تیۆری ئەدەب و شێوازناسی ،ئامادەکردن وەرگێرانی ،ئەنۆر قادر محمد،چاپی دووەم ،کتێبخانەی یادگار،سلێمانی ،٢٠١٠،ل١٧٩-١٨٠

# پێناسەکانی شێواز

پێناسەکردنی شێواز کارێکی ئاسان نییە ،چونکە لە دیدگایی جیاوازەوە سەیردەکرێت،ئەمەش بۆ تێکەڵ بوونی دەگەڕێتەوە ،لەگەڵ چەمکی زانستی زمان و زانستی ڕەوانبێژی ،هەروەها نەبوونی پێناسەیەکی دیاریکراو بۆ بەرفراوانی شێواز دەگەڕێتەوە،چونکە تەنیا لەسنوری زمان و ئەدەبدا نەماوەتەوە ،بەڵکو لەهەمو و بوارەکانی ژیاندا ڕەنگی داوەتەوە .

هەروەك (( ریمی دی گۆرۆنت وا بۆ مەسەلەی شێواز دەچێ... و دەڵێ پێناسەکردنی شێواز وەك ئەوە وایە فەردەیەك ئارد بخەینەناو موستیلەیەکی دروومانەوە ))[1].

بەلاّم لەگەڵ ئەوەیشدا شارەزایانی بواری شێوازو شێواز ناسی، چەند پێناسەیەکی شێوازیان کردوە ."شارل بالی " کەدامەزرێنەری زانستی شێوازە ((شێواز بریتیە لە ڕەگەزە ئیستاتیێکی زمانی ،لەتوانایەکاریگەری سۆزاوی لەدەرونی قسە بۆکراو جێبهێڵێت ))[2]

شێواز :-(( تەقەلای نوسەرەکەیەتی بۆ ڕازی کردنی زمان و ئاخاوتن.بەیەکسانی شێواز کۆشش و خەباتی نوسەرە بۆ خۆ گونجاندن ،لەناو پۆلی زمانەوانی ،هەموو نوسەرێك دەخوازێ ،لەڕێگای پێکهێنانی ئاخاوتنەکانی خۆیدا ،وتنەکانی خۆی دەربخات ،کاتێکیش ئەمە دەکات بە دەنگ فشارەکانی ڕابردوە نەبینراوەکەدا دەچێت،کە ئەو ڕابردووە نەبینراوە تەقەلا دەدات دەچێت ،تاخۆی بخزێنێتە نێو گشت زمانەکەوە ،کەچی لەهەمان کاتدا دەسەلاّتی قەدریانەی زمان دەخاتە لاوە،(کە پرنسیبی ئەم پێکهاتنە پێکدەهێنێت. ))[3]

هەروەها زۆرێك لەپێناسەکانی شێواز ،لەدەوری پێناسەی (بۆفۆن ) ی فەرنسی دەسوڕێتەوە ،هەروەك (( "شوپنهاور " دەڵێ(شێواز بریتیە لە ڕواڵەتەکانی فکر) ،"ماکس جوب" یش دەڵێ (جەوهەری ئادەمیزاد لەزمان و هەستیارەکەیدا خوی دەبینێتەوە ))[4].هەروەها شێوازناسان و ئەدەبیاتی عەرەبی چەند پێناسەیەکی شێوازیان کردوە "ابن خلدون" دەڵێت ((شێواز بریتیە لەو ڕێچکەیەی کە دەربڕینی تیا دەردەبڕێت ،یان ئەو قاڵبەی کە شتی تیاخاڵی دەکرێتەوە ))[5].

---

١-د. حەمەنوری عومەر کاکی،شێوازی شیعری کلاسیکی ،ل١٨

٢-سمير ابوحمدان ،البلاغية فی البلاغةالعربية،منشورا تعديدات الدولية،بيروت-باريس،١٩٩١،١ص٣٥

٣- ئازاد ئەحمەد سعید ،شێواز چیە،گ-رامان،ژ٣٨.١٩٩٩،هەولێر،ل١٥٩

٤- محەمەد ئەالویمی،چەمکی شێواز،و/لەعەرەبیەوە ،ئیدریس عەبدولا،گ،رامان،٢٠٠٨/٥/٤.ژ١٣١

٥- ابن خلدون،(المقدمة) ،دارحيات،بيروت،١٤٠٨ه،ص٥٧٠

**لەشارەزایانی بواری ئەدەب و شێواز لەئەدەبیاتی کوردی هەریەکەیان بە تێڕوانینی جیاوازەوە دەربارەی شێواز دواون،هەروەك" شێخ نوری شێخ صالح" دەڵێت ((ئوسلوب بەو تەرزی مەخسوسی بەیانییە دەڵێن کە هەر خەتیبێك یاخود هەر موحەرڕێك ئەوەی لەدەماغیایەتی ئیفادەی ئەکات ،هەموو خەتیبێك مالیکی تەرزێکی مەحسوسی بەیانە ))[1] ،وات هەرشاعیرێك خاوەنی تێروانین وبۆچوونی خۆیەتی ،شێوازی گوزارشتکردنی جیاوازە لەشاعیرێکی تر. هەروەها "عەزیز گەردی" پێی وایە(( شێوازی نوسین لەو ڕێ و شوێن و ڕەنگ و ڕوخسارەی کە نوسەر لەنوسنیدا هەیەتی . ئەویش جۆری بیرکردنەوەو هەست و نەست و سۆزو گوزارەو وشەبازی و داڕشتنی وشەو هەر شتێکی تر پەیوەندی بەنوسەرو نوسینەکەیەوە هەبێت ))[2]**

**د.حمە نوری عومەر کاکی پێی وایە (شێواز بریتییە لە ڕێگایەکی تایبەت کە نوسەر یان شاعیر بەهۆیەوە لەداڕشتنێکی تایبەت بەخۆی و زمانەکەیەوە ،بیرەکانی پێ دەردەبڕێت)[3]**

**"لەتیف هەڵمەت" پێی وایە (شێواز لەڕێچکەیەکی شیعری بۆ ڕێچکەیەکی تر دەگۆڕێت لەهۆنیارێکەوە بۆ هۆنیارێکی تر دەگۆڕێت تەنانەت ئەگەر سەر بەیەك قوتابخانەی شیعریش بن)[4]**

**هەروەك دەبینین هەریەك لەم پێناسانە لەگۆشەنیگایەکەوە لەزانستی شێواز دەڕوانێت .بۆیە تاکە پێناسەیەك بۆ شێواز نییە ، کەتوانای تەواوی هەبێت بۆ ڕازیکردنمان ،تیۆرێك نییە ، کەڕای توێژەرانی ئەم بوارە تیایدا کۆبێتەوە .چونکە شێواز سیحرێکە لەنوسینی هەمووشاعریکدا هەیەو پەیوەندی بەئەندێشەو خەیاڵ و ڕوحی نوسەرەوە هەیە**

## ***شێوازو زمان***

**وەك ئاشکرایە ، جیاوازییەکی بەرچاو هەیە لە نێوان شێوازی ئەدەبی و زمان .شێوازگەری زمانەوانی لە زمانێکی دیاریکراو دەکۆڵێتەوە ،لە سەر بنەمایەکی زمانەوانی پۆلێنیان دەکات .**

**"چارلس بالی " یەکێك لەو توێژەرانەی بایەخی بەشێوازگەری زمانەوانی داوە پێی وابووە شێوازگەری لقێکە لەزانستی زمانەوانی نەك ئەدەب،زمان ڕۆڵێکی کارایی هەیە، لەدروستبوونی شێوازدا ،چونکە شاعیر**

---

**١-شێخ نوری شێخ صالح ،ادبیات کوردی ،اسلوب جیه ، گ .ژیان ،ژ٤٠،١٩٢٤.**

**٢-عەزیز گەردی ،ڕەوانبێژی لەئەدەبی کوردیدا ،بەرگی سێیەم،سلێمانی ،١٩٧٩،ل٩**

**٣-حمەنوری عومەر کاکی ،شێواز لەشیعری کلاسیکی کوردیدا،(٢٠٠٨،ل٢٦)**

**٤-حسین کەلاری ،شێواز لە هۆنراوەکانی فەرهاد شاکەلی دا،(٢١١،ل٣٦)**

،بەهۆی زمانەوە بیرەکانی دەردەبڕێت وئەو دەربڕینەش ،دەبێتەشێوازی نوسەر. ((زمان ئامرازی تێگەیشتنە لەنێوان کەسەکان و کۆمەڵ،دیارە هەڵسوکەوتی سروشتی جیاوازی ئەوکەسانەشێوازی جۆراو جۆر دروست دەکەن ،بێ گومان ئەو شێوازە جۆراو جۆرنەش لەرێگەی بەکارهێنانی زمانی جیاواز دەبێت ))[1] لەبەرئەوە کۆمەڵگەو دەوروبەر کاریگەرییان هەیە لەسەر شێوازی شاعیر چونکە شاعیر زمانەکەی لەکومەڵەوە وەردەگرێ هەربۆیە ((شێوازی سەرکەوتوو لای نوسەر ئەوەیە کەئەو زمانەی بەکاری دەهێنێت لەکۆمەڵ دانەبڕێت، چونکە ئەم کارەی گەیاندنی پەیامێکە لەنێوان تاییەت وگشتی (نوسەر وجەماوەر).))[2] واتە لەبەر ئەوەی کۆمەڵ و دەوروبەر جیاوازە ، شێوازی جیاوازیش دەخوڵقێ "فیرس"سەبارەت بەرۆڵی دەوروبەر ، لەدروست بونی شێوازدا دەڵێت ((ژیانی مرۆڤ پێویستی بەدەوری جۆربەجۆرە ،هەریەك لەم جۆرانەش پێویستی بەشێوازی جیا جیا هەیە ،کەواتە ئیشی ئێمە ئەوەیە لەو شێوازە جیا جیا یانە بکۆڵینەوە ))[3] .شاعیران هەریەکەیان شێوازی زمانی تاییەت بەخۆی هەیە،هەندێکیان خاوەنی فەرهەنگی زمانی زۆر دەوڵەمەندو لەبن نەهاتووە، ئەم فەرهەنگەیشی جیاوازە لەفەرهەنگی رۆژانەی ،لەهەڵسوکەوتکردنی لەگەڵ کەرەستەکانی رۆژانە، دەسەڵاتێکی زۆری هەیە ،بە پێچەوانەوە لای هەندی شاعیری دیکە ئەوتواناییەی تیادا بەدی ناکرێت، چونکە ((شێواز رێگەیەکی لاسایکردنەوە نییە لەزمان))[4] واتە شێوازی زمان جیاوازە، هەر گیز لاسایکردنەوەی کتومت لەزماندا نییە ،رەنگە نوسەریك سەرسام بێت بە نوسەرێکی تر کۆمەلی شێوازی لێوەربگریت ،بەڵام هەر جیاوازیان ئەبێت .ئەم جیاوازیە لە دەقەکانیادا بەرچاو دەکەوێت ،((ئەگەر شێواز پەیوەست کەین بەدەقەوە ،ئەوا دەق بەسەرجەم پێکهاتەکانیەوە دەگرێتەوە ،بۆیە هەموو ئەوانەی لەوگۆشە نیگایەوە سەیری شێواز دەکەن هەریەکە باسی پێکهاتەیەك لە پێکهاتەی دەق دەکەن ،بەواتایەکی تر شێواز لەسەر بنەمای لایەنێکی دەق پێناسە دەکەن وباسی دەکەن بەتاییەتیش زمان ،چونکە زمان کەرەستەی سەرەکی پێکهاتەی دەقە ،لەرێگەی زمانەوە دەچنە ناوجیهانی دەق و شێواز دیاری دەکەن .هەروەها لەنێوان شێوازو دەقدا ئەڵقەیەکی دابراو هەیە شێواز ئەو بۆشاییە تەواو دەکات ))[5]بە پێی ئەم تێروانینە دەکرێت ئەڵقە زمانە وانیەکە بەم شێوەیە بێت

---

١- سەلیم رەشید ساڵح،شێواز لەکورتە چیرۆکی کوردیدا ،(٢٠٠٥)

٢- سەرچاوەی پێشوو،ل٢١

٣-.بکرعومەر،م.شێرکۆحمە ئەمین ،زارو شێوەزار،چاپی یەکەم،چاپخانەی چوارچرا،سلێمانی،٢٠٠٦،ل٣٢

٤- ئوسامە حسین رسول ،شێواز لەدەقی ئەدەبیدا،گۆفاری ئایندە ،ژمارە ٣٥،ل٦

٥-صافیە محمەد ئەحمەد ،شێوازی شیعرە کوردییەکانی پیربال محموود ،(٢٠١٤-ل٣٨)




کەواتە زمان ڕۆڵێکی گرنگی هەیە ،چی لەبواری زمانەوانیدا و چی لەبواری ئەدەبدا ،بۆیە پێویستە شاعیر زمانێکی ناسك و هەست بزوێنەر بەکاربهێنت ، تاکو بەکەمترین وشە سرنجی خوێنەرێکی زور بۆ لای خۆیدا ڕابکێشێت . هەروەك ڕولان بارت ئەڵێت ((ئەدەب جگە لەزمان شتێکی دیکە نیە )) [1] لە کۆتایدا دەتوانیین بڵێن ،شێواز بنەمایەکی سەرەکی دەربڕینە وهەروەك پێشتر باسمانکرد شێوازی نووسەرێك لەگەڵ یەکێکی دیکە جیاوازە .

-----------------------------------------------

١- سامی مهدی ،افق الحداث النمط،ط ١،بغداد،١٩٨٨،ص١٧٥

## شێوازو ئەدەب

**شارەزایانی ئەدەب و ئەوانەی لە و بوارەدا کاردەکەن گرنگیێکی زۆریان بە شێواز داوە ،هەر دەقێك یان هەر شاکارێکی ئەدەبی پێویستی بەشێوازێکی تایبەت هەیە،بەرهەم بەبی شێواز بەرهەمێکی کەم سود وناتەواو دەردەچێت .**

**شێواز پێویستیەکی گرنگی ئەدەبە ، چونکە (( ئەوەی بیری نوسەرێك لە نوسەرێکی تر جیا دەکاتەوە شێوازە ،نوسەری پێگەیشتو بەهۆی شێوازەوە ئاستی فیکری بەئاستی هونەری دەبەستێتەوە ،ئەرکی شێواز دەرخستنی بیری کۆمەڵە ))[1] هەرنوسەرێك ئەو بیرەی لەمێشکی دا یە بەهوی شێوازەوە گوزارشتی لێدەکات .باش و خرا پی بەرهەمێك بەهوی شێوازەوە دەردەکەوێت.**

**گومانی تێدا نییە ((زانستی شێواز وەك زانستێکی زمانەوانی ،زانستی شێواز وەك زانستێکی ئەدەبی هەردووکیان لەسەر یەك بنەما دامەزراون ،ئەویش بە هاوبەشی کەرەستە خاوەکانیان کەبریتییە لە( زمان ) و( ئاخاوتن ) ))[2] ئەوەی لێرەدا گرنکە، ئەوەیە دەبێ مامەڵەکردن بە شێوازی جیاواز لەگەڵ کەرەستە خاوەکان بکرێت ، لەبواری ئەدەبدا دەبێت ئەرکی ئیستاتیکی و هونەری ببینێت.هەروەك دەڵێن ((شێوازی ئەدەبی بەکارهێنانی زمانە بەشێوەك کەلەدەرەوەی بابەتە ئەدەبی و بەرهەمە شیعریەکاندا بەوشێوەیە بەکارنەبرێت ))[3] یان دەڵێن (( ئەدەب نواندنی هونەرە ،لەئاخاوتندا نوسراو بێت یان زارەکی بەزیاتر لە شێوازێك ،بۆیە یەکێك لە رەگەزە بەرهەمهێنەرەکانی ئەدەب شێوازە ))[4] .واتە شێوازگەری لەشێوازە ناباوەکانی دەقێکی زارەکی یان نوسرا دەکۆڵێتەوە .**

**ئەدەب هەر زمانی ئاسایی رۆژانەیە، بەلام گرنگ ئەوەیە نوسەر بەچ شێوازێك گوزارشت لەبیرەکانی ناخی دەکات ،شێواز بە پێی بیرەکانی ناخی نوسەر دەگۆرێت .شێوازەکەیشی بریتیە لە هەست وسۆزی ئەندێشەی نوسەرەکە .لەشێوازی نوسینەکەی دەردەکەوێت. (( هەروەها شێوەی نوسین دەگۆرێت بە پیٚ نوسەر ورستە کاری و وشەو ئاوازە وە،هەروەها هەندێ جاردەکرێت لەشێوەی دەنگدا لەکاتی خوێندنەوە دادیاری بکرێت ، دەتوانین بە پێی شێواز ی نوسینی رستەکان نوسەرەکان لەیەکترجیابکەینەوە،**

---

**١-سەلیم رەشید صالح ،شێوا زلەکورتە جیرۆکی کوردیدا ،( ٢٠٠٥،ل٦٠ ) .**

**٢-د.فوئاد رەشید،دەقی ئەدەبی ،ئەدگار ،چێژ،بەها،( ٢٠٠٧،ل٤٣ ).**

**٣-د، حمەنور عومەر کاکی ،شێواز لەشیعری کلاسیکی کوردیدا ،( ٢٠٠٨،ل٣١ ).**

**٤-د .ئیدریس عەبدولاٌ،شێوازو شێوازگەری ،( ٢٠١١،٢٠١٠،ل١٧ )**

**بە شێوەیەکی گشتی شێواز چوارجۆری هەیە :-**

١-شێوازی گفتوگۆ یان ڕاڤەیی(*exposit ory or argumentative style*):-لەم شێوە نوسینەدا نوسەر بایەخ دەدات، بەشێوەی کەسی یان بابەتی لەکۆتایی نوسینەکەیدا نوسەر ڕای خۆی بۆخۆێنەر دەردەبڕێت .

٢-شێوازی وەسفی (*descriptire style*) :-لەم شێوازە دا، نوسەر هەڵدەستێ بەهەڵبژاردنی شوێنێك یان ڕووداوێك یان کەسایەتییەك زانیاری دەدات لەبارەیەوە لەگەڵ ئەوەشدا وەسفی هەڵبژێردراوەکە دەکات .

٣-شێوازی قایلکەر –رازی کردن (*persuasive style*):-جۆرێکە لەجۆرەکانی نوسین ،لێرەدا نوسەر هەوڵدەدات بە پێشاندانی هۆکارو دروستی شتەکان تاکو کارێکی والە خوێنەر بکات سەرنجی بۆلای خوی ڕابکێشێت .

٤-شێوازی گێڕانەوە (*narrative style*) :-وەك شێوازی گێڕانەوەی کورتە چیرۆك ،رۆمان یان شیعر ئەم شێوازە جۆرێکە لەشێوازی نوسین لەزمانی نوسیندا. ))[١]

بەشێوەیەکی گشتی ئەرکی شێواز زور گرنگە لەکاتی نوسیندا ،چونکە کاریگەری تەواولەسەر خوێنەر دروست دەکات ،لەهەمان کاتدا رۆلی نوسەر زۆر گرنگە ،لەکاتی هەڵبژاردنی وشە یان دەنگ یان بیر یان پێکهاتەی رستەدا ،هەموئەمانە کاریگەری تەواویان لەسەر جیاکردنەوەی شێوازی نوسەر هەیە .

---

١- *Literay devies (2014)style definition and examples of style online . availabletl ·http;//literaydevices·nxt/style/{accessed 9jan·2016}*

لەلێکۆڵینەوەی شێوازگەریدا چەند قوتابخانە و ڕێچکەیەکی شێوازگەری هەیە ،هەرنوسەرێك گرنگی بە یەکێکیان دەدات ،بەپێویستمان زانی هەندی لەو قوتابخانە ناودارانە ، کە ڕۆڵیان هەبووە لەلێکۆڵینەوە ی شێوازگەریدا بخەینە روو ،بەشێوەیەکی گشتی قوتابخانە شێوازگەراییەکان پێك دێت لە :-

١-شێوازگەری دەربڕین ،(قوتابخانەی فەرەنسی ،قوتابخانەی بالی )

٢-شێوازگەری نموونەی (کەسی یان تاك ) ،(شێوازگەری لیوشپیتزەر)

٣-شێوازگەری ئەرکی یان،بونیاد گەری

٤-شێوازگەری ئاماری

٥-شێوازگەری لە گۆشەی (نوسەر ،دەق،خوێنەر(وەرگر) )ەوە

١-شێوازگەریی (دەربڕین ،قوتابخانەی فەرەنسی ،قوتابخانەی بالی )

ئەم قوتابخانەیە لەلایەن (چارلس بالی ) (١٨٦٥،١٩٤٧) بنەماو چەمکەکەی دیاریکردوە ،بالی و ئەوانەی سەربەم قوتابخانەن ، زیاتر گرنگیان بەزانستی زمانەوانی داوە . واتە شێوازگەری لای ئەم قوتابخانە دیاریکردنی وزەی شاراوە وگوزارشتی زمانە لای تاك ،بابەتی شێوازگەریش لێکۆڵینەوەیە لەبەها سۆزداریەکانی زمان .

بێگومان هەر قوتابخانەو ڕێچکەیەکی ئەدەبی بۆچوون وتێڕوانی جیاوازی هەیە ،"بالی" دامەزرێنەری ئەم قوتابخانەیە دەیەوێت ((لەلیکۆڵنەوەی زمانە جەخت لەسەر زمانێك بکات ، کەدووربێت لەزمانی ئەدەبییەوە ،چونکە زمانی ئەدەبی هەوڵ و کۆششێکی خودییە ونوسەر بەمەبەستی جوانی و ئیستاتیکا ئەو گۆڕانکاریانەبەسەر زمانەکەدا دەهێنێت ،واتە بالی دەیەوێت لەڕێگەی شێوازی زمانەوە هەستەکانی بدوزێتەوە هەرلەبەر ئەمەشە شێوازگەری بالی بریتییە لە دەربڕین ،یان شێوازگەری زمان ))[١]

واتا "بالی" گرنگی بەناوەروکی ویژدانی و سۆزداری زمان دەدات و لایەنی جوانکاریی و ئیستاتیکی فەرامۆشکردوە . "بالی "پیێ وایە کە ((شێوازی گوزارشت کردن ئەوە زانستەیە ، کەلە ناوەروکە هەستیە کانی گوزارشتی زمانەوانی دەکۆڵێتەوە ،واتە گوزارشتکردنە لەواقعی هەست و سۆزی مرۆڤ لەمیانەی زمانەوانیەوە ،

---

١-د. حمە نوری عومەر کاکی ،شێوازی شیعری نوێی کوردی ،(٢٠١٢،ل٣٤)

دیسان لەمیانەی هەست وسۆزیشەوە گوزارشت لە واقعی زمان دەکرێت )) [1] واتە شێوازگەری لقێکە لەزانستی زمان نەک ئەدەب ،بالی لەزانستی شێوازگەریدا بەدوایی ڕێسا تایبەتیەکانی زماندا ،دەگەڕێت نەک ئەدەب، کەواتە ئەم قوتابخانەیە لە چوار چێوەی زمان ،نەدەچووە دەرەوە وەسفێکی پەتی بوو ."بالی "وای دەبینی کە زمانی ئەدەب جیاوازە لەڕەگەزەکانی زانستی شێواز .هەروەها ئەم قوتابخانەیە بۆ نوسەران وتوێژەران بۆماوەیەك سەرجاوەیەکی باش بوو ،هەریەکەیان بۆ ماوەیەکی باش سودیان لێوەردەگرت ،بەلاَم هەر زوو لەلایەن نوسەران و توێژەرانەوە بەرپەرچ درایەوە و خرایە بەر ڕەخنە گرتن ، پاشان وردە وردە قوتابخانەی شێوازگەری ئەلمانی یان (لیوشپیتزەر) هاتە ئاراوە .

٢- شێوازگەری تاك (کەسی ) :-

ئەم قوتابخانەیە دوای قوتابخانەی (دەربڕین ) دەرکەوت لەبواری ئەدەبدا، توانی شوێن خۆی بکاتەوە.ئەم قوتابخانەیە(( (کارل فۆسلەر *Karl Vlossler*)،لیوشپیتزەر *Llo Spitzer* ) پەیڕەو کەرانیان دەگرێتەوە ،ئەم قوتابخانەیە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی دروست بوو،تا دەورێکی کاریگەر ببینێت ،لە چەسپاندنی چەمکەکانی زمانەوانی لە ئەدەبدا )) [2]

شێوازگەری تاك لەتوێژینەوەو لێکۆلینەوەکانی گرنگی پێدراو ،خاوەنی تێڕوانین و بۆچونی تایبەتی بوو هەروەها ئەم شێوازگەریە(( بە چەمکی (بەدواداچون) یش ناوی دێت ،چونکە گشت ڕێسا وبنەماکانی ئەم ڕێبازە چ تیۆری ،چ مەشقکاری لەناو بۆتەی شیکردنەوە دا نقووم بوون ،وە قوتابخانەی "بالی"یش دەکاتە کۆلکەی پشت بەستن )) [3] چونکە هەردوکیان لەناو چوارچێوەی زمان تێکست شی دەکەنەوە ،جا لەبەرئەوەی ئەدەب بریتییە لەزمان وگوزارشتی زمانەوانی ،بۆیە زمانی شاکارە ئەدەبیەکان گرنگن بۆ تێگەیشتن لەرۆحی میللەت .

زمانی تیکستی ئەدەبی جیاوازە لەزمانی رۆژانە هەربۆیە (شپیتزەر )(( لادانی کردە بناغەو پێوەر بۆدەست نیشانکردنی تایبە تمەندی شێواز،کە ئەمە هەروها دەبێتە هۆیەك بۆخەملاندنی قوڵی وچری شێوازەکان و پلەی سەرکەوتنیان ،چونکە هەموو شێوازێك نیە ،شتێکی نوێ پێشکەش نەکات )) [4]

---

١--د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەدە ،فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆفایەتییەکان،(٢٠١٥،ل٣١٣

٢- پەخشان عەلی ئەحمەد،شێوازی شیعری گۆران ،(٢٠٠٩،ل٣٥ )

٣-ئازاد ئەحمەد محمود،بونیادی زمان لەشیعری هاوجەرغی کوردیدا،چاپخانەی حاجی هاشم ،هەولێر،(٢٠٠٩،ل١٢٦)

٤- د. ئیدریس عەبدولا،شێوازو شێواز گەری،(٣٠٠١١،ل٣٢)

واتا ئەو دەقانەی لادانی تێدایە زیاتر جێگەی بایەخن وشێوازیان ناوازەیە، هەر ئەو دەقانەش دەتوانن سەرنجی خوێنەر بۆلای خۆی رابکێشێت ،چونکە وێنەیەکی جیاواز ونوێ بە وشەو دەربڕینەکانی زمان دەبەخشێت .

٣- قوتابخانەی ئاماری ( شێوازگەری ئاماری ) :-

شێوازگەری ئاماری بەرەو بەزانستیکردنی ئەدەبیات هەنگاوی ناوە،جۆرێکە لەلێکۆڵینەوەی شێوازگەری زۆرتر لەخزمەت زانستەکان تردا بەکاردێت ،هەربۆیە هەمیشە جێگەی مشتومڕ بووە، لەلایەن شێواز ناسانەوە هەندێکیان لەگەڵ ئەوەدانین ، ئەدەب بخرێتە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوە شێوازگەری ئامارییەوە ،بەبەڵگەی ئەوە کە ئەدەب پەیوەستە بەهەست و سۆزی مرۆڤەوە واتا زیاتر خودییە،هەست وسوزی مرۆڤیش هەمیشە لە گۆڕاندایە ،بەڵام زانستی ئاماری زانستێکی وشك وجێگیرە ،هەندێکی تریان بۆچونی جیاوازیان هەیە، دەکری سوود لە شێوازگەری ئامار وەر بگیرێت (( بۆ جیاکردنەوەی شێوازەکان ،ئەگەر سەردەمی و هاوچەرخی بوون ،پێی دەگوترێت تویژینەوەی هەنوکی ،ئیستایی (سینکرونی ) وئەگەر تۆێژینەوەی گەشەی مێژویی بوو پێی دەگوترێت مێژویە( دیاکرۆنی ) ،لەلایەکی ترەوە لەڕێگەی شێوازگەریی ئامارییەوە دەتوانرێت ئەو تێکستانەی کە خاوەنەکانیان نادیارن ،یان گومان لەنوسەرەکانیان هەبێت ساغ بکرێتەوە و خاوەنە راستەقینەکانیان دیاری بکرێت ))[١]

واتە ئەوجۆرە شێوازگەریە (( هەوڵئەدات لەڕێگەی ئامارەوە لێکۆڵینەوەی ورد ئە نجام بدات . ))[٢]

شایەنی باسکردنە ئیستا زانستی ئامار زۆربەی لایەنەکانی ژیانی گرتوەتەوە ،ئەمەش بۆ بەرەو پێشچونی ئامێرە تەکنۆلجیەکان دەگەڕێتەوە .

یەکێ لەو هاوکێشەگرنگانەی لەبواری شێوازگەری ئاماردا بەکاردێت ،هاوکێشەی ((بوزیمان *A·Buseman* ) لە ساڵی (١٩٢٥ )کەیەکەم کەس بووە لێکۆڵینەوەی لەسەر دەقی ئەڵمانی ئە نجام داوە .ئەم هاوکێشیە لەسەر دیاریکردن (("گوزارشتکردن بە رووداو *Ative Aspet* " "گوزارشتکرن بەوەسف *Qualitative Aspect*" دەوەستێ ))

---

١-د.حمە نوری عومەر کاکی ، شێوازی شیعری نوێی کوردی ،( ،٢٠١٢ل٤٣-٤٤ )

٢-هیمداد حسین بکر ومحمد عبدالکریم ابراهیم ، پێکهاتەی زمانی شیعری لەروانگەی شێوازگەرییەوە بە نمونەی شیعری هەیشتاکانی هەولێر،گۆڤاری ئەکادیمی ،ژمارە ١٤ ،چاپخانەی حاجی هاشم ،هەولێر، ،٢٠١٠ل١٩

**بۆ جیاکردنەوەی دەقی ئەدەبی لەمیانەی ئەم هاوکێشە :-**

**ڕێژە ڕووداو**

**وەسف**

**بەڵام زانای ئەڵمانی (ڤ.نیوباوەر *V·neubawer* ) بە بەکارهێنانی ژمارەی کار لەجیاتی ڕووداو وئاوەڵناو لەجیاتی وەسف ئەم هاوکێشەی فراوانتر کرد ))[1] :-**

**ڕێژەی کار بۆ ئاوەڵناو = ژمارەی کار**

**ژمارەی ئاوەڵناو**

**ئەم هاوکێشە بریتیە لە : ١- واتائەو وشەو ڕستانە دەگرێتەوە کەگوزارشت لە کاردەکەن.**

**٢ - ئەو وشە و ڕستانە کەبەشێوەیەکی ئاشکرا وەسفی شتێکی دیاریکراو دەکات .لە پاشان دابەشکردنی هەریەك لەم ڕێژانە، زور کەمی لایەنێکی شێوازی تاییەتی نوسەرمان بۆ دەردەکەوێت . کەواتە (( ئەو سیما زمانەوانیەی کاتێك بەشێوەیەکی بەرفراوان دووبارە دەبێتەوە ئەوە بەوشێوەیە واتاکەی تەواو دەکات و ،دەبێتە تاییە تمەندێکی شێوازگەری بە شێوەیەکی چڕ لەدەقە ئەدەبییەکاندا بەدیاردەکەوێت و دابەش دەبێت بە شێوەیەکی جیاواز کەبەهۆیەوە دەتوانرێت شێوازی نوسەرەکە دیاری بکرێت.))[2] واتە شێوازگەری ئاماری ،هۆکارێکە بوناساندنی شێوازی نوسەر لای خوێنەر .**

**٤- شێوازگەری بونیاد گەری ( ئەرکی ) :-**

**قوتابخانەیەکی شێوازگەرییە ، لەسەر دەستی "ڕۆمان یاکوبسون *Roman Jackbson* " دروست بوو بەلای ئەم قوتابخانەیەوە،((سەرچاوەی راستەقینەی دیاردەی شێوازگەری تەنیا لەزمان و جۆرەکەیدا نییە ، بەڵکو لە وەزیفەو پەیوەندیە کانیدایە ،بۆیە ناتوانین پێناسەی شێوازگەری لەدەرەوەی گوتاری زمانەوانی بکەین ،وەك وەسفێك کەتەنهانامەیە ،هەروەها پێشی دەڵێن میتۆدی بونیادگەری ( دی سۆسێر )**

---

١- پەخشان عەلی ئەحمەد ،شێوازی شیعری گوران ،(٢٠٠٩،ل٣٨).

٢--ژوان عبدالسلام عەزیز گەردی ، شێواز لە شیعرەکانی کامەران موکری ،ل٤٢،هەروەها بڕوانە،د.حمەنوری عومەر کاکی،شێوازی شیعری نوێی کورد ،ل٤٥

،یەکێکە لەڕابەرانی ئەم قوتابخانەیە ، پێ وایە دەرکەوتنی دیاردەی شێوازگەری بێجگە لە زمان و جۆرەکانی ،لە وەزیفەو جۆری پەیوەندیەکانیدایە ))[1]

واتە شێوازگەری بونیادگەری پشت بە وەزیفەی پەیوەندی کردن دەبەستێت ،هەروەها "یاکوبسون"(( شێوازگەری دەکاتە بەرنامەو لێکۆڵینەوەکانی پێی ساغ دەکاتەوە ،هەر لەڕێگای ئەم دیاردەوە جیاوازی نێوان دەربڕینی هونەری وهەمووڵایەنەکانی دیکەی وتاردا دەست نیشان دەکرێت ،بەکورتی شێوازگەری لای "یاکوبسون " باسکردنە لەتێکستی ئەدەبی ،بە پێ ئەو ڕێگایانەی ، کەزمانناسی دیاری کردوون ))،[2]

بێگومان ئەم پرۆگرامە لەسەر سێ رەگەز سەرچاوە دەگری ،(( بریتین لە : (شێوە ،ئەرك ،سیاق ) ئەوەش چەمکێکی سێ ڕەهەندیە بۆئەو زمانەی لەسەر بنەمای شیکاری دەقی ئەدەبی دەکرێت ))[3]دەبێت دەقێکی ئەدەبی پشت بەم سێ ڕەهەندە ببەستی و پەیوەندی لە نێوانیان هەبێت بەکورتی پوختەی تیۆرەکە ی "یاکوبسون" ئەوەیە کەدەڵێ پەیوەندی زمان لەڕێگەی شەش ڕەگەزەوە بەرهەم دێت ،هەر رەگەزێك لە و شەش رەگەزە ئەرکێکی زمانی بەرهەمدەهێنی .

ئەو شەش رەگەزەی زمانیش بریتین لە :(نێرەر"نوسەر " ،وەرگر، پەیوەندی ،ڕەمز، پەیام ،بابەت ) بۆ زیاتر ڕونکردنەوەی ئەم شەش ئەرکەی زمان بڕوانە ئەم هێڵکارییە :-

---

١-د.ئازاد ئەحمەد محمود، بونیادی زمان لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا ،ل١٢٨

٢- د.ئیدریس عەبدوڵا، شێوازو شێوازگەری ،ل٣٧

٣-سەرچاوەی پێشوو

سیاق

*Denotative*

----------------

ئەركی سەرجاوەیی

*Refrential*

نێرەر *addresser* | پەیام/نامە *message* | وەرگر/گوێگر *listener*

ئەركی هەڵچوون *emoteive* | ئەركی هاندەری *f·conativ*

ئەركی شیعری *literay*

پەیوەندی *contact*

-----------------

ئەركی هاودڵی *f·phatiue*

كۆد *code*

-------------

ئەركی میتازمان *Meta linguisti* [1]

**واتە ئەرك و سروشتی ئەدەب پەیوەندییان بەیەكەوە هەیە ،هەرشەش ڕەگەزەكە ،بەكردەی پەیوەندی كردن ئە نجام دەدریت ،سەرجەم ئەم ئەركانە لەدەقی ئەدەبیدا پێویستن بۆ بەردەوامی كردەی پەیوەندی كردن ،لەزمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەیشدا ئەم ئەركانە كاریگەرییان هەیە.**

---

١-د.عبدالقادر حمە ئەمین محمد،بنیاتی كارنامەی لەدەقی نوێ كوردیدا .(ل٢١)،هەروەها بروانە ،د. عەلی تاهیر حسین ،رەخنەی بونیادگەری لەتیۆرییەوە بە پراكتیزە كردن ،(ل٦٣،٦١ ) و د.عبدلخالق یەعقوبی ،دەنگی بلورینی دەق ،ل١٩-٢٠

## ٥- شێوازگەری لەگۆشەی ( نوسەر ،دەق،وەرگر ) ەوە :-

زۆرێك لە ڕەخنە گران وشارەزایانی بواری شێوازگەری پێیان وایە گشت پێناسەكانی شێواز و شێوازگەری هەڵقولاوی سێ ڕەهەندی سەرەكین كە بریتین لە :( نوسەر ،دەق ،خوێنەر ) ئەم سێ ڕەگەزەیان بە تەوەرێكی گرنگ بۆ توێژینەوە و لێكۆڵینەوە داناوە،هەریەكەیان بەشێوەیەكی جیاواز پشتی پێ دەبەستێت،هەندێ لەتوێژەران لە گۆشەنیگای (نوسەر "نێرەر")ەوە كاری شێوازگەری دەكەن وهەندێكان( خوێنەر "وەرگر" ) دەكاتە بنەمای توێژینەوەكانیان بەتایبەتی "ڕیفاتێر" جەخت لەسەر خوێنەر دەكات بەشێوەیەك خوێنەر لە دەق دەگات ،ڕاڤەی دەكات و ڕۆڵی نوسەر پشتگوێ دەخات ولە پانتایی دەقدا لەشێوازی تێكست و نوسەرەكەی دەكۆڵێتەوە ،لەخوارەوە باس لەهەریەك لەو ڕەگەزانە دەكەین :-

### ١-شێواز لەگۆشەی نوسەرەوە

هەر نوسەرێك وەك مرۆڤێكی ئاسایی شێوازێكی تایبەتی خۆی هەیە ،ئەو شێوازە گوزارشت لە ناخی نوسەر و پێكهاتەی نوسەر دەكات ،لەم لایەنەوە دەق بە نوسەرەوە دەبەستێتەوە ، دیوە شارەوەكانی و هەست و سوزی نوسەر دەردەبرێت.

هەروەك ( مارسیل برۆست ) دەڵێت (( شێواز ڕازاندنەوە و چنین نییە ،هەروەها تەكنیكیش نییە ،بەڵكو وەك ڕەنگە لە ناو وێنەدا تاییە تمەندی بینینە ، كە جیهانەكەی خوی ئاشكرا دەكات ،هەریەك لە ئێمە ئەو خاسێتە بەجۆرێك دەبینین ))[1]واتە شێواز وەك ڕەنگ وایە، هەر نوسەریك خاوەنی شێوازی تاییەتی خۆیەتی ،ئەو شێوازەی نوسەر هەرخوێنەرێ بەجۆرێك دەیبینی .هەرنوسەرێك بەشێوازێك گوزارشت لەهەست و سوزو بیرەكانی ناخی خۆی دەكات ،دەقەكانی ڕەنگدانەوەی بارودۆخ و كەسایەتی نوسەرە ،هەروەك ( فردیك دۆلفەر) ئەڵێت (( هەر هونەرمەندێكی گەورە پە نجە مۆرە تاییەتییەكەی لەسەر ئەوشتە بەجێی دەهێڵێت كەدەینوسێت،چونكە هەر شتێك كەبگو نجی لەگەڵ بەهرەمەندی كەسایەتییەكەی پوختی دەكاتەوە ))[2] واتە دەق دەبێتە ناسنامەی شاعیر ، هە ندی لایەنە نادیارەكانی ژیانی نوسەرمان بۆ دەردەخات ،هەروەها دەكرێت لەم شێوازەوە فەرهەنگی شاعیر بناسینەوە . لەشێواز لەڕووی نوسەرەوە پەیوەندی نوسەرو دەق و دەدۆزینەوە ،بۆ ئەوەی بزانین تا چەند ئەو پەیوەندیە نیوان نوسەر و دەق تۆكمە و نەبڕاوەیە .هەروەها ئەم شێوازە لەڕووی مێژووییەوە،كۆنترین جۆری شێوازە .

---

١-د.صلاح فضل،علم الاسلوب(مبادئة واجراهاتة) ،دار الا فاق الجديدة، ط ١،بيروت ، ل٨٥ ، ١٩٨٥

٢- پەخشان عەلی ئەحمەد،شێوازی شیعری گۆران ،ل٢٣

## ٢- شێوازی لەگۆشەیی دەقەوە

دەق ئەوناوەندەیە، کاری خوێندنەوە ولێکۆڵینەوەی لەسەر ئەنجام ئەدرێت ، ماناو هێما بۆکراوەکان لە چوارچێوە ی دەقدا ئاشکرا دەکرێن.

تێڕوانین و پێناسەکردنی شێواز لەسەر بنەمای دەق دەگەڕێتەوە بۆ دوای نوێکردنەوەی زمانەوانی و هاتنە کایەوەی تیۆرە زمانەوانیەکەی" فەردیناد دی سۆسیر " کە جەختیان لەسەر بەکارهێنانی سیستەمی دولایەنەی زمان دەکردەوە کە پێك دێت لە : (( یەکەم : زمان : ئەمەش جێگیرو مەبەست پێش بەکار هێنانێتی ،یاسا و بنەما سەرەکیەکانی زمان دەگرێتەوە .

دووەم : ئاخاوتن: زمان لە بارۆدخی بەکارهینانیی دا،ئەمەش دابەش دەبێت سەر دوو بەش

١-ئاخاوتنی ئاسایی ئەمەش قسەو گفتۆکردنی راستەوخۆی ڕۆژانە دەگرێتەوە .

٢-ئاخاوتنی ئەدەبی ،ئەو زمانە دەگرێتەوە کە نوسەر بەکاری دەهێنی، بۆ گوزارشت کردن لە هەست و سۆز وبیرەکانی زمانێك کاریگەری لەسەر بەرامبەر هەیە ))[١] شێواز بەدەقەوە بەستراوەتەوە واتا لە سەربنەمای دەق لە شێواز دەکۆڵنەوە ،زمانیش بەرهەمهینەری دەقە ،هەربۆیە دەڵێن(( شیعرکارکردنی جوان ناسانەی زمانە ، یان دەڵێن :هێرشێکی گەلاّدار و وشیارە بۆسەر زمانی ڕۆژانە ))[٢] پێویستە نوسەر هەمیشە هەوڵی نوێبوونی شێوازی خوی بدات ، ئەویش لەریگەی زمانە وە دەبێت ، بە هێنانی وشەی نویّ و وشەی کۆن سواوەکان فرێبدات . یان بەشێوازێکی نوێوە بەکاری بهێنێت .یان وەك ئەو قسەی ( رومان یاکوبسون )، زماناناس و نوسەری روسی ( ١٩٨٦، ١٨٩٦ ) ئەو کاتەی لە دەلاقەی زمانەوە دەیڕوانیە دنیای شیعر ،یاکۆبسون دەڵیّ: دەق دوو دەسەن :

(( دەستەی یەکەم پەیام مانای تاییەت لەرێگای زمانێکی ساکارو بیّ گریّ و گۆڵەوە دەردەبرن ،بۆ ئەم جۆرە دەقانە پێویست ناکات. چاوی سەرنجمان ببڕ ینە زمانەکە ،زمان وەك ئاوێکی زولاّڵ وایە ئەوەی لەبنی دایە دەبینرێت ،دەقی زانستی دەکەوێتە ڕیزی ئەم دەستەوە .

دەستەی دووەم :- پەیام وابەستەی شێوە و دەربڕینە لەم دەستە پێچ وپەنا و ڕازو ڕەمزی زمان بەلایەنی باشی دەق دێتە ئەژمار ئەم دەقانە زمانێکی زیندوییان هەیە ))[٣] واتە دەستەی یەکەم زمانێکی.

---

١- صافیە محمد ئەحمەد،شێوازی شیعرە کوردییەکانی پیربال محمود،ل٣٧

٢-عبداخالق یەعقوبی ،دەنگی بلورینی دەق ،،ل١٣٧

٣-سەرجاوەی پێشوو

سادەو ساکارە نزیکە لەزمانی ئاسایی رۆژانە ،بەڵام دەستەی دووەم زمانێکی ئاڵۆزەو پێویستی بەخوێنەرێکی رۆشنبیر و لێهاتوو هەیە. تاکو لایەنە شاراوەکانی دەق دەربخات . واتە ئەم شێوازە لادانە لەزمانی باو.

## ٣-شێواز لە ڕوانگەی خوێنەرەوە

هەمووو دەقێك كە دەنوسرێت پێویستی بەخوێنەرە ،دەق کە خوێنەری نەبێت بەدەقێکی مردوو دادەنرێت .((نوسەر کاتێك دەنوسێت دەربڕین و گوزارشت لە خودی خۆی دەکات ،بەڵام بۆ خۆی نانوسێت،بەڵکو بۆکەسانی تر دەنوسێت ،کە ئەوانیش وەرگر و خوێنەرن ،لە پرۆسەی گەیاندن و پەیوەندی کردندا وەرگر (خوێنەر ) رەهەندی سێیەمە ))[١] شێواز ڕۆڵی گرنگی هەیە لەسەر خوێنەر ئە و کاریگەرەیەش لەڕێگەی خوێندنەوە و سەرنجدانەوە دەردەکەوێت ،چونکە ((دەق لەلایەن خوینەرەوە دەخوێنرێتەوە ،دەق بەبێ خوێنەر هیچ بەهایەکی نییە ، دەلالەتی دەق لەلایەن خوینەروە دەست نیشان دەکرێت ))[٢]هەروەها پێویستە شێوازی نوسینەکە بەشێوەیەك بێت ،سەرنجی خوینەر رابکێشێت . پەیوەندی دروست بکات لەگەل دڵی خوێنەر ،تاکو بەدڵ خوشی نوسەرەکە خوێنەریش دڵ خۆش بێت ،لەم قوتا بخانە زیاتر گرنگی بەخوینەر دەدرێت ،خوێنەر کەناڵێکی پەیوەندیە و دەبێت خوێنەرێکی نموونەی بێت ئاسۆی پێشبینی لەگەڵ پێشبینی دەقە وەك یەك بێت ،تاکو بەئاسانی بتوانێت بۆشایەکانی دەق و مانانەوتراوەکانی دەق ئاشکرابکات و لادانەکان بدۆزێتەوە .هەر لەبەر ئەمە ڕەخنە گران چوار جۆر خوێنەریان دیاری کردووە :-

یەکەم – خوێنەری نموونەیی بۆخوێندنەوە و شێواز گەرییەکان ،کە ڕەخنەگر"ڕیفاتیری" کاری لەسەرکردوە ئەو خوێنەرەش کار لەسەر ئەم جۆرە دەکات ، پێویستە لە ڕژێم و سیستەمی زمان زۆر شارەزا بێت فەرهەنگی شیعرییەی و توانایی جودا کردنەوەی زمانی شیعری و زمانی تێکڕا یی خەڵکی هەبێ.

دووەم-خوێنەری شارەزا :ئەم جۆرەش ماناو ناوەڕۆکەکان فراوان دەکات . بۆ هەر نیشانەو هێماو هایکۆیەك چەندان ئەگەرو گریمانە دەخاتە ڕوو .

سێیەم –خوێنەری مەبەستێتی –ئەم جۆرە خوێنەرە لە پێناو بەر جەستەکردنی دەق وماناکانی ،کەسێتی خۆی لە خاوەن دەقدا دەتوێنێتەوە بەمەش خوێنەر دەبێتە خاوەن دەسەلآت و کەسێتی سەرەکی دەق .

---

١- د. حمە نوری عەمەر کاکی ،شێوازی شیعری نوێی کوردی ،ل٥٦

٢-هاشم سەراج،دەق و وەرگر ولەدا یك بوونی خوێنەر ،گ،رامان ،ژ،١٨٩،ل١٤٠، ٢٠١٣/٢/٥

چوارەم – خوێنەری شاراوە:ئەم جۆرە کە (( "ئیمبرتۆ ئیکۆ " کاری لەسەر کردوە ،کاری پڕ کردنەوەی بۆشاییەکانی لە سەرە ،لێریشەوە ئەم خوێنەرە دەبێت خودێکی بکەری ئەکتیڤ و تەواو ڕۆڵی خودی

بکەری بەرهەم هێنەر دەبینێت . )) (١) ،نوسەران و رەخنە گرانی سەدەی بیستەم وەك ( ڤالێری و بیرجیر و ) بەم رێچکەیە گاریگەر بوون ،هەر بۆیە ڤالێری سەبارەت بەدەق و خوێنەر ئەڵی(( دەبێت شیعر لە دەرونی خوێنەردا ،شیعرێت فەراهەم بکات بەمانایی تۆکمەکرنی شێوازی زاتی ،کەتێیدا هەستی ورووژاندن لەو بابەتانە بخولقێنێ،کەشاعیردەیەوێت . )) (٢) واتا شیعربەبێ درککردنی خوێنەر نابێت .هەروەها سەبارت بەگرنگی خوێنەر، هەندێ لە شارەزایان بۆ لێکۆلینەوە لەدەقێك خوێنەر بەتەوەری سەرەکی دادەنێن .هەروەك رۆلان بارت دەڵێ (( زمان لە ئەدەبدا خوی قسە دەکات نەوەك دانەر )) (٣)

واتە دەقی ئەدەبی لەژیانی وژینگەو دەوروبەری نوسەر دابرێت .بەجیا لێکۆلینەوەی لەسەر بکرێت و پشت بە خوێنەرببەستێ.و خوێنەر مانای دەق بخولقێنێ .

---

١-د.زاهیر لتیف کریم ، د.نیان نەوشیروان فوئاد،میتا –واتا، گ،رامان ،ژ٢٢٣ ،ل٥٩-٦٠ ،٢٠١٥/١٢/٥

٢-د ئازاد عبدالواحید کەریم،تیۆری ئەدەب،چاپخانەی ئاراپخا ، چاپی یەکەم ،کەرکوك ،٢٠٠٧،ل٩٣

٣-سەرچاوەی پێشوو ،ل٧

له ڕوانگەی ئەدەبیاتی جیهانیەوە ئاشکرایە ،دوای ئەو بزوتنەوە ئەدەبی وسیاسی ورۆشنبیری و کۆمەڵایەتیە ،گوڕانکاریەکی زۆر لەبوارە جیاجیاکانی ژیاندا هاتە ئاراوە ،یاساو دەستور وبنەمای نویٚ بۆ هەموو شتێك دانرا.

لەبوارە ئەدەبیەکەدا ڕێبازێکی ئەدەبی نویٚ هاتە ئاراوە کە ڕەنگدانەوەی بارو دۆخە نوێکە بوو، دوایی شۆڕشی ئەوروپا، چەند دەستورو بنەمایەکی نویٚ بو ئەدەب دانرا، پەیوەندیەکی لەنێوان ئەدەب و ئەوەی پەیوەندی بەئەدەبەوە هەیە دروست بوو،بەرهەمەی نویٚ دژە کلاسیك هاتە ئاراوە ئامانجیان بەرزکردنەوەی دروشمی ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری بوو،ئەم ئامانجە بەهەر شێوەیەك بووبێت گەیشتە ولاتانی ڕۆژهەلات،کوردیش وەك میللەتێکی ڕۆژهەلات بۆ نوێکردنەوەی ئەدەبەکەی سودی لەم بارودۆخە وەرگرت .

بۆیە گۆڕانی فاکتەرە کومەلایەتی و سیاسیەکانی قوناغەکە، هۆکارە ئەدەبی و ڕوناکبیری کەلتوری قوناغی ئەدەبی کلاسیکی،زەمینەیەکی لەباریان خۆشکرد،بۆ کۆتا پێهێنان بەڕێبازی کلاسیکی و قۆناغی شیعری نوێی کوردی سەری هەلدا .

بە هۆی ئەو گۆڕانکاریانەی کەبەسەر ژیانی کۆمەلگا دێت،تێڕوانینەکانی نوسەریش گۆڕانکاری بەخۆوە بینی ،چونکە ژیان سەرچاوەی ئەدەبیاتە ،ژیانیش هەمیشە لە گۆڕاندایە ،ئەدەبیش هەنگاو بەهەنگاو لەگەڵ ژیان دەگۆڕێت ، بەرگی نویٚ دەپۆشیٚ. هەروەك "ڕەفیق حلمی" دەڵی ((ئەمزانی کە هیچ شتیٚ نیە تا دنیا دنیایە لە پێستێکدا بمێنێتەوە لەبەر ئەوە ئیمانم بەوە هەبوو، کەشیعری کوردیش هەرچەندە دوا ئەکەویٚ ،جێی شك نییە کە بە پیٚ دەستوری گۆڕان کاژی ژیانی کۆن هەر فڕیٚ ئەداو ، لێی ئەچێتە دەرەوە ،ئەبوژێتەوە بەرەو ژیانی تازە هەنگاو ئە هاوێژێت وبناغەی هەستێکی بەرز بۆ خۆی دا ئەنێت )) [1] واتەنوسەران وشاعیرانی ئەدەبی کوردی وەك چینێکی هوشیارو زیندوی کۆمەلگە هەر زوو بە پیری ئەوە نوێگەرییەوە چوون ولەبەر هەمەکانیانیاندا ڕەنگی داوەتەوە ،تێڕوانینەکانیان دەرهاویشتەی ئەوو بارو دۆخە بوون ، بۆیە ((هەر سەدەو چەرغێك جۆرە شاعیرو ونوسەرێك دەهێنێتە کایەوە ،کەلەگەڵ باری گۆرانکاری نوێی کۆمەلگادا بگونجیٚ ،دەبێت شاعیرو نوسەرانی ئەم کۆمەلگا تازەیە خاوەنی بیرو باوڕێکی ئایدۆلۆجیکی تایبەتی هەبیت، بەچاوی سەدە نوێکەوە بڕوانێتە کۆمەڵ)) [2] دەبیٚ نوسەران و

---

١- ڕەفیق حلمی بەگ ،ئینقلاب لە شیعری کوردیدا ،گ. پیشکەوتن ،ژ١،شوباتی ١٩٥٨،ل٦٠٧

٢- خورشید رشید ئەحمەد ،ڕێبازی ڕۆمانتیك لە ئەدەبی کوردیدا ،مگبع الجاحج، ،بغداد ،١٩٨٩، ،ل٧٢

شاعیران هەمیشە لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی کۆمەلگەدا بن .خۆیان بەڕابەرو پێشەنگی کۆمەڵ بزانن و زمانیانیان وەك چەکێکی کاریگەر بە کاربهێنن .بۆبەرەو پێش بردنی کۆمەلگە .بۆیە هەر زوو نوسەران

وشاعیران بۆیان دەرکەوت ئەدەبی کلاسیك لەگەڵ بارودۆخەکە ناگونجی و پێویستیان بە ئەدەبێکە ، دەرهاویشتەی ئیش و ئازارەکانی کۆمەڵگا بێت. بۆیە شاعیران و نوسەران ڕویان لە شێوازێکی نوێی کرد. ئەویش ئەدەبیاتی ڕۆمانسی بوو ،گرنگترین ئامانجی ئەم ئەدەبیاتەش گرنگی دان بووبەهەست وسۆزی نەتەوایەتی و بەرجەستەکردنی سروشت و جوانیەکانی و ئاوێتەکردنی لەگەڵ خولیاو حەز و ئارەزووەکانی تاك .

بایەخدان بە مەسەلەی نوێکردنەوەی شیعر لەسەر پەڕەکانی ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی راستی -١٩١٨) کاتێك هەستی پێدەکرێت کەباس لەسروشتی پێکهاتەی ناوەڕۆکی شیعرەکانی (حاجی قادری کۆیی ) دەکات و ئەو هەوڵە دەست پێشخەرییەی لەڕووی گۆڕین و نوێکردنەوەی ناوەڕۆکی شیعرەوە دیاری دەکات.)) [١] .واتە سەرەتا لە ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی ) دا باس لەشێوازی شیعری نوێکراوە ، ئەم تاقیکردنەوەیش لەسەر شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی بووە ،کە هەوڵی نوێکردنەوی شیعری داوە. کۆت ویاسا کانی کلاسیکی شکاندوە ، شیعرەکانی خستوەتە خزمەت کۆمەڵگاکەی ، باسی لە باری دواکەوتووی کۆمەڵگاکەی کردوە. هەر سەبارەت بە شێوازی شیعری نوێی کوردی "ڕەفیق حلمی " ((باسی شێوازی چەند شاعیرێك دەکات بۆنموونە باسی شێوازی شیعرەکانی "پرەمێرد" دەکات،شێوازی شیعرەکانی زور سەرنجی ڕادەکێشێت و بە شێوازی "ئاسانی گران "ناوی دەبات هۆی بەکارهێنانی ئەو شێوازەی لای "پیرەمێرد" دەگەڕێنێتەوە بۆ ئاسانی تێگەیشتن و تێروانینەکانی بۆ ئەو بارودۆخەی کەتێدایە)) [٢] واتە "پیرەمێر"دەست پێشخەری کردوە . توانیویتی بگەڕێتەوە فۆلکلۆری کوردی و زمانی ڕۆژانەی ناو خەڵك وشەی کوردی پەتی لەشیعرەکانیدا بەکاربهێنێت. دوربکەویتەوە لەوشەی بێگانە . ئەم ئاوڕدانەوەش لەژێر کاریگەری ئەدەبیاتی تورکی بوو .هەر وەك لە دانشتنێکدا"گۆران" دەڵی((شیعری پیرەمێرد،فۆلکلۆری کوردی و ،هەڵبەستی شێوەی گۆران تەئسیری تێ کرد وە هەروەها ئەدەبی تورکیش تەئسیری هەر لەسەری هەبوو)) [٣] پاشان شاعیرانی تر وەکو (شێخ نوری شێخ صالح وگوران ) گوڕێکی تریان بەم شێوازە نوێیە دا، توانیان بەو زمانە سادە وساکارانە، بەرزترین داهێنانی شیعری بخوڵقێنن .بۆ نموونە شیعری (( "ژیانی ئادەمیزاد" ی "شێخ نووری شێخ صالح" بەهۆی ئەو لایەنە تازانەی گرتبویە خۆی ،چ لەڕووی ناوەڕۆك وچ لەڕووی شێوە هونەرییەکەیەوە،واتە لەڕووی کێش و قافیەو زمانی

---

١-د. پەرێزسابیر،مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر ،ل١٩،هەروەها ،د،حمەنوری عومەر کاکی ،ل٦٧-٦٩

٢- رفیق حیلمی ، شیعرو ئەدەبیاتی کوردی ،بەرگی یەکەم ،ل٨٢

٣- عبدالرزاق بیمار ،دانشتنێك لەگەڵ گوران ،گ،بەیان ،ژ٣، شوباتی ١٩٧٠

شیعرەوە لەمێژووی گۆڕان و پەرەسەندنی شیعری نوێی کوردیدا ، بایە خێکی گەورەی پەیدا کرد بوو ))[1] "شێخ نووری شێخ صالح " رۆڵێکی گرنك وکاریگەری بینیوە، لە گرنگی دان بە زمانی نوێ و زمانی بەشێوەیەکی نوێی لەشیعرەکانیدا بەکارهیناوە ، لەزمانی بێگانە دورکەوتوەتەوە .

هەروەها سەبارەت بەرۆڵ وگرنگی "گوران "یش لەگۆڕینی زمان و شیعری نوێی کوردیدا ، ڕەفیق حلمی دەڵێت ((تا پێش دەوری گۆران وا زان ئەکرا کەلەوشەی پەتی وساکاری کوردی شیعری بەرز ناوتری ، بەلاّم بەهۆی ئیسلوبێکی داهێنا لە "فەن" ی شیعرا ،گۆران ئەم باوڕەی گۆڕی ))[2] واتە "گوران " توانیویەتی بە ئاوڕدانەوە لەوشەی پەتی وساکاری کوردی ، چەندین دەقی بەرز وداهێنەرانە ، بخوڵقێنی ئەم زمانە پاراوەی بووەتە شێوازی تایبەتی بە ئاشکرا لەشیعرەکانیدا هەستی پێی دە کرێت .

هەر سەبارەت بە "گوران " ، " دکتۆر عیزەدین مستەفا رسول " دەڵێ ((زمانی گۆران پوخت وساغ وپتە و وجوان و ڕەوان و زۆر لەخۆ کردنی تێدا نییە، ڕە سەنێتی خۆی لە زمانی خەڵك وسامانی بە پیتی نەتەوەوە وەر دەگری،گورانیش شارەزای ئەم زمان و سامانە بووە ئەمەش قوڵی و ڕەنگینی بە شیعرەکانی بەخشیوە ،هەر لەبەر ئەوەش زمانی شیعری گۆران ،بە بەڵگەیەك دەزانرێ بۆ زمانی کوردی و لە ڕیزی پێشەوەی ئەو شیعرانەیە کە دەکرێن بە نموونە ،با هاوچەرخیش بێت ))[3]

ئەم شاعیرانە هەوڵیان داوە بگەڕێنەوە ،بۆ وشەی کوردی پەتی و لە زمانی کوردی پەتی ڕۆژانەی خەڵکەوە وشە بخوازن و زمانی شیعریان پێ دەوڵەمەند بکەن . بێگومان ئەم ئاوڕدانەوی شاعیرانە وشەی کوردی پەتی کە دەروازەیەکی گرنگ بوو. بۆ چوونە ناو بازنەی شیعری نویێ کوردیەوە ، وەك شێوازێك قۆناغەکەکەی پێ ناسرا ،بە کاریگەری ئەدەبیاتی دراهاوسێ بووە ،بەتایبەتی گاریگەری شیعری نوێی ئەدەبیاتی تورکی .

ئەم بیری و ڕۆشنگەرییە بەردەوام بوو تا لە ساڵی ١٩٧٠چووە قۆناغێکی ترەوە، گۆڕانکاری ڕیشەیی بەسەر هەموو ژانرە ئەدەبیەکاندا هات ،ئەو قۆناغەیش سەردەمی بزوتنەی ئەدەبی ڕوانگە بوو ، دەکرێت ئەو بزوتنەوە ئەدەبیە نوێیە بە قۆناغی دوای "گۆران" یش ناوبنرێت .لەبەشەکانی داهاتودا باس لە پێگەو سیمای، ئەم بزوتنەوە ئەدەبی و رۆشنگەرییە دەکەین .

---

١- د. پەرێز سابیر،مەسەلەکانی نوێکردنەوی شیعر ،ل٣٠٢

٢-رەفیق حیلمی ،شیعرو ئەدەبیاتی کوردی ،بەرگی دووەم ،ل١٦٩

٣-د.عیزەدین مستەفا رەسول،ئەدەبیاتی نوێی کوردی ،ل١٤

## بزوتنەوەی ڕوانگەو پێگەی شیعری شێرکۆ بێکەس

بزوتنەوەی نوێخوازی شیعر یەکێکە لە وبابەتە هەستیارو پڕ بایەخانەی کەدەکرێت، بەردەوام توێژینەوەی لەبارە وە بکرێت ،بەتایبەتی نوێبونەوەی شیعر لەسالأنی شەست و حەفتاکان لە باشوری کوردستان ،لەو سالأنەدا بەهۆی بارودۆخی سیاسی وئابوری و کۆمەلأیەتی کوردستان ،زۆرێك لە بزوتنەوەی رۆشنبیری و جولأنەوەی ئەدەبی هەستی پێدەکرا .بۆیە کۆمەڵێ شاعیرو نوسەری بەتوانا بەگاریگەری کۆمەڵێك هۆکاری سیاسی و ئەدەبی جیهانی و ناوخۆ دەنگێکی نوێیان بە ئەدەبی کوردی دا .

ئەوە بو لەساڵی ١٩٧٠ وەچەرخانێکی گەورە لەئاست بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کوردا ڕوویدا ،ئەویش ڕێکەوتن نامەی یانزەی ئازار بوو ،کەتێیدا دان نرا بە مافەرەواکانی گەلی کوردا و هەوایەکی تازەی سیاسیی باڵی کێشا بەسەر زۆربەی بوارەکاندا ، چەندین ڕۆژنامەو گۆڤار و نامیلکە بەزمانی کوردی و زمانەکانی تر بلأوکرانەوە ، چەندین دام ودەزگای ڕۆشنبیری و ئەدەبی دامەزراو ،یەکێتی نوسەرانی کورد لە بەغداد بنیات نرا . بە ئاشکرا چالاکی سیاسی و جەماوەری کلتوری خۆیانیان بەڕێوە دەبرد. پاشان بەهۆی ئەو بارو دۆخەوە، چەند بزوتنەوەیەکی ئەدەبی و چەند گروپێکی جیا جیا سەریهەڵدا ،هەریەکەیان خۆیان بە ڕابەرو نوێکردنەوەی شیعر دادەنا. وەك گروپی ڕوانگەو گروپی کفری ،بەلأم ئەوی لێرەدا مەبەستمانە لێی بدوێن گروپی ڕوانگەیە .

سەرەتای دامەزراندنی هەر گروپ و ڕێکخراوێك چی گروپی ئەدەبی یان هزری یان سیاسی بێت .لەلایەن چەند کەسێکەوە ،لە ئەنجامی گۆڕینەوەی بیرو ڕا سەرهەڵدەدات ،پاشان پێشنیار و ئامانجە گشتیەکانیان دەخەنە ڕوو .

ئەوە بوو لەبەرواری (١٩٧٥/٤/٢٥ ) گروپی بزوتنەوەی ڕوانگە دامەزرا ،وەك بزوتنەوەیەکی ئەدەبی کەهەوڵی نوێکردنەوەی شیعری کوردی داوە وە ڕۆڵێکی باشیان لەو گۆڕانکاریانەی کە بەسەر روخسارو ناوەڕوکی شیعری ئەو قوناغە هەبوو .تەنانەت تا دوایی ئەو قوناغەیش کاریگەری لەسەر شاعیران و نوسەران هەبوو ،ئەم نوێکردنەوەیە ، شیعریشی گرتەوە . هەروەها (( ڕوانگەیەکان خۆیان بە ڕێ نیشاندەر دەزانی بۆ نەوەی دوایی خۆیان ، هاندانیان بۆ بەردەوامێت و دەربرینی ڕاو داهێنانی سەردەمیانە ، لەگەڵ هەنگاوەکانی پێشکەوتنی شارستانیەت، بەرپاکردنی ئەم تەوژمە و شۆرشێکی نوێخوازیە ،لەئەدەبی کوردیدا لەلایەن دەستەیەك لە نوسەری پێشکەوتن خواز و یاخیبوی میللەتکەمانەوە وەك (جەلالی میرزا کریم ،شێرکۆ بێکەس ،حسێن عارف،کاکە مەم بۆتانی ،جەمال شاربازێری )) وە بوو [١]

بزوتنەوەی روانگە دەنگێکی ڕاچەنین و تەقینەوە بیرو باوەڕی تازە و دەنگی مرۆڤی کورد بوو .ئەم

---

١--د.هیمداد حسین ،ڕوانگەو شاعیرانی حەفتاو هەیشتاکانی هەولێر ،چاپی یەکەم ،چاپخانەی کارۆ،٢٠١١،ل١٦

بزوتنەوەیە هەڵوێستی تاقیکردنەوەی شۆرشگێرانەی خستە بەردەم هەموو شاعیرو رۆشنبیرێك ،بۆ بەرهەم هێنانی بەرهەمی شۆرشگێرانە و بەرهەمی نوێی ئەدەبی کوردی ، رێگە گرتن لە بەرهەمهێنانی بەرهەمی ئاڵۆز و بەرهەمی بەسەرچوو ،بەرهەمهینانی بەرهەمێکی ئەدەبی ، کەرەنگادانەوەی قۆناغیك بێت سیمایەکی شۆرشگێرانەی پێوە بێت .

هەروەك عەبدولاَ عەباس دەڵێت ((لە سەردەمی ئیستاماندا ئەو بابەتە ئەدەبە قورس و قەبانە ماوەی ژیانیان نەماوە ،کە هونەری ناوەرۆك ئەکەن بە ژێر پێی ئەسپی باڵداری خەیاڵ و دارو پەردووی وشەی وشك و برینگی رەق و بێگیانەوە ،ئەو بابەتە ئەدەبیانە هەرگیز بۆ زۆربەی نەتەوە نەژیاون لە ئازارو ئاواتی چەوساوەکانی نەگەیشتون ولە تاقیکردنەوەکانیاندا دووپێیان هەڵنە هێناوەتەوە ))[1]

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت قۆناغەکە پێویستی بەبەرهەمی ئەدەبی نوێی هەیە ،ئەدەبێ بجەنگی لە پێناو بەدەست هێنانی مافەکانی نەتەوە ، بیسەلمێنن نەتەوەی کورد وەك هەموو نەتەوەکانی جیهان خواستی راپەرین و شۆرشی هەیە و بە ملکەچی و کرنۆش بردن رازی نییە .زەمینەسازی بۆگۆران و پێشکەوتن بسازێنێ

شایەنی باسە هاتنە کایەوەی هەر بزوتنەوەو رێبازی ئەدەبی ئامانجی تایبەتی خۆی هەیە ،ئامانجی روانگەیەکانیش هەوڵدان بوو، بۆ نوێخوازی و دەربرینی هەستە پەنگ خواردوەکانی ناخیان ،بەلاَم بە زمانێکی پڕ لەجوانکاری و جیاواز ،لە زمانی قۆناغی شیعری پێشوتر ،ئەم نوێخوازیە لە شێوازو ناوەرۆکی شیعرەکانیان بە ئاشکرا هەستی پێدەکرا .

هەروەك (جەلالی میرزا کریم ) یەکێك ، لە دامەزرێنەرانی بزوتنەوەی ئەدەبی روانگە، دەڵێت ((قوتابخانەی ئێمە ،قوتابخانەی نەتەوە و ژیانە ،قوتابخانەی مرۆڤایەتی پێشێلکراوی ناو ئەم جیهانەیە ،قوتابخانەی هەڵچوون و یاخی بوونە لەرووی هەر کۆت وزنجیرێکدا کەبیەوێت بەر، لە تەقینی کانی ئاواتی لەبن نەهاتوی ئەدەبیمان بگرێت.))[2] واتە شاعیران پێویستە هاوشێوەی ئەو جەنگاوەرە بن ،وا بە خوێن و گیان پارێزگاری لەنیشتمان دەکەن وە دڵسۆزی لە دەربرینی وشەکانی بنوێنێ،بەو شێوەیە بیربکاتەوە، کەئەو وشانە لە دەرونی زۆربەی چینی زەحمەت کێشەوە دەر دەبرێت .بێگومان هەر بزوتنەوە و رێچکەیەکی ئەدەبی بانگەوازێکی تایبەتی هەیە ،ئەم بزوتنەوە ئەدەبیە خاوەنی بانگەوازێکی گشتی بوون ،چونکە تەنیا تایبەت نەبوون بە بزوتنەوەکە ،هەروەك ئەڵێن ((با گشت ئەو شاعیرو نوسەرانەی گەلە ناخدا وەك ئێمە هەست دەکەن ،وەك ئێمە بیر دەکەنەوە وەك ئێمە

---

١- عەبدوڵلاَ عەباس ،"بانگەوازی روانگەو ئەدەبی کوردی نوێ،گۆڤاری بەیان ،ژ٤، ١٩٧٠

٢--گۆڤاری روانگە ،ژ١،ل١٥

کردار ئەکەن ،با خۆیان بە خاوەنی ئەم بانگەوازە بزانن )) [1] بەڵگەیشمان بۆ ئەم وتەییە ئەوە بوو ،کۆمەڵێ شاعیر هەبوون ،کە بە ڕوانگەییەکان ناسران، وەك ( ئەنوەر قادر جاف،عەبدولا پەشێو ،لەتیف هەڵمەت ،سامی شۆرش .....هتد ).

لەلایەکی ترەوە ئەڵێن (( بانگەوازەکەی ئێمە نەئەچێتەوە سەر ئارەزووی خۆ سەپاندن و زۆرە ملێ و،نەلە چوار چێوەیەکە تەنگەبەری دروستکراوی دەست و تاقمێکدا شەتەك ئەدرێت ،چونکە نەئەشمانەوێ وشەی کوردی لە دروشمەکانی سیاسەت و راستەوخۆی دەربڕینێکی وشکی کلاسیکیدا گیربخوات .ئەمانەوێت بەرهەمەکانی ئەدەبی ئەم سەردەمە کوت ومت لەگەڵ ڕێرەوی تازەو بابەتەکانی ئەستاتیکایی هونەری بگونجێ و ئاوێنەی هەموو ئاواتێکی کۆمەڵگای گشت مرۆڤایەتی بێت ) [2]،واتە ڕوانگەییەکان ویستویانە لە درۆشمی وشکی سیاسەت و وشەی وشك و برقەدار دوربکەونەوە ،بەرهەمێکی سەربەخۆ و هونەری جوان پێشکەش بکەن کەشایەنی کۆمەڵگا بێت .

بێگومان پەیدابونی هەر بزوتنەوە و تەوژمێکی ئەدەبی هەروەها کارێکی ئاسان و ساکار نییە ، چونکە نوسەران خاوەن یەك شێواز و بیرکردنەوە ئەدەبی نین ، هەربۆیە بەیاننامەی بزوتنەوی ئەدەبی ڕوانگە ،کە لە ڕۆژنامەی هاوکاری ژمارە ( ١٥ ) بلاّوکرایەوە . هەر زوو کەوتە بەر لێشاوی ڕەخنەگران و کۆمەڵی ڕەخنەی ئاراستە کرا ،بەلاّم "شێرکۆ بیکەس" لەڕۆژنامەی هاوکاری لەنوسینیکدا بەناوی ( ڕوانگەو کوێرە ڕەخنە ) وەلاّمی ڕەخنەگرانی دایەوە ئەمانە و چەندین ڕەخنەی تریش ئاراستەی بزوتنەوی ڕوانگە کرا ،بەلاّم لێرەدا بە پێویستی نازانین ئاماژە بۆ هەموو ئەو وتارو ڕەخنانە بکەین ،چونکە زۆربەیان دوبارە و جوینەوەن ، .گومان لەودا نییە کەدیدو بۆچونی هەموو نوسەران وەك یەك نییە ،هەموونوسەران و شاعیران خاوەنی ڕابۆچوونی تایبەت بەخۆیانن و ئازادن ،ئەم ڕەخنانە گرنگی بزووتنەوەی ڕوانگە دەرخات ،کە جێگەی بایەخ و گرنگی پێدانە بۆ هەموونوسەران وشاعیرانی ئەو قوناغە .بەبۆچونی ئیمە ڕوانگە قوناغێکی زێرینە لە ئەدەبی نوێی کوردیدا ناتوانین ڕوانگەو سەردەمەکەی فەرامۆش بکەین ، کاریگەری هەبوو لەسەر بەرهەمی نەوەی نوێ سالآنی هەشتا کان و نەوەدەکان و تاکو ئیستایش لەگەڵدا بێت ، هەروەها شاعیران نوێخواز بوون هەمیشە هەوڵیان بۆ داهێنان و بەرهەمی نایاب داوە ،بەرهەمەکانیان گەواهی ئەم نوێگەریەن .

---

١-د.عەلی تاهیر بەرزنجی ،کاریگەری ڕوانگە لە نوێگەری شیعری کوردیدا، چاپی یەکەم ، خانەی چاپ و بلاّوکردنەوەی چوار چرا ،سلێمانی ،٢٠٠٨ ،ل ٥٨

٢-سەرچاوەی پێشوو

## پێگەی شیعری شێرکۆ بێکەس لە بزوتنەوی ئەدەبی ڕوانگە

شێرکۆ بیکەس یەکێکە لە دەنگە هەرە دیارەکانی بزوتنەوەی ڕوانگە پێشەنگی شیعری نوێی کوردیە ،ساڵی (١٩٧٠) شێوازێکی شیعری نوێی پێشکەش کرد ، بەرهەمەکانی گەواهی ئەم راستیەن.لەبزوتنەوەکەدا شاخێك بووە لە وزە و داهێنان ،خاوەنی بیرکردنەوە زمانێکی بەهێزە ، پلە بە پلە هەمیشە لە هەڵکشاندا بووە .((ئەم شاعیرە لەسەرەتایی" ١٩٧٠ "کانەوە ،هەوەڵی داوە، شێوازێکی نوێ و ڕوانینێکی نوێی لە شیعری کوردیدا بهێنێتەکایەوە ،ئەم هەوڵەشی بە ئاشکرا لە بەیاننامەی ڕوانگە رەنگی داوەتەوە ،کەیەکێکە لە دەنگە سەرەکییەکانی ئەو گروپە ،هەوڵی داوە ئاراستەیی شیعری کوردی بگۆرێت و شێوازێکی نوێیّ و روخساری نوێ بۆ ناو شیعری کوردی بهێنیّ )) [1]

ئامانجی شاعیر لە بزوتنەوی ڕوانگە بریتی بووە لە نوێخوازی و داهێنان هەروەك شێرکۆ خۆی ئەڵێت (( هۆی سەرەکی سەرهەڵدانی ڕوانگە ئەوە بووە ،کەزمانێکی نوێی شیعری بهێنێتە کایەوە . دەستبەرداری تاك دەنگی شیعری کوردی بێت .)) [2] شاعیر پێگەیەکی گرنکی لەناو بزوتنەوەکە هەبووە،هەروەك "جەمال شارباژێر" ی کەخۆیشی یەکێکە لە دامەزرێنەرانی گروپەکە، سەبارەت بە ڕۆڵ و پێگەی شیعری شێرکۆ بێکەس دەڵێت ((شێرکۆ بێکەس ،دەنگێکی زولاڵی ڕاپەڕینی ئەم سەردەمەیە ،لە دەربڕین ودارشتنی بیری نوێدا ،بەرگێکی تازەی کردوە بەبەرگی شیعرە ،بەرهەمەکانی ئەم دواییەی بەڵگەن بۆ ڕاستی ئەم قسەیە )) [3] .هەروەها شاعیر خاوەنی ڕوانینی شیعری جیاواز وخەونی نایابە ،بۆیە هەمیشە مامەڵەکردنی جیاوازی لەگەڵ وشە و کەرەستەکانی زماندا کردوە ،گومان لەوەدا نیە ((خەونی نایاب دەبێتە زمان وشێواز وبابەتی نایاب )) [4] هەروەها دەکرێت ئەزموونی شێرکۆ بێکەس لە چەند گۆشە نیگایەکەوە بخوێنرێتەوە ،هەنگاو بە هەنگاو شێوازی شیعری هەمیشە لە پەرەسەندندا بووە ،هەروەك "ڕێبین هەردی " سەبارەت بە ئەزموونی شێرکۆ بێکەس ئەڵێت ((هەرچەندە ئەزموونی شیعری شێرکۆ بێکەس هەر لە کەش و هەوای ڕوانگە مایەوە ،بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا ئەم شاعیرە توانی بە چەند هەنگاوێکی خێراو پێشبینی نەکراو پێش هەموو ئەو ناوە شیعریانە بکەوێت ، کە زیاتر لەم بەختی داگیر کردنی لوتکەی شیعری کوردیان هەبووە ، ئەگەر ڕوانگە ئە زموونێك بوبێت لەناویا ،زۆر شتی نەوتراوەی حەشاردابوبێت ،ئەوا (کاك شێرکۆ) لەدوایی هەرەسەوە توانی هەموو نەوتراوەکان ئاشکرا بکات

---

١- سامان دزەیی ،کاریگەری وێرانەخاك لەسەر هینگڵ،گ .رامان ،ژمارە ١٤٠ ،٢٠٠٩/١/٥، ل٤٣

٢-شێرکۆ بێکەس ، لە گوڵەوە تاسوو توو ،سلێمانی ـ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ،ل٢٢٢

٣-حسێن عارف،ڕوانگە و یار و نەیارانی ،ل٥٧

٤-سەباح ڕەنجدەر ،سێ کتێب لەبارەی شیعرەوە ،چاپخانەی بینایی ،سلێمانی ،٢٠١٣، ل٢٥

"دەربەندی پەپولە " چڵە پۆپەی ئەم حاڵەتە بووە )) [1] لە ئەنجامی ئەو بەڵگانەو سەرچاوە زانستیەکانەوە ،ئەو ڕاستیە دەسەلمێنن ،کەپێگەی شیعری شێرکۆ لە زۆرخاڵی سەرەکی و پێکهێنانی بزوتنەوە ئەدەبیەکەی ڕوانگە دا ،بە ڕوونی دەردەکەوێت ،کە دەکرێت بگوترێت شێرکۆ کۆڵەکەیەکی سەرەکی و شاعیرێکی ئەکتیڤی ڕوانگە بووە لەگەڵ شاعیرانی هاورێیدا .

لەبەشەکانی داهاتو دا بە شێوەیەکی فراوان باس لە لایەنە جیاوازەکانی شێوازی شیعری شێرکۆ دەکەین و لە ڕووی شێواز ناسینەوە شێوازی تایبەت لە شیعرەکانیدا دیاری دەکەین .

## *شێوازی شیعری بزوتنەوی ڕوانگە*

گومان لە وەدا نییە دەقی نوێ پێویستی بە زمانی جیاواز و شێوازی نوێ هەیە ،شاعیرانی ئەم قۆناغە پەرەیەکی باشیان بە شیعر دا،چی لەڕووی زمانی شیعرو ئاستی فەرهەنگی و شێواز ، هەروەها لەڕووی بینادی ڕێزمان و موسیقای شیعرەوە گۆڕانکارییان بەسەر دەقی شیعری هێنا .شاعیران زیاتر بۆ ناو هۆکارە سیاسیی ونەتەوایەتیەکان بە قوڵی ڕوو چوون .لە دەقە شیعرییەکانیان لە لەیکدانەوەی یەك واتا دورکەوتنەوە ،لە دەقەدا لێکدانەوە و ڕاڤەی جیاوازیان هێنایە ئاراوە ،ئەگەر شاعیرانی وەك ( گۆران ، پیرەمێرد ،بێکەس ،...هتد ) ڕوونییەك بە شێوازی شیعرەکانیانەوە دیاربێت ،ئەوا لە حەفتاکاندا خوێنەر بەئاسانی ناتوانی لەشیعرەکان بگات ،بەڵکو ئەم شێوازە پێویستی بە خوێنەری نموونەیی هەیە، بۆ ئەوەی لایەنە نەوتراوەکانی دەقەکە دیاری بکات. بۆیە "شێرکۆ" سەبارەت بەشێوازی ئەم قۆناغە ئەڵێت ((گوتاری ئەدەبی و شیعرییەکە لە خودی خۆی ،لە خودی زمان ،لە خودی واقعی سیاسی و کۆمەڵایەتی یاخی بوون )) [2] .واتە شێوازی نوێیان بەکارهێناوە ،شایەنی باسە کۆمەڵێ وشەی نوێ دەستەواژەی نوێ لە بەرهەمەکانیاندا دەبینرێت . بۆ نموونە ئەگەرسەیری دەقەکانی ( جەلالی میرزا کریم )بەناونیشانی ( ژانی ڕۆژانی هۆنراوە ) بکەین ،کەدەڵێت :

بۆ ئەستێرە ...لەلای ئێمە هێشتا کوێرە

چونکە هێشتا ئەبێ شاعیر هەڵبو واسرێ

ناوی مارکس... خۆ بەکوشت دانی گیفارا

---

١-ڕێبین ئەحمەد هەردی ،سەرهەڵدان و هەرەس هێنانی وێنەی باوك لەشیعری شێرکۆ بێکەسدا ،گ.ئازادی ،ژ ٣٠ ،ل٧٣.

٢- شێرکۆ بێکەس ، گ،گەلاوێژی نوێ،ژ١،ل١٣

**له یاداشتی ... پێشمەرگەیە ئەنوسرێت** [1]

**دیارە شاعیروشەی ( گیفارا ،مارکس ) وەك ڕەمزی شۆڕش و بەرخودان بەکارهێناوە ،بێگومان زمانی شیعری هەر زمانی ڕۆژانەیە،بەلاَم شاعیران بە شێوازی جیاواز مامەڵەیان لەگەڵ کەرەستەکانی زمان کردوە ، هەروەك لەم دەقەی سامی شۆڕش بەناوی ( سێ بڕگە..خەمی یاخی بوو ) دا دەبینرێ،کە دەڵێت :**

**(( بە موچڕکی ئازاری ڕەش ... دەرون پڕە**

**سۆیی بڕینی چاوی مێژوو ..سارێژدەکات**

**وشەم .. هەرەسێنانێکی چیای گڕە**

**تیشکی گەرم .. بۆ دڵی سەهۆڵ ))** [2]

**دەبینین زاراوەکانی ( ئازاری ڕەش ، چاوی مێژوو ، دڵی سەهوڵ ) هەریەك لەم دەربڕینانە لە گەڵ یەکدا ناگونجێن ،واتە شاعیر زمانێکی مەجازی بەکارهێناوە ،زاراوەیی نوێی دروستکردوە .ئەمانەو چەندین زاراوەی نوێ ڕەمزی فۆلکلۆر ی کوردی و عەرەبی بیانی هاتە نێوە شیعری ئەو سالاَنەوە وەك (( گۆدۆ ، سیزێف ، گەلگامش ، زەردەشت ،عیسا ،ئەهریمەن ...هتد ))** [3]

**هەروەها دیاردەی تەم و مژ شێوازی تری شیعری ئەم قۆناغەیە (( دیارە بە شێکی ئەم تەم و مژییە بۆ باری سیاسی ئەو ڕۆژانە دەگەڕێتەوە ، بەشێکی تریشی وەك تازەکردنەوەیەك لە شیعری کوردیدا ))** [4] **شاعیران بەکاریان هێناوە .**

**هەروەك "شێرکۆ بێکەس" لە "دیواری دەنگی خوێن " کە تابلۆیەکی هۆنراوەی سەر شانۆیە ،دەڵێت :**

**ئەی هاوبیران**

**هاوبیرانی ئەو دیو دیوار**

**لەگەڵ پە یمانی ڕۆیشتنا**

**لەبیرتان بێ ، چاڵە نەوسنەکانی نەوت**

---

**١-بەبێ ناوی نوسەر ،سێ ژمارەی ڕوانگە ،بەرگی سێیەم ،چا پی یەکەم ،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ،سلێمانی ،ل١٦٦**

**٢-سەرچاوەی پێشوو ،ل١٠٤**

**٣-د.ئەرسەلان بایز ،سیمایی شیعری کوردی دوایی ڕا پەڕین ،چا پی دووەم ،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ،سلێمانی ،٢٠١٣،ل٥**

**٤- سەرچاوەی پێشوو**

نەوتی .... بەلاّ

نەتان خەنە .. هەڵدێرەوە [1]

واتە شاعیرانی ئەم قۆناغە، نەیان ویستوە کتومت لە هەڵبژاردنی و دانان وداڕشتنی وشەو دەستەواژەکاندا جوینەوە شێوازی شاعیرانی پێش خۆیان بێت ویستویانە شێوازێکی نوێی بە بەرهەمەکانیانیادا بکەن. بۆیە ڕوویان لەو جۆرە وشە فرێزانە کردوە ،هەرسەبارەت بە تەم و مژە "عەبدولاّ عەباس " دەڵێت ((هەرشیعرێ کەدەخوێنرێتەوە چەندان پرسیار لە مێشکی خوێنەر بە جێنەهێڵێت و نەیخاتە زۆرانبازییەکی دەرونییەوە ،ئەوە ئەو شیعرە لە بەهرەی داهێناندا بۆشە ،مرۆڤی ئەم سەردەمە جەنجاڵە ، شاعیری هاو چەرغ ، بەو پێیەی هونەرمەند و داهێنەرە ،ناتوانێ دوربێت ،لە جەنجاڵی ئەم سەردەمە ...،ئەم کەونە تێکچڕژاوە ،وای کردوە دەربرینەکانی هونەرمەند ،بەهەمان تێکچڕژاوی دنیا بێ )) [2]

هەروەها لەڕووی بە کارهێنانی کێش و سەرواوە ،شاعیران ئازاد بوون خۆیان پابەندی هیچ کۆت و یاسایەك نەکردوە .هەروەك " شێرکۆ بێکەس " دەڵێت ((شیعری جوان نەبەوەیە کێش و قافییەی هەبێت ،نەبەوەیشە نەیبێت )) [3]

لە کوتایدا ئەوە ڕووندەبێتەوە ،کە ڕوانگەییەکان هەوڵیان داوە شێوازیکی تایبەتیان هەبێت و زمانی شیعری بە وشەو دەستەواژەی نوێ دەوڵەمەندبکەن ئەم شێوازە شیعرییە کاریگەری لەسەرشاعیرانی ساڵانی ١٩٨٠-١٩٩٠ بەجێهێشت .

---

١- بەبێ ناوی نوسەر ،هەرسێ ژمارەی ڕوانگە ،ژمارەی دووەم،ل١٥٤

٢-عەبدولاّ عەباس، چەند سەرنجێکی سەرەتایی دەربارەی تەم و مژلەشیعری نوێدا ،گ،ڕۆژی کوردستان ،ژ،٥٨، ١٩٨٠ ،ل٣٥

٣-شێرکۆ بێکەس،گ،ئیستا ،ژ،١٨،ساڵی ١٩٩٩،ل ٤٣

## کاریگەری ئەدەبیاتی عەرەبی لەسەر شیعری شێرکۆ بێکەس

لەسەرەتای حەفتاکانەوە شیعری کوردی ڕەوتێکی نوێی بەخۆییەوە بینیوە ،چونکە لە هەموو جیهاندا گۆڕانکاری گەورە ڕویداوە ، چەندین گۆڕانکاری لە بوارە جیاوازەکانی ژیاندا هاتەکایەوە، وەکو بزوتنەوەی شۆڕشی فەرەنساو بزوتنەوە شۆڕشگێڕەکانی گیڤارا ولە ئەمریکای باشورو جەنگی ڤێتنام و هەروەها بزوتنەوە شۆڕشگێڕەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەراست و چەندانی تریش ، ئەمانە هەموو جیهانیان لە بیری نوێ و ڕۆشنبیری نوێ ، پڕ کردبوو ،بواری ئەدەبیش لەم وجموجۆڵە نوێیە بەدەر نەبوو .ئەم گۆڕانکاری و بیری نوێیە بەهۆی ڕۆژنامەو گۆڤارو بزوتنەوەی وەرگێڕان و هەوڵ و کۆشی شاعیرانە هاتنە ناو مەیدانی ئەدەبیاتی کوردییەوە لە شێواز و بەرهەمی شاعیراندا ڕەنگی دایەوە ،یەکێك لەو شاعیرانەی ، کەهەمیشە چاوی لە پێشکەوتنی نەتەوەکانی جیهان کردوە تاکوبەهۆیەوە ئەدەبیانی نەتەوەکەی پێ بەرە و پێشەوە ببات و گەشەی پێبدات شێرکۆ بێکەسە ، بەهۆی زمانی عەرەبییەوە لە ڕۆشنگەری و پێشکەوتنەکانی جیهان ئاشنا بووە .بەهۆی ئەوەی شاعیر بەمەستی تەواوکردنی خوێندن لەساڵی" ١٩٥٨-١٩٥٩ " روو لە بەغداد دەکات فێری زمانی عەرەبی دەبێت چونکە (( بەغدا لەو سەردەمەدا ،واتە شارێك پڕ لە جمو جۆڵ و ئاوەدانی ،واتە شار ،بەغدا بزوتنەوەیەکی گەورە ،کتێبخانە ، شانۆ ، موزیکا..هتد ،کۆڕی گەورە گەورە نەك لە شوێنێك یان دوو شوێن ،نەك لە دە شوێن ،ئەمانە بۆ ئێمە وەك ئەوە وابوو باڵمان لێبڕوێت ،ئێمە کە باڵمان نەبوو لە بەغدا باڵمان لێ رواو بوین بە باڵدار )) [١] بەغدا ،بووە پردیك بۆ ئەی پەیوەندی دروست بکات لەگەڵ زۆربەی نوسەران و شاعیران ،هەروەکو ئەڵێت (( لە نزیکەوە "عبدالوهاب البیاتی" م ناسی و دواتریش بەهۆی بارەگای یەکێتی نوسەرانی بەغداوە ، بۆ یەکەمجار ( سعدی یوسف فازل العزاوی و خالد علی مصگفی وفازل سامرو یاسین نصیر ) و زۆر ئەدیبی دیکەم ناسی ئەم تێکەڵاو بوونە هۆش و گۆشی ئەدیبانی وریا کردەوە )) [٢] واتە زمانی عەرەبیی بۆ شاعیر ئامرازێکی گرنگ بوو . بە هۆی ئەم زمانەوە پەیوەندی لەنێوان شاعیر و شاعیرانی عەرەبدا دروست بوو ،بیرکردنەوەی شاعیری بەرەو قۆناغیکی تر برد.هەر وەك خۆی دەڵێت: (( لە ڕێگەی زمانی عەرەبییەوە ،شاکارە گەورەکانی ئەدەبی دنیام خوێندەوە ،لەسەرەتایی حەفتاکاندا ولەشیعری عەرەبیدا شیعرەکانی محمود دەرویش و سمیح قاسم لەهەموان زیاتر دەچوونە دڵمەوە. )) [١] کەواتە ئەو ڕاستیە دەردەکەوێت ،کەزمانی عەرەبی کاریگەرییەکی زۆری لەسەر شاعیر هەبووە بۆ بەهێزکردنی تواناو سەلیقەی شاعیران و سود لە ئەزموونە

---

١- شێرزاد هەینی ،٩٥٥دەقیقە لەگەڵ شێرکۆ بێکەس،چاپخانەی تیشك ،کوردستان ،٢٠٠٨،ل١٢٠

٢-لوقمان رەئوف ،بنەماکانی مۆدێرنە لە شیعرەکانی شێرکو بێکەسدا ،چاپی یەکەم ،چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ،سلێمانی ،٢٠٠٩،ل١٩

جیاوازەکانی ئەدیبان و شاعیرانی عەرەب وەر بگرێت و هەژانێکی هزری لادروست بکات دەکرێت ئەوە بگوترێت . شاعیر کاریگەر بووە بەهەردوو شاعیری ناودار (ئەدونیس ، محمود دەرویش )،چونکە لە زۆر گفتوگو بلاوکراوەکاندا زۆرجار ناوی ئەم دووشاعیرە بەرچاومان دەکەوێت هەروەها لەیەکچوونێك لەنێوان شاعیرو محمدود دەرویش دا بەدی دەکرێت .چونکە هەردوکیان دوو جیهانی لە یەکچویان هەیە ،هەروەك خۆی ئەڵێت ((عەشقی من بۆ محمود دەرویش بەهاو بەشی ژیان و دوودنیای وەك یەکمان هەیە ،ئەو لە مەر ئازاری میللەتی فەلەستین دەدوێت و منیش لە چارە ڕەشی میللەتی کورد ،دوو جیهانی لەیەکچوو و ستەم دیدەو پڕ ئازار فەزای شیعرەکانی دەرویش لەگەڵ گیان و جیهانی ئێمە یەکێکە ،من سەودا سەرانە شوێن پێی ئەوم خۆش ئەوێت )) [٢] ،یان دەڵێت (( چەند قصیدەیەکی محمود دەرویش هەیە حەز دەکەم هی من بوابیە )) [٣] بەلام شێرکۆ ناوی ئەو قصیدەی دیاری نەکردوە ،هەردوو شاعیر بە شیعر گوزارشتیان لە بارودۆخ و نیشتمانەکەیان کردوە متمانەو هیوایەیان لە دڵی خوێنەردا چواندوە هانی داون و خۆڕاگربن و پارێزگاری لە خاك و نیشتمانەکەیان بکەن و بە دژ گەندەڵی و گەندەڵکاراندا بچنەوە ،هەردوو شاعیر توشی تاراوگە و دەربەدەری بوون و ،بەلام هەر بەجەستە دووربوون بە دڵ هەمیشە لەولاتدا بوون و تاکە خەمی سەرەکییان ئازادی نیشتمان و خۆشبەختی نیشتمانەکەیان بووە ، بەهۆی ئەم هەستەوە هەژانێکی هزریان لادروست بووە بۆتە هۆی بەرهەمهێنانی چەندین دەقی کاریگەرو بەبرشت کە بۆنی نامۆ بونیان لێوە دێت ، واتە هەردوولا دیاردەی نامۆبوون بە شێوازی شیعرەکانیانەوە دیارە .

هەروەها تێبینی دەکەین کەجۆرە لەیەکچوون و کارتێردنێکی ڕاستەوخۆ یان ناراستەوخۆ لە نێوان شاعیر و شاعیری ناوداری هاوچەرخی عەرەبی (ئەدۆنیس) دا هەیە ،چونکە یەکێك تایبەتمەندییە شێوازەییەکانی "ئەدۆنیس" ئەوە یە ،کەدەسەلاتێکی زۆری بەسەر زماندا هەیە هەروەکو شێرکۆ ئەڵێت ((ئەدۆنیس قووڵە لە دەروون و فەلسەفەدا )) [٤] گوێی بە هیچ کۆسپێك نادات ، لە هەر سەردەمێکە دەست بەداهێنان دەکات و ڕێگای تازە تاقیدەکاتەوە و دەبینین شێرکویش هەمان تایبەتمەندی هەیە و خاوەنی فەرهەنگێکی زمانی بەهێزە دەسەلاتێکی زۆری بەسەر وشە و کەرەستەکانی زماندا هەیە، ئەو زمانە شیعرییەی هەمیشە لە هەڵکشاندا بووە لەدیوانێکەوە بۆ دیوانێکی تر زمانی شیعری گۆڕاوە، چەندین ڕێگای ئەزموونی شیعری تاقیکردوەتەوە وچەندین شێوازی شیعری نوێی بەرهەمهێناوە وەك ( پەخشانە

---

١-لوقمان رەئوف ،بنەماکانی مۆدیرنە لە شیعری شێرکۆ بێکەس،ل١٩

٢-یاسین عومەر ، ئەزموون چەپکێك هەڤپەیڤین لەگەڵ شێرکۆ بێکەس ، ل٢٧٣ وەبڕوانە ،شێرزاد هەینی ٩٥٥ دەقیقە لەگەڵ شێرکۆ بێکەس ،ل٢٠٨،بوشرا کەسنەزانی ،لە تریفەی هەڵبەستەوە تاکو پارکی ئازادی ،ل١٩٩

٣-یاسین عومەر ئەزموون ،ل ٢٤٠

٤-سەرچاوەی پێشوو ،ل ٢٧

شیعر ،ڕۆمانە شیعر ، پۆستەرە شیعر ،دەقی والا ) .شایەنی باسە شێرکۆ بەرهەمەکانی "سەلیم بەرەکات " کەشاعیری بەرەگەز کوردە بەزمانی عەرەبی دەنوسێت ، خوێندوەتەوە و لەبارەی زمانی شیعرەییەوە ئەڵێت (( سەلیم بەرەکات شاخێکە لە ورە و لە هەمانکاتدا شاخێکە لە عەزیمەت ،لەهەمان کاتیشدا شاخێکە لە داهێنان ،شیعرەکانی لە ڕۆمانەکانی گرانترە جا من ئەگەر حەز بە ئیسلوبەکەی نەکەم لەبەرئەوەیە شێوەکەی گرانە وەك ڕێگایە وایە لەناو شاخی ئاسنین یانی دەبێت ڕێگا لەناو شاخی ئاسنین بکەیتەوە )) [1] لێرەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە ، کەشاعیر حەزی لەشیعرەکانی نییە ، چونکە شێوازەکەی گرانە ،بەڵام بە شێوازی ڕۆمانەکانی کاریگەر بووە ئەمە ش لەبەر ڕۆشنای ئەم وتەیەی خوییەوە دەردەکەوێت ، کە دەڵێت (( ٥٢ ڕۆمانی سەلیم بەرەکاتم خوێندوەتەوە )) [2] واتە حەزی لە شێوازی ڕۆمانەکانی بووە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان نا ڕاستە وخۆ کاریگەر بووە .

لەئەنجامی ئەو سەرچاوە زانستیانە وئەو ڕاوبۆچوونانەی لەم چەند پەڕەیی لێکۆڵینەوەکەدا دەبینرێت. ئەگەرچی شاعیر بەشێوەیەك لە شێوەکان کاریگەر بووە بە شاعیرانی دیکەی لاسایی کردو وەتەوە ،کاریگەرییان لە شێوازی شێرکۆدا هەبوە ، بەڵام نەبوەتە شاعرێکی لاسایی کەرەوی، بێ داهێنان ، بەڵکو ڕێگایەکی ڕاستەوخۆی گرتوە . قوتابخانەی ژیانی خۆی دەکاتە بنەمای دروستبوونی هەروەك دەڵێت (( یەکێك لەو شتانەی کەخەونم پێوە دیوە ئەوەیە کە دەنگی کەس نەبم خاوەنی دەنگی خۆم بم ،کە سایەی شیعری خۆم دروست کەم من ناڵێم هەرچی بەرهەم وشیعرم هەیە ،هەمووی لە ئاستێکی گەورە دایە ،بێگومان هەموو شاعیرێك چۆن لوتکەی هەیە دۆڵیشی هەیە )) [3] .

ئەمە ئەوە دەگەیەنێت ،کە شێرکۆ خاوەن شێواز و دەنگێکی دیاری خۆیەتی و شێوازی تاك و کەسێتی خودی شاعیر لەبەرهەمەکانیدا دیارە

---

١-شێرزاد هەینی ،٩٥٥ دەقیقە لەگەڵ شێرکۆ بێکەس ،ل٢٠٨

٢-سەرچاوەی پێشوو

٣-لوقمان ڕەئوف ،بنەماکانی مۆدێرنە لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس

## ***بەشی دووەم*** // شێواز لەڕووی ژانری شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس

***تەوەری یەکەم*** :- شێوازی چامە ،رۆمانە شیعر، پۆستەرە شیعر ،....

***تەوەری دووەم*** :- ئاوازی ناوەوەی شیعرەکانی شێرکۆبێکەس .

***تەوەری سێییەم*** :- ئاوازی دەرەوەی شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس

**شێوازی چامە شیعر،رۆمانە شیعر ، پۆستەرە شیعر**

١- چامە ( شیعر ) :-جۆرێکە لە شیعر مێژوویەکی کۆنی هەیە ،لەئەدەبی عەرەبیدا لە سەردەمی پێش ئیسلام ،کەناسراوە بە "ئەدەبی جاهیلی "ئەم جۆرە شیعرە بۆ یەکە مجار سەریهەڵداوە .

وە بەم شێوەیە ناساندویانە (( قصیدە :بریتیە لە چەند بەیتێك هۆنراوە کە بە کێشێك لەو کێشانەی کە ( خلیل بن احمد الفراهیدی ) و هەندی لە زاناکانی عەرەب دۆزییانەتەوە بەیەکەوە بەستراون قافییەکی یە کگرتووی هەیە )) [1]

لە ئەدەبیاتی کوردیشیدا کە پەیوەندی لەگەڵ ئەدەبیاتی عەرەبیدا هەیە ،ڕاستەوخۆ کەوتوەتە ژێر کارتێکردنی هۆنراوەی عەرەبییەوە ،لەم چەشنە قاڵبە هۆنراوە بەدیدەکرێت ،نوسەران و ڕەخنەگران هەریەك بە جۆرێك پێناسەیان کردوە ،"شێخ محمدی خاڵ " دەڵێت (( چامە :قەسیدەیەکەلە حەڤدە شیعر زیاتر نەبێ،گۆرانی مەقام ،قسەو حکایەت. )) [2] لەم پێناسەدا گرنگی بە ژمارەی بەیت زیاتردراوە .هەروەها "ڕەفیق حلمی "لە جیاوازی نێوان "غەزل " و "قصیدە" ((دەڵێت :لە عیلمی عەروزا ئەو شیعرانەی کەلە پێنج "بەیت" ەوە تا "حەوت" بەیت بە غەزل و لەوە زیاتر بە قصیدە ناو دەبات )) [3].لە م پێناسەیشدا وەك دەبینین هەر گرنگی بەژمارەی بەیتەکان دراوە ،هەتاکو ئیستا نوسەران و ڕەخنەگرا ڕێك لە سەر ژمارەیەکی دیاریکراو ی بیتەکانی "چامە " ڕێك نەکەوتون .

ئەم چەشنە شیعرانە بە پێی هونەری هەر سەردەمێ،لە هەموو قۆناغەکان نوسراون ، ئەم چەشنە هۆنراوانەیش هەروا کارێکی ئاسان نییە ،بەڵکو درێژترین هەناسەی شاعیری ئەوێت ، پەیوەندی بە ئەزموونی شاعیرەوە هەیە ،شاعیر پێویستە لە م شێوە هۆنراوەدا دەسەڵاتێکی زۆری، بەسەرکەرەستەکانی زماندا هەبێت و خاوەنی فەرهەنگێکی زمانی باڵا بێت . ئەم شێوازە ،واتە چامەی شیعری لەئەدەبی کلاسیکی کوردیدا لای "نالی و سالم و کوردی " دەردەکەوێت .دوایی سەرهەڵدانی بزوتنەوەی شیعری نوێی کوردی گەشەی کردو بەرەو پێشەوە چوو .بۆ نموونە "هەردوو گەشتی هەورامان و قەرەداخ "ولاوکی سور"سێ بەرهەمی چامەی "گۆران " ی شاعیرە .لەئەدەبیاتی هاوچەرخی کوردیشدا ( چامە ) شێوازێکی بەرچاوی ئەزموونی شێرکۆ بێکەسە،سەبارەت بە شێوازی ئەم چەشنە شیعرییە شێرکۆ دەڵێت (( قسیدەی--

---

١-د.دڵشاد عەلی ،بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا ،چاپخانەی ڕەنج،سلێمانی ،١٩٩٨ ،ل٢٤-٢٥

٢-شێخ محمدی خاڵ،فەرهەنگی خاڵ،بەرگی دووەم ،چاپخانەی کامەران ،سلێمانی ،١٩٦٠ ،ل٣٦٣

٣-ڕەفیق حلمی ،شیعر ئەدەبیاتی کوردی ،بەرگی دووەم ،چاپخانەی الشباب ،بغداد ،١٩٥٦ ،ل١٣١

درێژی سەردەم وەك شیعری "لیریکی ،غنائی " هەربەتەنیا ڕەنگدانەوەی هەڵچوون وداچوون وخەمە تایبەتیەکانی شاعیر نین،بە ڵکو بریتییە لە خودی شاعیر و کەسانی تریش،لە دەنگی تایبەتی و گشتی ،لەدەنگی تاك وکۆمەڵ ،لە ململانێی نێوان هەست و هۆشی شاعیرو هێزەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی شاعیرلە ناکۆکیە جۆربەجۆرەکان و ژیان و کۆمەڵ و کات و شوێن ولە ئیستاو ڕابردوو نزیك و دووردا لە هاتو چۆدان، پەنابردنە بەر کەلە پورو داستان و بەیت و وەك هەوێن تێکەڵکردنیان بە گیانی قسیدەکە ))[1] .واتە لەم شێوازە شیعرانەدا ڕووداوەکان زۆرن و هەمەڕەنگن و ئەزموونی جیاواز و جۆراو جۆرەکانی ژیان و سەردەم لەخو دەگرێت هاو شێوەی سەفەرێکی درێژە . ((شێوازی هەمە جۆر لە دەقی درێژدا بەکاردێت و جۆرێك لە دەستکردن و دروستکردنی تێدایە ،ڕەوایە لە بەرئەوە پشت نابەستێت بە چرکە تەقینەوەیەك ،بگرە زنجیرە تەقینەوە یەك لە دوای یەك و جولاندنی ڕابردوو تێڕامانی لە مێژینەن . ))[2] هەروەها تایبە تمەندییەکی شێوازی ئەم جۆرە شیعرانە ی "شێرکۆ بێکەس" هەروەك خۆی دەڵێت -:(( زۆر جار شادێڕێ،شابەیتێ ،ئەبنە تەوەری قصیدەکەو لە دووبارە بونەوەیاندا ڕووداوی تازە وەك گێژەنێ بەدەوری خۆیاندا ئە سوڕێنەوە . بە مجۆرە بزوتنەوەیەکی بەردەوام دروست ئەکەن ،ڕەمز و هێماکان ،لە نێوان کێشەی سەرەکی و خودی شاعیردا تێکەڵ بە یەکتری ئەکەن .جارێك ئەبن بە خاك و جارێکی تر بە دڵدار وجارێکی تر لەگەڵ دیاردەکانی سروشت تێکەڵ بە یەکتر ئەبنەوە وبەو جۆرە پەرە بە نەشونماکردنی خۆیان ئەدەن ))[3] واتە شێرکۆ شێوازی مامەڵەکردنی لەگەڵ "چامە" دا شێوازێکی تایبەتیانەیە ڕەنگدانەوەی بارودۆخی و ڕووداو کارەساتەکانی ڕۆژانەو ساتە ناخۆشەکانی ژیانێتی ،لە چامەکانیدا هەست بە ئازارێکی تایبەت دەکەیت ،ئازارێك وەك ئەوەی بڵێت لەهەرکوێك ئازارێك هەبێت من لەوێم ،ئەگەرچی ئەم ئازارە تایبەتیە پەیوەندی بە شاعیرەوە هەیە ،بەڵام لە هەمان کاتدا ئازاری سەدان و هەزاران مرۆڤی بێچارە و هاوسەردەمی خۆشی بووە ،هەروەکو خۆی دەربارە ی یەکێك لەقسیدەکانی بەناوی " کۆچ" دەڵێت (( ناوەرۆکی قەسیدەی کۆچ بریتییە لە کارەساتی ڕۆژانی هەرەس و ئەو تاقیکردنەوانەی شاعیر تیا ژیاوە ،کەسانی تر تیا ژیاون ،لەدەنگی خۆی و دەنگی ئەوان لە بابەتێتی ڕۆژگار ))[4]. واتە شاعیر نەیویستەوە تەنیا دەنگی خۆی بگەیەنێت ،بەڵکو دەنگی سەدانی تری

---

١- یاسین عومەر ،ئەزموون ،ل٥٢.

٢- سەباح ڕەنجدەر ،سێ کتێب لە بارەی شیعرەوە ،ل ٣١.

٣-یاسین عومەر ،ئەزموون ،ل٥٣

٤-سەرچاوەی پێشوو .

هاوشێوەی خۆیەتی ئەم هەست و سۆزو دۆخە هەر تەنیا سیمای ئەم چامەیە نییە بە ڵکو شێوازی چامەکانی تریش هەر بەو شێوەیە وەکو چامەی ( داستانی هەڵوی سور، برا یمۆك و گۆرانی بەفری منداڵیم )

لە کۆتایدا ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە ئەم شێوازە بەرهەمی ئەزموونی شێرکۆیە ،شێوازێکی داهێنەرانەیە و بەهای جوانیناسی هەر بەتەنیا چێژێکی تایبەتی بە چامەکانی نەبەخشیوە وبەس ،بەڵکو تەکانێکی گەورەی بە شیعری هاوچەرخی کوردی داوە .بە جۆرێك بووەتە قوتا بخانەیەك لەلایەن شاعیرە لاوەکانەوە لاسایی دەکرێتەوە .

## ٢-*پۆستەرە شیعر*

بریتییە لەو شیعرە کورت و پوختەی لەماوەیەکی کورتدا دڵ ودەرونی خوێنەر ڕادەکێشت،خوێنەر بۆ ساتێك هەست بەتێڕامان دەکات .

مێژووی پۆستەرە شیعر بۆسالآنی هەفتاکان دەگەڕێتەوە ،(( لە کۆتای سالآنی هەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو لەناو شاعیران و خوێنەراندا دەرکەوت و باس و خواسی زۆری لێکەوەتەوە ))[١] چونکە لەو سالآنەدا کۆمەڵی شاعیری نوێخواز ویستیان ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەتی بەرەو نوێگەری و داهێنان ببەن ،شایەنی باسە بۆ ئەم شێوازە شیعرییە شاعیران چەندین زاراوەی جۆراوجۆری وەك (( زەرەبینەکان،شتی بچوك پێکە شیعر،شیعرە سات ،دڵۆپە شیعر،ڕستە شیعر ))[٢] و (( پۆستەر شیعر ،کورتە شیعر ،کۆپلە شیعر ،خونچە شیعر ، پشکۆ شیعر ،بروسکە شیعر ،کەڤاڵە شیعر ))[٣] بەکارهێناوە و لەم شێوازە شیعرەدا ،لەم شێوازە شیعرەداشاعیر بەکەمترین وشە گوزارشت لەناخی خۆی دەکات و زۆرترین مەبەستی دەربڕێت .یەکێك لەو شاعیرانەی دەست پێشخەر بوو و ئەم ئەزموونە نوێیە تاقیکردوەتەوە "شێرکۆ بێکەسە " هەروەك "ئەحمەد تاقانە " ئەڵێت (( شێرکۆ بە داهێنەری شیعری پۆستەرو پەرەپێدانی ئەم جۆرە شیعرە دادەنرێت ،چونکە بە شدارێکەی کارێکی قوڵ و کاریگەرە و دیارە ))[٤]

جگە لە شێرکۆ چەن شاعرێکی تریش ئەم ئەزمونەیان تاقی کردوەتەوە وەك ( بورهان ئەحمەدی وفەهد

---------------------------------------------

١-ئازاد عبدالواحید،گەڕانەوەیەك بۆ پۆستەرە شیعر،ڕامان ،ژ،٨٠،لا٣٠٦

٢-بوشرا کەسنەزانی ، پۆستەرە شیعری کوردی و هایکۆیی ژاپۆنی،بەبێ شوینی چاپ،٢٠٠٧،ل١٩

٣-دفوئاد ڕەشید،موبایلە شیعر ،ڕامان ،ژ١١٠،تشرینی یەکەم ،٢٠٠٥

٤-ئەحمەد تاقانە، پۆستەر ...لە شیعردا ، پاشکۆی عێراق،ژ١٥

شوانی ومەریوان وریا قانع ....هتد ) [1] .شایەنی باسە "شێرکۆ "تەنیا یەك زاراوەی دیاری کراوی بەکارنە هێناوە بەڵکو زاراوەی "زەربین ،شتی بچوك ، پە نجەرەی گەڕۆك "ی بەکارهێناوە ، ئەم شێوازە شیعرەی بۆ یەکەم جار لە ڕۆژنامەی هاوکاری دا بەناوی (( دەپۆستەر لە پێشەنگای شیعرێکی کۆچەردا بلاّو کردەوەو هەر لەو ساڵەدا سێ پارچە شیعری بەناوی چەند پۆستێرێك وحەوت پارچە شیعریشی بەناوی شتی بچوك ەوە بلاّو کردەوە، پاش سێ ساڵ پێنج پارچە شیعری بەناوی زەڕەبینەکان وە بلاّو کردەوە ،دواتر هەموویانی لە دیوانێکدا بەناوی کازیوە کۆکردەوە )) [2]

شێوازی نوسین لەم جۆرە شیعراندا زور گرنگن، چونکە یەکێك لە تایبەتیەکانی ئەم هونەرە کورتی و چڕێکەیەتی (( مەودایەکی بەرتەسك هەیە بۆئەوەی هەموو توانایی و وزەی شیعری تێدا بگونجێنرێت )) [3] لە پۆستەرە شیعرییەکانی شێرکۆ بێکەسدا، خوێنەر بە خوێندنەوەی هەست بە ئاسودەی دەکات. هەروەها هەست بەڕوانین و بۆچونێکی قوڵ و ویژدانێکی بەرزتر دەکات.وە یەکێك لە تایبەتیەکانی شێوازی پۆستەرە شیعرییەکانی شێرکۆ چڕبوونەوەی تێدایە. وەکو چۆن زەڕەبینێك هەتاو چڕدەکاتەوە لە خاڵێکدا.هەڵگر یی پەیامێکی تایبەتە و ڕەگەزی گێرانەوە بە سەر ئەم شێوازەی شیعرییەی هەمیشە زاڵە .بێگومان هونەری گێڕانەوەش شێوازێکی نوێ و سیمایەکی جیاوازتر و داهێنەرانەی بە پۆستەرە شیعرییەکانی شێرکۆ بەخشیوە ،چونکە گێڕانەوە شتێکی بەردەوامە لە ژیان و ڕەهەندی زمان فراوان دەکات و، هەمیشە گێڕانەوە دیکە بەدوای خۆیدا دەهێنێ.هەروەها لە ڕووی فۆرمەوە پۆستەرە شیعریەکانی شێرکۆ،چەسپاو نییە ناتوانین بڵێن ئەوەندە دێر ،یان ئەوەندە وشەیە،هەروەك خۆیشی ئەڵێت (( پۆستەر بە دێڕێکی دیاریکراوەوە ناوەستێ،گرنگ کورتی حاڵەتەکەیە ،بەلاّم هەندێ جار ئەو حاڵەتە وێنەی زیاتر لە گەڵ خۆی دێنێ.کە وا دەکات دێڕەکانیش زیاتر بن )) [4] شایەنی باسە شاعیر زۆر گرنگی بە پۆستەر شیعر داوە،بەبەڵگەی ئەوەی لەزۆربەی دیوانە شیعرییەکانیدا بەدیدەکرێت ، لە کۆتایدا ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە لە پۆستەرە شیعرییەکانی شێرکۆدا وشەکان بە پەلە مانا دەبەخشی و وێنەش بە خێرایی دەدەروشێتەوە وە لەرووی زمانەوە هەست بە جوڵەیەکی خێرای وشەکانی زمان دەکرێت .شاعیر ئەم شێوازەی زۆر بە جوانی و سەرکەوتوویی بە ئە نجام گەیاندوە.

---

١-د.فوئاد ڕەشید،دەقی ئەدەبی ئەدگار ،چێژ،بەها،ل٧٢-٧٣

٢-بوشرا کەسنەزانی ، پۆستەرە شیعری کوردی و هایکۆی ژاپۆنی ،ل٢٦

٣-قادر عەلی خا،ڕۆڵ و کەسایەتی وشە لە کورتە شیعردا ،ڕامان ،ژ١٣٥،ل١٥٤

٤- بوشرا کەسنەزانی ، پۆستەرە شیعری کوردی و هایکۆی ژاپۆنی ،ل٣٥

### ٣-ڕۆمانەشیعر

بۆ لێدوان و نوسین لەسەر هەر ژانرێکی ئەدەبی پێویستمان بە ناساندنی چەمکی زاراوەکەیە ،ئەوە سەرچاوانەی لە بەردەستماندان هەریەکە بە شێوازێکی جیاجیا لە بارەی ئەم زاراوەیە دواون.

((ڕۆمانە شیعر (verse novel) بریتییە لەچیرۆکێکی شیعری یان گێڕانەوەیەکی شیعریە ،چیرۆکێکی داهێنراوی تێدا دەگێڕدرێتەوە لە ڕێگەی شیعر لە جیاتی پەخشان)) [١] واتە بریتییە لە چیرۆکێك بە شێوازی شیعری دەهۆنرێتەوە.هەروەها (ویلیام هارمۆن ) لە کتێبی (ڕێبەری ئەدەب ) دا پێناسەی ڕۆمانە شیعر دەکات و دەڵێت (( ڕۆمانە شیعر یان ڕۆمان بە شێوەی شیعر ناوی ئەو دیاردە ناوازەو دەگمەنەیە ،کە خۆی خۆی ڕووندەکاتەوە ،کە هەندێك کۆپلەی ڕۆمانە شیعری سەروادار ،کەچی هەندێکی تریان شیعری ئازادی بێ سەروا بە کاردەهێنن )) [٢] واتە ڕۆمانە شیعر وەك چیرۆك و ڕۆمان بە پەخشان دەنوسرێت ،مامەڵە لەگەڵ ڕووداوا وکارەسات وئەو بەسارهاتانەی ژیان دەکات کەڕوویانداوەبەلاّم بە شێوازی شیعری درێژ دەهۆنرێتەوە .هەندێ لە شاعیر و ڕۆمان نوسەکان پەیڕەوی کێش و سەروا یان کردوە ، هەندێکی تر لەو نوسەرو شاعیرانە پەنایان بۆ شێوازی شیعری ئازاد بردوە ،چونکە نایانەوێت بە هۆی بەکار هێنانی کێش و سەرواوە دنیای بیرکردنەوەی خۆیان سنوردار بکەن پێیان وایە پشت کردنە کێش و سەروا دەسەلاّتی زیاتر دەدات بە شاعیران بۆ مامەڵەکردن لە گەڵ کەرەستەکانی زمانداو ئاسۆی هۆنینەوەی شاعیران فراوانتر دەکات .

مێژووی سەرهەڵدانی ڕۆمانە شیعر لە ئەدەبی کوردیدا بۆ سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە ((قۆناغی سەرهەڵدانی هونەریانەی ژانری ڕۆمانە شیعر لە ئەدەبی کوردیدا بۆ کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم و لە سەر دەستی کۆمەڵێ شاعیری نوێخواز لە دایکبوو ،لەگەڵ ئەم سەرهەڵدانە هونەرییەشدا تا ئیستا (٥) دەقی هونەری ڕۆمانە شیعرمان هەیە )) [٣] گەشەکردنی ژانری ڕۆمان لە ئەدەبی کوردیدا لە کۆتایەکانی سەدەی بیستەمدا پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆەوە بینی ،هۆکەشی بەهۆی ئەو ڕووداو کارەساتە نەخوازراوانەی کە بە سەر میللەتی کورداو تاکی کوردا هات دەگەڕێتەوە . وای لە شاعیران نوسەران کرد کە

---

١-ئەردەلان شوکر سابیر ،تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانەشعرییەکانی شێرکۆبێکەسدا ،نامەی ماجستیر ،زانکۆی سەلاحەدین ،هەولێر ،٢٠٠٩،ل٦

٢-سەرچاوەی پێشوو .

٣-عەبدولاّرەحمان ،ڕۆمانە شیعر –مێژوو و سەر هەڵدان ،چاپی یەکەم ،چاپخانەی ڕۆژهەلاّت ،هەولێر ،٢٠١٢،ل١١٤

پەنا بۆ ژانریکی تر ببەن کە جێگەی هەموو ڕووداو کارەساتەکان ئەم ڕووداو بابەتە مەزنانەی کورد بگرێتەوە باوەشی خۆی و بەتەواوی گوزارشتیان لێبکات ،ئەوە ژانری ڕۆمانی مەزن بوو لە ئاست فراوان ومەزنی ڕووداو بابەتەکان ))[1] ژانری ڕۆمانە ،سنوریکی فراوانی هەیە لەگوزارشت کردن لە ڕووداوە جۆر بە جۆرەکانی ژیان ،بەمەش شاعیران و نوسەران زیاتر ئاشنایی ڕۆمان و توخمەکانی بوون لەئەنجامدا زەمینەسازی بۆ ڕۆمانە شیعر لە لایەن شاعیرە ڕۆمان نوسەکانەوە هاتە ئاراوە .

کۆنترین ڕۆمانە شیعر لە ئەدەبی کوردیدا ڕۆمانە شیعری (زێوان )ە ((زێوان ،ڕۆمانە شیعرێکە لەلایەن (سەباح ڕەنجدەر)ی شاعیرەوە نوسراوە ،بەیەکەم ڕۆمانە شیعر لەئەدەبی کوردیدا لەقەڵەم دەدرێت ))[2] واتە ئەم ژانریە نوییە بۆ یەکەمجار لەسەر دەستی شاعیر (سەباح ڕەنجدەر ) بەناونیشانی (زێوان )دێتە نێو ئەدەبیاتی کوردییەوە .

هەروەها یەکێك لە شاعیرانەی کە هەمیشە سەودا سەری نوێگەری و داهێنان بوو ویستی سەدای خۆی تاقی بکاتەوە جیاواز دەربکەوێت "شێرکۆ بێکەس"ە ، وەك چۆن هەمیشە بە داهێنانەکانی خوێنەران سەرسام دەکات لەم ژانرەیشدا بە شێوازێکی نوێوە سەدای خۆی ئاراستەی خوێنەرا ن دەکات .شێرکۆ خاوەنی سێ ڕۆمانە شیعرە بەناوی ( ڕۆمانە شیعری خاچ ومارو ڕۆژ ژمێری شاعرێك ،ڕۆمانە شیعری گۆرستانی چراکان ،دەربەندی پەپوولە )لەڕووی فۆرم و تەکنیکەوە هەریەك لەم ڕۆمانە شیعریانەی شاعیر بە زمانێکی سادو ساکار نوسراون ،بەلاّم بەناوەڕۆکێکی قوڵ و فراوانەوە . شاعیر هەموو ئەو ڕووداو کارەساتانەی کەبەسەر نەتەوەی کوردو تاکی کوردا هاتووە وەك (کارەساتی ئەنفال ، کە سەدو هەشتاو دووهەزار کوردی بێتاوان بە منداڵ لاو پیرەوە بوون بە قوربانی و لەگەڵ کارەساتی کیمیابارانکردنی شاری هەڵبجە ، )ئەمانەو ڕووداوەکانی تر ، بە هۆی پێنوسەکەیەوە هەستی پەنگ خواردووی دەروونی بەزمانێکی شیعریانە دەر دەبڕێت و بە خوێنەرانی ئاشنا دەکات.وێنەیەکی وا لە هۆش و بیری خوینەردا دەکێشێت .تا دنیا دنیایە نەوە لەدوای نەوە لە بیر نەچێت . واتە شاعیر سودی لە ئەزمونی ژیانی خۆی و دەوروبەر وەرگرتوە چونکە ((ڕۆمان نوس پێش ئەوەی نوسەر بێت ،مرۆڤێکە وەك هەموو مرۆڤێکی زیندوی سەر ئەم زەمینە جەنجاڵە ،بەلاّم لە مرۆڤی ئاسایی زووتر هەست بە شتەکان دەکات و هیچ مرۆڤێك نەیتوانیوە خودی خۆی فەرامۆش بکات ،کەوەسفی پاڵەوانی ڕۆمانێك دەکات .یان بەناخیدا ڕوو دەچێتە خوارەوە و لە

---

١-کارزان موحسن قادر ،سیما تازەکانی ڕۆمانی کوردی لە نێوان ساڵانی (١٩٩١-٢٠٠٠) ،نامەی ماستەر،زانکۆی سەلاحەدین ،هەولێر ،٢٠٠٩،ل٢٦-٢٧

٢- عەبدولاّرەحمان ،ڕۆمانە شیعر –مێژوو و سەرهەڵدان ،ل٩٦

نهێنەکانی ژیان دەکۆڵێتەوە ،ئەوا بێگومان شتەکانی دەورو بەری خۆی یان ناخی خۆی لەناویدا ئاوێتە ئەمدیوی گێڕانەوەی ڕۆمانەکەی دەکات ))[1] ئەم ئاوێتە کردنە وەك شێوازێکی دیار لە هەردوو ڕۆمان شیعرێکەیدا بە ڕوونی بە دیار دەکەوێت "شێرکۆ" سیمایەکی هونەریانەی بەرز بە ڕووداوەکان دەدات بە هۆی ئەم شێوازە وە لە شاعیرە ڕۆمان نوسەکانی تر جیادەکرێتەوە.بە شێوەیەکی وا بەناخی ڕووداوەکاندا ڕۆدەچێت تاپلەی توانەوە .واتە لە مامەڵەکردن لەگەڵ کارەسات و ڕووداوەکاندا بلیمەتی شاعیرمان بۆدەردەکەویت ،((چونکە ڕووداوەکان خۆیان لە خۆیاندا بەهای هونەرییان نییە ،بەڵکو بەهای ڕاستەقینە یان لە جۆری پێشکەش کردنە ))[2]

لە کۆتایدا ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە شێرکۆ بە شێوازێکی داهینەرانە لە ڕۆمانە شیعرییەکانیدا وێنای کارەسات و ڕووداوەکانی کردوە، کە هەرگیز بیرنەچنەوە تا دنیا دنیایە هەر یاد بکرینەوە چونکە شێرکۆ کەدەنوسێت بۆ قۆناغێك یان سەردەمێك نانوسێت ،بە ڵکو بەدرێژایی قۆناغەکانی ژیان شیعرەکانی زیندوون هەمیشە لە دڵ و دەرونی خوێنەردان .

## ٤-دەقی والا (تێکستی کراوە )

دەقی کراوە یان بەرهەمی کراوە یان تێکستی والا،*open text*،بە عەرەبی (((النص المفتوح) یان (العمل المفتوح)،زاراوەیەکی ڕەخنەی نوێیە و لە لێکۆڵینەوەکانی ڕەخنەی ئەدەبی و هونەری نوێدا بەکاردێت .ڕۆماننوس وسیمبۆلۆژیستی ئیتالی "ئۆمبرتۆ ئیکۆ " ئەم زاراوەی داهێناوە .کتێبێکیشی بەو ناوە وە چاپکردوە ،مانای ئەم زاراوەیە پەیوەندی بە ڕاڤەکردن و تەئویلی تێکستی ئەدەبی و هونەرییەوە هەیە ،لەوەی چەند ماناو تەئویلی هەڵدەگرێت .))[3]

دەقی کراوە ئەودەقانە دەگرێتەوە کە جیهان بینینێکی زۆر باڵی بەسەردا کێشاوە ،یەکێکە لە سیما نوێکانی شیعری هاوچەرخی کوردی ، پشت بە توانایی شاعیر دەبەستێت ئەم جۆرە دەقانە بەوە جیادەکرێتەوە کەچەند لێدانەوە ڕاڤەکاری جۆراو جۆر هەڵدەگرێت .

---

١-سابیر ڕەشید،ڕۆمانی کوردی (خوێندنەوەو پرسیار) بەشی یەکەم ،چاپی یەکەم،بلاو کەرەوەی ئاراس،هەولێر ،٢٠٠٧ ،ل٤٨.

٢-د پەرێز سابیر ،بینای هونەری چیرۆکی کوردی (لە سەرەتاوە تاکۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی )،دەزگای چاپ و پە خشی سەردەم ،سلێمانی ،٢٠٠١،ل٤٨

٣-د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد،فەرهەنگی زاراوەکان ،ل١٨٥

هەر سەبارەت بەدەقی کراوە (("Anthony"و"VivianMihalakis" ئەوەیان ڕوونکردوەتەوە لە سەر چۆنێیەتی شێوازی تێکستی کراوە چەند بایەخێکی هەیە لەلایەن خۆێنەرەوە ،خوێنەر دەتوانی لێکدانەوەی تەواوی هەبێت بۆ دەقە کە و یارمەتی دەربێت بۆ خوێنەر لەڕووی ماناو بایەخی داڕشتنەکەیەوە ،بۆ نموونە چەند نیشانەیەکیان داناوە ئەبێت لە داڕشتنی کراوەدا هەبێت وەکو توانی شێوازی کفتو گۆ هەڵبگرێت ،کۆتایەکەی ناڕوون بێت ،دەرخستنی هەندێك کێشە وموناقەشەکردن دەربارەی پیشاندانی بیرو ڕای جیاواز هەروەها ناکرێت لە یەك دەقی کراوەدا هەموو شتەکان کۆ کرابێتەوە ،بەڵام ئەکرێت دووان یان سیانیان بەیەکەوە لەیەك دەقی کراوەدا بەکاربهێنرێت ))[1] واتە ئەو دەقانە بەدەقی کراوە دادەنرێت ،کەشێوازێکی جیاوزبێ و یان کۆتایەکی دیاری کراوی نەبێت کۆتایی و ئە نجامەکەی بۆ خۆێنەر جێبهێڵێت ،ئەم جۆرە دەقانە پێویستی بە خوێنەری نموونەی هەیە ،چونکە دەق هەمووشتی ناڵێت ((تەنیا خوێنەر دەتوانی لەمەبەستەکانی نوسەر بگات،بەڵکو دەتوانێ لەوەش بگات کە تێکستەکە نایڵێت یان راستەوخۆ نایگەیەنێت ،کەوەك مانایەك لە پشت تێکستەکە شاراوەیە ،تێکست وەك کێڵگەیەك وایە لەناوەوە چالاکە کەتێیدا نوسراوە ،"ئەوەی نوسراوە " بە هاو کاری نیشانەکان ،خوێنەر دەگرێ و دەیجوڵێنێ ،لیرەدا ئەم هاوکارییە بە شێکە لە و ستراتیژیە لەلا یەن دانەر یان نوسەرەوە داڕێژراوە ))[2] واتە خوێنەر رۆڵێکی بەرچاو دەبینێت لە دیاری کردنی مەبەستی شاعیرە ڕاگری و کارو کاردانەوەی شیعرەکە لەگەڵ خوێنەرەکەیدایە .

لەناو ئەدەبی کوردیدا بەگشتی و ئەدەبی هاو چەرخ بەتایبەتی "شێرکۆبیکەس"چەند تێکستێکی کراوەی نوسیوە ،"شێرکۆ" وەك شاعرێك و ڕەخنەگرێك سەبارەت بە دەقی والا دەڵێت :((ماڵێکە نەیەك بابەت و نەیەك فۆرمی دیاریکراو تێدا نازی ،هیچ کام لە شیعرو چیرۆك و پەخشان و پەخشان شیعر و شانۆ نامە ،خاوەنی هەموو ماڵەکە نین ،بەڵام لە هەمان کاتدا ماڵی هەموویانە ))[3] مەبەستی شێرکۆ ئەوەیە کەوا بریتییە لە تێکستانەکە هەموو ژانرە ئەدەبیەکان لەخۆدەگرێت ،دەکرێت ئەم بۆچوونەی وەکو شێوازی دەقە والاکانی شێرکۆ بناسریت ،هەروەها شێرکۆ لە بارەی زمانی ئەم جۆرە دەقانەوە دەڵێت (( دەبێت زمان بگۆڕم ، یان بە واتایەکی تر شێوازی جیا جیا بەکاربهێنم ،ئەگەر چی بەگشتی فەزای دەقەکە لە زمانی شیعر جیانابێتەوە ،بەڵام لە سەرێکی تروە هەر ڕەگەزێکی ئەدەبی سیفەت و خاسێتی تایبەتی خۆیان ئە

---

١- Mihalakis.v petrosky.A(2015).textSelectionforliteratureDiscussions.ht.
Tp://ifl.pitt.edu/index.php/blog/index/text-selection-for-literature-discussion

٢-د.موحسن ئەحمەد عومەر ،فەرهەنگی ئەدەب،چاپخانەی حەمدی ،سلێمانی ،٢٠١٢،ل١٨

٣-شێرکۆ بێکەس ،دیوانی ملوانکە ،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ،٢٠٠٧،ل٦

پارێزن هەر لە بەر ئەوە یە لە کاتی خوێندنەوەی شیعرەکاندا بە بەراورد لەگەڵ پەخشان و چیرۆك و شانۆ نامەدا ،هەست و ڕەنگ بۆن و لە گۆڕاندایە .)) [1] لەم دەقاندا دەتوانین ئاماژە بە دەقی (ملوانکە ،کورسی ،ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە...هتد ) بدەین ،شێوازێکی بەرزیان هەیە و سیما داهێنەرانی پێوەیە ،هەڵگری فەزایەی قوڵ و فراوانە لەڕووی شێواز و داڕشتن و لەڕووی بیرو واتایشەوە،لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت شاعیردەستێکی باڵای هەیە ،لە هۆنینەوەی ئەم جۆرە دەقانە و توانیوێتی بە شێوازێکی تەکنیکی و ڕوانینێکی جوانەوە مامەڵە لەگەڵ کەرەستەکانی زمان بکات ،بەشێوازێکی گونجاو توانیوێتی گونجاندن لە نێوان کات و شوێنی ڕووداوەکان بکات .

---

١-شێرکۆ بێکەس ،دیوانی ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە ،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ،٢٠١٢،ل٥

## ٢ / ئاوازی ناوەوەی شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس

شیعر بە گشتی کۆمەڵێك تایبەتمەندی لە خۆ دەگرێت وەك "وێنەی شیعری، سۆز ،ئەندێشە ڕێکخستنی وشەو دەستەواژەکانی ( چنین ) ،ئاواز... " کە جیای دەکاتەوە لە هەرنوسین وبابەتێکی تر کە ئەدەبی بێت یان نوسینێکی سادە بێت.

ئاوازی ناوەوە ((لە ئەنجامی ڕێکخستنی ورد و جوانی وشە و دەستەواژەکانی ناو دێڕە شیعر پەیدا دەبێت ،بە جۆرێك کە پەیوەندی بەیەکەوە گونجاندن لە نێو دەنگەکان یان پیتەکانی دوایی وشەکاندا هەبێت ئەمەش هەندێ جار شاعیر بە مەبەست هەوڵی ڕێکخستنیان دەدات ،هەندێ جاریش بە ڕێکەوت دروست دەبێت ))[1] واتە دووبارەبونەوە و چەند جارەی وشەو ڕستەکان ڕۆڵی هەیە ،لە ئاوازدارکردنی ناوەوەی شیعر ،ئاوازی ناوەوە ((تاڕادەیەك ئاوازێکی شاراوە و نادیارە ،لە ئەنجامی کاری هەڵبژاردن و گەڕان بە دوای وشەی ئاوازدارو دەنگی جوڵەیی و موسیکی ئەو وشانەدا یە ))[2] هەر شاعرێك بە شێوەیەکی جیاواز مامەڵە لەگەڵ کەرەستەکانی زماندا کردوە .بە شێوازی هونەریانەی بەرز وشەکانی گونجاندوە تاکو بەهۆیەوە ئاوازێکی تایبەت بە بەرهەمەکەی بدات .

هەروەك لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا ،ئاوازی ناوەوە خۆی لە دووبارەکردنەوەی وشە ورستە ... هتد ،دا دەبینێتەوە ،ئەم بابەتانە لەپاڵ ئاوازی دەرەوەدا شاعیران بەکاریان هێناوە بۆ ئاوازدار کردنی بەرهەمەکانیان ،بۆ ئەم مەبەست ئەو وشە کەرەستانە دەخەینە ڕوو کە شاعیر "شێرکۆ بێکەس" بەکاری هێناوە بۆ ئاوازدارکردنی بەرهەمەکانی :-

### ١- دوبارەکردنەوەی دەنگ

لە هەموو زمانەکانی دنیا ،هەر زمانێك کۆمەڵی دەنگی تایبەتی هەیە ،زمانی کوردیش کۆمەڵی دەنگی تایبەتی هەیە و دەبنە بنەمای ئاخاوتنی قسەپێکەرانی ،دەنگەکانیش بەسەر دوو دوبەشی سەرەکی دابەش دەبن ،دەنگی بزوێن و دەنگی نەبزوێن .شێرکۆ بێکەس بە شێوەیەکی کارامە مامەڵەی لەگەڵ دەنگەکانی زمانەکەی کردوە .ئەویش لەڕێگەی دووبارەبوونەوەی دەنگە بزوێن و نەبزوێنەکان .ئاوازێکی خۆش و نەشئە بەخشی وشیعرریيەتی بە شیعرەکانی بەخشیوە . هەروەك لەم نمونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت :-

---

١- پەخشان عەلی احمد،شێوازی شیعری گۆران ،ل١٣٢

٢-د. حمە نوری عومر کاکی ،شێواز لە شیعری نوێی کوردیدا ،ل١٢٦-١٢٧

ئەو رۆژەی کەسکت پۆشیبوو

هەستمکرد منیش وا ئیتر وردە وردە

ئەبم بەمێرگ و سەوزەگیا.

ئەو رۆژەی سورت پۆشیبوو

هەستمکردمنیش وائەبم

بەدارهەناری سەررێگا                    لە گوڵەو هەتا سووتوو ،ل٥٧٢

ئەم شیعرە جگە لەوەی کێش و سەروایەکی تایبەتی خۆی هەیە ،کە ئاوازی دەرەوە پێکدەهێنن ،ئاوازی ناوە وە لە ڕێگەی (٥)جار دوبارەبونەوەی دەنگی نەبزوێنی (س) لە وشەکانی (کەسك ،هەستمکرد،سەوزەگیا ،سوور ،سەر ) و(٣)جار دوباربونەوەی دەنگی (ش) لەو شەکانی ( پۆشیبوو ،منیش ) و (٣)جار دوبارە بونەوەی دەنگی (گ) لە وشەکانی (گیا،ڕێگا ،مێرگ) لەکاتنی خوێندنەوە بۆهۆی چەندان دوبارەبونەوەی ئەم دەنگانەوە هەست بە ئاوزێکی خۆش دەکەی .هەروەها لەم پارچە شیعری خوارەوە یشدا ،بەهۆی دوبارە بونەوەی دەنگە بزوێنەکانی (ە،و) ئاوازیکی گونجاو و سازگاری بەشیعرەکە بەخشیوە .

شاخ وتی شۆرش ڕوبارە

جارێ تیژو جارێ خاوو

هەندێجاریش بێبوارە.

روبار وتی شۆرش شاخە

جارێ لوتکەو جارێ گەورە و

هەندێ جاریش بن بنارە.                    ئاوێنە بچکۆلەکان ،ل ٦٢٠

ئەگەر بە دیوانەکانی شێرکۆ بێکەسدا بگەڕێن وە چاوێك بە شیعرەکانیدا بخشێنین بە ڕێژەیەکی زۆر فراوان ئەم دیاردەیە بەرچاو دەکەوێت ،بوەتە شێوازێکی تایبەتی شاعیر ،بە پێی هەست و سۆزی خۆی ئەو شێوازەی داوەتە دەقە شیعریکەی ،چونکە ڕێخستنی ئاوازی ناوەوە سیستەمێکی دیاریکراوی نیە و هەر شاعرێك بە پێی تواناى خۆی دەتوانێت شێوازێکی تایبەتی پێبدات .

## ٢- دوبارەکردنەوەی وشە

دوبارەکردنەوەی وشە رۆڵێکی چالاکی گێڕاوە لە ئاوازدارکردنی ئاوازی ناوەوەی دەقی شیعری ،چونکە

((موسیقای ناوەوەی شیعر خۆی لە ڕێکخستنی ورد و جوانی وشەکانی نێو دێرشیعرو پاش و پێشکردنیان و دوبارە کردنەوەیاندا دەردەخات و بەمەش ئاوازێکی ڕەوان بە شیعرەکە دەبەخشێ کەهەندێ جار لە موسیقای دەرەوەی شیعر کاریگەر ترە .)) [1]،هەر سەبارەت بەگرنگی دووبارەکردنەوەی وشە لە ئاوازدارکردنی دەقی شیعری ،"جەبار ئەحمەد حسێن" دەڵێت ((دووبارە کردنەوە لە شیعرە دوو مەبەست پێکدێت :یەکەم -چێژ بەخشین کە مەبەستی ئیستاتیکی ڕووتە دووەمیش –سەرنج ڕاکێشانی خوێنەر بۆ ئەو وشە (یا گوزارشت ،یان رستە) ی دووبارە دەکرێتەوە ،کە گرنگی تایبەتی لەناو دەقە شیعرێکە هەیە ))[2] لێرەدا بۆمان ڕووندەبێتەوە دووبارە کردنەوە بۆ مەبەستی چێژ بەخشین و سرانج ڕاکێشانی خوێنەرە ،بەلاَم پێویستە دوبارەکردنەوەکە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی نەبێت ،بۆ ئەوەی لە نرخی دەقە شیعرێکە کەم نەکاتەوە .

ئەوەی لێرەدا گرنگە هونەری دووبارەکردنەوە وەك هونەرێکی نوێ تەماشادەکرێت ،کە شاعیرانی قۆناغە نوێخوازەکان بەکاریان هێناوە بەبەراورد لە گەڵ شاعیرانی کلاسیکی بە شێوەیەکی کەمتر ئەم هونەرە یان بەکارهێناوە

دەقە شیعرییەکانی شێرکۆ پڕاو پڕن لەهونەری دووبارەکردنەوە وشە ، موسیقایەکی پڕ لە هەست و جوڵە بەخشی بە دەقە شیعرێکە داوە .گونجان و ڕێکێکی تەواو لە نێوان و شەو کەرەستەی ڕستەکانی دەقە شیعرەکان بەدیدەکرێت .دوبارە کردنەوەی وشە خوی لە دوو جۆردا دەبینێتەوە :

### یەکەم- دووبارەکردنەوەی وشە لە سەر ئاستی ستونی :-

لەم ئاستەدا وشەکان لە هەموو دەقە شیعرێکدا دووبارە دەبێتەوە ،واتە دەکرێت وشەکە بکەوێتە سەرەتای شیعرەکەوە یان ناوەراست یان کۆتایی دەقە شیعرێکە ،شێرکۆ دەست ڕەنگینی خۆی لەم هونەرە بەتەواوی دەردەخات ،دوبارە کردنەوەکانی زۆر بەهێزن و کاریگەرن ، بە خێرا سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشن دەبێتە بەشێك لە شێوازی تایبەتی شاعیر .هەروەك لەم دەقە شیعریانەی خوارەوەدا هەستی پێدەکەین :

---

١- ئاسۆ عومەر مستەفا ،بەها ئیستاتیکییەکانی شیعر لای پیرەمێرد وشێخ نوری شێخ سالح و گۆران ،نامەی ماستەر ،زانکۆی سەلاحەدین ، کۆلێژی پەروەردە ،هەولێر ،٢٠٠٧،ل٩٠

٢-جەبار ئەحمەد حوسێن ،ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردی کوردستانی عێراق ،(١٩٥٠-١٩٧٠) دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ،سلێمانی ،٢٠٠٨،ل٢٠٧ .

......

درەنگ گەڕامەوە بۆلای

ژوری ژانەکانی خۆم و

کورسی خۆم و، چرپای خۆم و

خەوی خۆم و پرسیاری خۆم !

ئەوەی بۆی نەبووم غەریبیی ڕەنگی خۆم بوو !

ئەوەی بۆی نەبووم ئاسمانی چاوی خۆم بوو .

ئەوەی بۆی نەبووم فڕینی سەری خۆم بوو . تۆ ئەتوانی بەقومێ ماچ بمخەیتە هەڵقوڵین ،ل٢٥٣

...............

لێرەدا بەهۆی چەند جارە دوبارە بونەوەی جێناوی نیشانە (ئەوە ) وشەکانی ( خۆم ،بوو ) دەستەوەاژەی (بۆی نەبووم ) ئاوازێکی تایبەتی بەخشیوە بە دەقەشیعرێکە.

......

بچمە هەرکوێ هەر باڵندەی هێلانەکەی

عیشقی ئێوەم

چارەنوسی ئەم سەفرە م

چارەنوسی سنەوبەری شیعرتانە

چارەنوسی ئەم کەشتییەم

چارەنوسی بەندەرتانە شایی شەهید ،ل٤٥٥

ئەگەر چاو ێك بە دێوانە شیعرییەکانی شێرکۆدا بخشێنین ،،دەبینین بە شێوەیەکی فراوان دووبارەکردنەوەی وشە لە سەر ئاستی ستونی بەدیدەکرێت ، بوەتە شێوازێکی بەرچاو .جگە لەو نموونە شیعریانەی کەلە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کردوە ،لەم خشتەی خوارە وشە دوبارە بوە کان و چەند جارەی دوبارە بوونەوەیا لە کۆ مەلە شیعری (ئافات ) لە سەر ئاستی ستونی دەخەینە ڕوو :-

| وشه دووباره بوەكان | ژمارەی دووبارەكردنەوەیان | وشه دووباره بوەكان | ژمارەی دووبارەكردنەوەیان |
|---|---|---|---|
| ئاوێزان | ٧ جار | لێشاو | ٣جار |
| وەختێ | ٤جار | فرمان | ٣جار |
| ئەی | ٨جار | پڕبوون | ٣جار |
| تۆ | ٤جار | ئەترسێ | ٢جار |
| وا | ٢جار | بوون | ٣جار |
| هەرچی | ٢جار | به | ٣جار |
| ئەمه | ٣جار | لەسەرانسەر | ٢جار |
| هەموو | ٨جار | نەبێ | ٢جار |
| لەم | ٢جار | نەما | ٥جار |
| ئێمه | ٩جار | جارمانگ | ٢جار |
| ترس | ٢جار | چەندین | ٢جار |
| له | ٧ جار | بوو | ٢جار |
| ئەوە | ٩جار | خوداوەند | ٣جار |
| تۆ | ٣جار | كورسی | ١١جار |
| بڕوانه | ٣جار | گۆڕ | ٤جار |
| پەری زاده | ١١جار | تێك ئاڵن | ٢جار |
| ئەم | ٣جار | بێشه | ٨جار |
| كەوته پێش | ٢جار | قاقا | ٦جار |
| ئوه | ٤جار | بووم | ٥جار |
| هەمیشه | ١٢جار | تاقم | ٢جار |

| | | | |
|---|---|---|---|
| نیوە | ٢جار | نوێژ | ٢جار |
| لەگەڵ | ٢جار | چ | ٣جار |
| بکوژ | ٥جار | وەك | ٥جار |
| ئاوا بون | ١١جار | غەزا | ٩جار |
| کۆی گشتی | | | ٢١٧جار |

**دووەم / دووبارەکردنەوەی وشە لە سەر ئاستی ئاسۆیی :-**

**بریتییە لە چەند جارەی دووبارە بونەوەی وشەیەك لە سەر ئاستی ئاسۆیی ،کە تام و چێژێکی بە هێزی هەیە خوێنەر دەوروژێنێت،سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێت و ئاوازێکی تایبەتیش بە دەقە شیعرێکە دەدات، مەرج نییە وشە دووبارە بوەکان ڕاستەوخو بە دوای یەکدا بێن. شاعیر لە زۆربەی شیعرەکانی نێو دیوانەکانیدا ئەم جۆرە دوبارەکردنەوە کردوە ،هەروەك لەم پارچە شیعرانەی خوارەوەدا بەدیدەکرێت :**

**وردبونەوە ی وشە لە وشە .**

**وردبونەوەی خەیاڵ لە خەیاڵ .**

**وردبونەوەی چاوم لە چاوت.**

**وردبونەوەی لەشم لە لەشت .**

**کردیانم بەزەریاو .**

**کردیانم بە ئاگر.**

**دورکەوتنەوەی وشە لە وشە.**

**دورکەوتنەوەی خەیاڵ لە خەیاڵ.**

**دورکەوتنەوەی چاوم لە چاوت.**

**دورکەوتنەوەی لەشم لە لەشت.**

**کردیان بە شەختە و**

کردیانم به قاقڕ ٤ میرگی زام و میرگی هەتاو ،ل٢٠١

له م نمونەی سەروە دەبینین وشەکانی ( وشه ، خەیاڵ، چاو ، لەش ) هەریەکەیان ( ٤ )جار دوبارە بونەتەوە ،هەروەها وشەکانی ( وردبوونەوە ، کردیانم ، دورکەوتنەوە ،کردیان )به شێوەیەکی ستونی ،ئاوازێکی خۆش و سرنج راکێشیان بەدەقە شیعرییەکە بەخشیوە .

................

ریزێك مۆم و ریزێك شیعر

که مردن هات فوی لێکردم

یەکەم ریزم دوکەڵێکه

پەرت پەرت ئەڕواو بزر ئەبێت

ئەچێتەوە ناو دڵی خوا میرگی زام و میرگی هەتاو ،ل١٨٨

شایانی باسەجگە لەو نمونانەی خستمانە ڕوو ،لەم خشتەی خوارەوە ،ئەو وشه دوبارە بوانە، کەراستەوخۆ لەدوایی یەك هاتون و هیچ وشەیەکی تر نەکەوتوەتە نێوانیانەوە دەگرێتەوە، چەندجارەی دوبارە کردنەوەیان له سەرئاستی ئاسۆیی له کۆمەڵە شیعری "تۆ ئەتوانی بەقومێ ماچ بمخەیتە هەڵقوڵێن "دەخەینه ڕوو :

| وشه دووبارە بوەکان | ژمارەی دووبارەکردنەوەیان | وشه دووبارە بوەکان | ژمارەی دووبارەکردنەوەیان |
|---|---|---|---|
| شەقژن شەقژن | ١جار | خۆت بیت خۆت بیت | ١جار |
| ئەتوانی ئەتوانی | ١جار | پەیڤ پەیڤ | ١جار |
| کزە کز | ٢جار | ئاسمان ئاسمان | ١جار |
| لرف لرف | ١جار | درێژ درێژ | ١جار |
| بەرزە فڕ بەرزە فڕ | ١جار | پۆل پۆل | ١جار |
| ئەڵقه ئەڵقه | ٣جار | نەغمە نەغمە | ١جار |
| لەرزە لەرز | ١جار | نۆتە نۆتە | ١جار |
| توانەوە توانەوە | ١جار | ڕستە ڕستە | ١جار |

| | | | |
|---|---|---|---|
| پرسیار پرسیار | ١جار | گەڕەك گەڕەك | ١جار |
| پرتە پرت | ١جار | ئازار ئازار | ١جار |
| درەنگ درەنك | ١جار | شەقام شەقام | ١جار |
| خۆم خۆم | ٢جار | هاوار هاوار | ١جار |
| غەریب غەریب | ١جار | ماڵ ماڵ | ١جار |
| خۆی خۆی | ١جار | تروسك تروسك | ١جار |
| دێنەوە دێنەوە | ١جار | پوکو پوك | ١جار |
| لەدەس چوو لەدەس چوو | ١جار | پەرت پەرت | ١جار |
| بپرسێت بپرسێت | ١جار | دەر نەکەوت دەرنەکەوت | ١جار |
| فێنك فێنك | ١جار | سەرنج سەرنج | ١جار |
| بێهۆش بێهۆش | ١جار | ژن ژن | ١جار |
| پەلکە پەلکە | ١جار | زریکە زریکە | ١جار |
| چیرۆك چیرۆك | ١جار | ڕەش ڕەش | ١جار |
| ڕستە ڕستە | ١جار | رۆزێك رۆژێك | ١جار |
| هەموو هەموو | ٢جار | بریسکە بریسکە | ١جار |
| فرمێسك فرمێسك | ١جار | یەك یەك | ١جار |
| یاگاری یادگاری | ١جار | سەرخۆش سەرخۆش | ١جار |
| شار شار | ٢جار | هەرگیز هەرگیز | ٢جار |
| ڕەوان ڕوان | ٢جار | ئینگا ئینگا | ١جار |
| قوڵ قوڵ | ٢جار | رۆح رۆح | ١جار |
| جریوە جریوە | ١جار | ساڵ ساڵ | ١جار |
| تەواو تەواو | ١جار | ئەژدیها ئەژدیها | ١جار |

| | | | |
|---|---|---|---|
| دڵ دڵ | ٣جار | گرنج گرنج | ١جار |
| ئاورێشم ئاورێشم | ١جار | تازە تازە | ١جار |
| بوتڵ بوتڵ | ١جار | پڕ پڕ | ١جار |
| ئەلێن ئەلێن | ٢جار | هەمان هەمان | ١جار |
| بازن بازن | ١جار | چاو چاو | ١جار |
| دارە دارە | ١جار | هەمیشە هەمیشە | ٥جار |
| سەما سەما | ١جار | نێر نێر | ١جار |
| ئازادی ئازادی | ١جار | قولە قوڵ | ١جار |
| تیفە تیف | ١جار | بێ هودە بێ هودە | ١جار |
| سوپاس سوپاس | ١جار | قاسپە قاسپ | ١جار |
| ژەنەراڵ ژەنەراڵ | ١جار | كانی كانی | ١جار |
| كۆیی گشتی | | | ٩٨ جار |

### ٣- دووبارەكردنەوەی دەستەواژە

ئەم دوبارە كردنەوەیە شێوازێكی دیاری شاعیرە لە زۆربەی دەقە شیعرییەكانیدا ،بەدیدەكرێت ،ئەوەی جێ سەرنجە دوبارە كردنەوەكان هەم وشەو هەم دەستەواژەو تێدایە .ئەم دوبارەكردنەوەیش بە مەبەستی جەخت لەسەركردنەوە بووە ئاوازی ئاوەوەی پێ ڕێك خستوە .بۆ نموونە شێركۆ لە دەقە شیعرێكدا بەناونیشانی "ژەنەراڵ " دەلێت :

ئەی ژەنەراڵی پیرەلۆك

ئەو رۆژەی تۆ لە بەرۆك و لە گیرفانی

ناو زاخۆدا بۆم ئەگەڕێی

من ئەو كاتە لە ناو گەروی دەرسیم دام و

بووم بە تیشك و

**بووم بە باهۆز**

**ئەی ژەنەراڵی پیرە لۆك                  مێرگی زام و مێرگی هەتاو،  ل٢٦١**

......

**لە م دەقەی سەرەوەدا تاکۆتای دەقەکە (٢)جار دەستەواژەی (ئەی ژەنەراڵی پیرەلۆك ) ی دوبارەکردوەتەوە ،بۆیە شێوە و شێوازێکی جیاوازوی بەدەقەکە داوە ،شاعیر ئاوازی ناوەوەی پێ ڕێکخستووە .یاخود لە دەقێکی تردا بە ناونیشانی "نوسین "دەڵێت :-**

**ئاسمان هەردەم ..ڕێژنە باران نانوسێ.**

**باران هەردەم ..ڕوبارو جۆگە نانوسێ**

**ئاویش هەردەم .. باخ نانوسێ.**

**باخیش هەردەم .. گوڵ نانوسێ.**

**منیش شیعر !                         مێرگی زام و مێرگی هەتاو ،ل١٦٠**

**لەم دەقەدا شاعیر (٤) جار وشەی (هەردەم ) ی دوبارە کردوەتەوە ئاوازی ناوەوە ی دەقەکەی پێ ڕێك خستوە . هەروەها کرداری (نانوسێ) ،(٤) جار بەتەواوی جارێکیش بە ناڕاستەوخۆ ،لە دوایی شیعرەکەوە نەنوسراوە ،دوبارەکردوەتەوە .هەروەها لە پارچە شیعرێکی تردا بەناونیشانی "گرێ" (٦) جار دەستەواژەی (ئەسوتێم ) بەکار هێناوە .**

**شێوازێکی دیکەش هەیە کە بریتیە لە بوونی چەند وشەك یان دەستەواژەیەك لە شیعرێکدا دووبارە کردنەوەیان بە ئاوەژوو کراوەیی ،ئەم شێوازەیش وەك شێوازەکانی ترلەشیعرەکانی شاعیردا، ڕۆڵیان لە دروستکرنی ئاوازی ناوەوەدا هەیە ، تێبینی وشە هێڵبەژێرهاتوەکان ،ئەو وشانەن کە واتاکانیان ئاوەژوو کراوەتەوە. هەروەك لەم نمونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت دەڵێت :-**

.........

**غەریبی ناو گیانی خۆمم .**

**<u>سپی</u> <u>ڕەش</u> و <u>ڕەشی</u> <u>سپی</u> و**

**دەنگدانەوەی ناو بێ دەنگی و**

**ڕەنگدانەوەی ناو بێ ڕەنگی و**

**<u>سوڕانەوەی</u> ناو <u>وەستانی</u> جەستەی خۆمم.                    ئافات ،ل ٤١**

## ٤- دووبارەکردنەوە نیوە دێڕ

لە شیعرەکانی شێرکۆدا جگە لە دوبارە بوونەوەی وشەو دەستەواژە ،شێوازێکی تر بەدیدەکرێت ،ئەویش شێوازی دووبارە کردنەوەی نیوە دێڕە شیعرە ،بەلاَم زۆرجار دووبارە کردنەوەکە دوو سێ دێڕ یان یا زیاتر دەکەوێتە نێوانیانەوە. ئەم دووبارە کردنەوەیە لە سەرپای دەقەکە ،ئاوازی نوێ پێکدەهێنێت و ئاوازێکی خۆش بە دەقەکە دەبەخشێت وە لە بەشێکی زۆری دیوانە شیعریکانی شاعیردا بەرچاو دەکەوێت. هەروەك شاعیر لە شیعری ( ڕووەو -خوا ) دەڵێت :-

ئەمە با هۆزی مردنە ؟

یاخود کۆستێکی باڵدارە

بەم بەیانییە خەواڵووە

لە دەر بەندی بەهارێکی ترساوەوە

بە نێو تان پۆی هاوارو زریکەدا

.....

ئەمە باهۆزی مردنە ؟

یان تەپا و تلی مێژوومە ؟

یان خل بونەوە ی دۆزەخە                    مێرگی زام و مێرگی هەتاو ،ل٦٧

لێرەدا شاعیر نیوەدێڕی ( ئەمە باهۆزی مردنە ) ی چەند جارێك دوبارەکردوەتەوە لە شیعری ( پرشنگی ڕۆح دەستگیرناکرێ ) دا نیوەدێڕی( ئێرە سلەیمانییە ) دوبارە کردوەتەوە ئاوازی ناوەوەی شیعرەکانی پێ رێك خستوە .

ئێرە سلەیمانییە.ئەوە چەند رۆژە لە چاوانی سلەیمانیدا

تەم و مژی خەمێکی گەورە ،خەمێکی سورباوی بە گینگڵ

بالاَی گوێژەو گڵە زەردەو ،بەرپە نجەرەی ژیا نمان و

ئاسمانی سەر ماڵمان و ،گەلیەکانی هەناومانی داگرتووە !

ئێرە سلەیمانییە ،ئەوە چەند رۆژە

لە دەربەندباسەڕەکەی گیانی ئەم شارەدا

کەڵە پشکۆکانی ئازارو تۆڵە بەیەکەوە ئەگەشێنەوە .

.......

ئیرە سلە یمانییە ،درەختەکان لەماڵەکان زویر ترن .

......

ئیرە سلە یمانییە ،شاری شێخ و شاری قودسییە .

....

ئیرە سلە یمانییە ،منیش شاعیرێکی ئێوەم

شاعیری گوڵ و قوربانیی .

لە گەڵتانم چراکانی سەرهەڵموت ،ل٧٦٧

ئەم دیاردە یەلە دیوانی شاعیربەرگی (٤) لە( ل١٧،ل٢٣،ل٥٦٣،ل٨١٥ ....هتد) دا هەیە .ئەو شێوازەی بەکارهێناوە بۆ ئاوازدارکردنی بەرهەمەکەی ،هەروەها لەدووبارەکردنەوەکان دوبارەکردنەوەی مێژوو ،ڕووداو ،ناوی کەسایەتییەکان ،تێدایە بۆمەبەستی جەختکردنەوەیە .

## ٥- دژیەك

شێوازێکی ترە لە بنیاتنانی ئاوازی ناوەوەدا ،(( بریتی یە لە بەکارهێنانی دوو وشە کەلەڕووی واتاوە پێچەوانە"دژ" ی یەکترن نەك لە ڕووی داڕشتنی زمانییەوە ))[1]،شێرکۆ باڵا دەستی خۆی نواندوە و سودێکی زۆری لەم هونەرە وەرگرتوە ،بەهۆی بەکارهێنانی ئەم وشە "دژ" ئاوازی وەکو باران بەسەر دەقەکە داباراندووەو چەندین دەقی جوان و سەرنج ڕاکێشی پێشکەش کردوین ، وشەی دژ یەك لەڕووی بنەمای دروست بوونییەوە دەکرێتە دوو جۆرەوە :-

---

١-صافیە محمد ئەحمەد ،شێوازی شیعرەکوردییەکانی پیربال مەحموود،ل١٠٤

### یەکەم // دژیەکی فەرهەنگی :

ئەم جۆرەیان بریتیە لە هێنانی دوو وشەی کە لە بنەڕەتدا پێچەوانەی یەکترن ،هەروەك "د.عەزیز گەردی " دەڵێت (( هێنانی دوو وشەی مێمڵ دژ یەك ، وەکو :تاریکی و رووناکی ، پیس و پاکژ،بەرزو نزم ، رۆژ وشەو ،رەش و سپی ،گەورە و گچکە ،ئەمانە هەمویان دژ و پێچەوانەی یەکترن )) [1] ئەم جۆرە وشە دژ یەکانە ، لای شاعیر زۆر بە کارهاتوە ،هەروەك لەم نمونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت :-

.......

وەختێ درەنگ

کە سەعاتەکەم ئەکەوێتە وەنەوزادان و

بیرەوەریم لەسەر جێگە

باوێشك ئەدا و

شەو خەوی دێ

ئەوسا ئیتر ڕەنگەکانی ئەلیزابێت

پڕم ئەکەن لە قەسیدەی

**ڕەش و سپی** تۆ ئەتوانی بە قومێ ماچ بمخەیتە هەڵقوڵین ،ل ٢٦٢

لێرەدا شاعیر وشەی ( رەش ) ی هێناوە پاشان وشەی ( سپی ) کەدژەکەیەتی ،هەروەها لەزۆردەقی تریشدا

شاعیر ( رەش وسپی ) دژ بەیەك بەکارهێناوە هەردووشەکە ( سیفەتن )،هەروەك لەم نمونانەی خوارەوەدا دیارە .

ئەی پەرسێلکەی "رازی تەنیایی "

تۆ بە هەڵفڕینی رەش و سپیتەوە

سپی ڕەش و ڕەشی سپی و

دەنگدانەوەی ناو بێ دەنگی تۆ ئەتوانی بە قومێ ماچ بمخەیتە هەڵقوڵین ،ل ٣٦٣

---

١-د.عەزیز گەردی ،ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا ( جوانکاری ) ،بەرگی دووەم ،هەولێر ،١٩٧٤،ل٦٨

لەم پارچە شیعرەی خوارەوەیشدا شاعیر وشەی ( دوور ) ی هیناوە بەدوایدا دژەکەی کە وشەی ( نزیک ) ە هێناوە و بەرامبەری کردوە ،شاعیر لەزۆر شوینی تریشدا ئەم هونەرەی تاقیکردوەتەوە و ئاوازی ناوەوەی شیعرانی پێ نەخشاندوە

……

بەیەکەوە ،جەستەی ئاوەسانی ئاژەڵی

ناو دۆڵەکانمان ئەبینی

جۆگەی کوژراومان ئەبینی و

بەیەکەوە،**دوور و نزیک** ،وژە وژەی ( با ) ی ترساو

یان

من تەبایی ناکۆکییەکانم :

**کۆنی تازەم .**

زامی ساغم حەفتا پە نجەرەی گەڕۆک ،ل٤٤

## دووەم //دژیەکی دروستکراو :-

ئەم شێوازە ئەو جۆرە وشانە دەگرێتەوە کە لە بنەڕەتدا دژنین و بە هۆی ئامرازەکانی نەرێ کردنەوە واتاکەی پێچەوانەوە دەبێتەوە ،دەبنە دژ،ئەم شێوازە لە شیعرەکانی شاعیردا بەدیدەکرێت بوەتە هۆی خولقاندنی ئاوازێکی خۆش بە شیعرەکە ،هەروەك لەم نموونەیەی خوارەوەدا بەدیار دەکەوێت :-

………

مۆمێکی پیرەمێرد

لەو سەری تونێڵی عومرە وە

ئەبینرێ و نابینرێ وئەکوژێتەو و

ناکوژێتەوە و، خەونێك ئەسووتێ و

ناسووتێ و، پرتە پرتێ لەیاد و

کزە کزێ لە هیوا .                    تۆ ئەتوانی بە قومێ ماچ بمخەیتە هەڵقوڵین  ، ل٢٤٩

......

لێرە شاعیر هەریەك لە وشەكانی (ئەبینرێ،ئەكوژێتەوە ،ئەسوتێ) هێناوە لە بەرامبەردا بە هۆی بەكارهینانی ئامرازی نەرێ كردنی (نا) واتاكەی پێچەوانەبوەتەوە بونە بە دژی یەكتر ،بەم جۆرە (ئەبینرێ×نابینرێ ،ئەكوژێتەوە×ناكوژێتەوە ،ئەسووتێ×ناسووتێ) .هەروەها لە م چەند دێڕەشیعرەی خوارەوەدا شاعیر هەردوجۆرە هونەری دژیەكی بەكارهێناوە (دژیەكی فەرهەنگی و دژیەكی نافەرهەنگی )

......

دوو دوو وەرزی زۆرانبازی

نێوان مەزدەو ئەهرەمەن بوو !

ڕەش و سپی

تاریك و ڕوون

پێشمەرگە و جاش

شیعری مەرد و شیعری نامەرد                    شایی شەهید ، ل٤٤٣

هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێكرد شاعیر هەردووجۆری هونەر دژیەكی بەكارهێناوە جۆری یەكەمیان ،كە دژیەكی فەرهەنگییە لەوشەكانی (ڕەش وسپی،تاریك و ڕوون ) و دژیەكی نافەرهەنگی لەوشەكانی ( پێشمەرگە وجاش،مەرد ونامەرد ) دروستكردوە ،دەقەكەی پێ ئاوازداركردوە .

### ٦- *دوا بەسەر (ردالصدرعلی العجز )*

شێوازێكی ترە لە دووبارە كردنەوەی وشە ، لە بنیاتنانی ئاوازی ناوەوەی شیعرەدا ڕۆڵێكی بەرچاوی هەیە ،(د.ئیدریس عبدولا) سەبارەت بەم هونەرە ئەڵێت ((بریتییە لە بونی دوو وشەی هاوشێوە ،یان هاوڕەگەز،یەكێكیان لە كۆتایی دێڕەكە دێت ،ئەوەی تریشیان دەكەوێتە سەرەتایی نیوە دێڕی یەكەم ،یان ناوەڕاستی ،یان كۆتاییەكەی ،یان سەرەتایی نیوە دێڕی دووەم ،یان ناوەڕاستەكەی )) [١] ئەم بابەتە سەرەڕایی ئەوەی لە شیعری كلاسیكدا بەكارهاتوە لە شیعری نوێیشدا ئەم هونەرە بەكارهاتوە شایەنی

---

١-د.ئیدریس عەبدولا،شێواز ،ل ١١٥

باسە مەرج نییە وشە دووبارە بوەکە بکەوێتە سەرەتایی نێوە دێری دووەمەوە ڕەنگە ،بکەوێتە ناوەڕاست یان کۆتاییەوە .شێرکۆ یەکێکە لەو شاعیرە بەهرەمەندە بەشێوەیەکی سەرکەوتوانە ئەم هونەری بەکارهێناوە دەقە شیعرییەکانی ئاوازدار کردوە ،هەروەك لەم نموونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت :

.....

کیژانی جولەکەی هەڵبجە،ڕەنگاڵەی زمانی

شرینی گەڕەك بوون ،ڕەنگاڵە وەکو گوڵی تێکەڵی

وەك هەورو هەنارو دار هەرمێ،ڕەنگاڵە بار ان خاچ ومارو رۆژ ژمێری شاعیرێ ل٣٠١

لەم دێرانەی سەروە ،شاعیر (٣) جار وشەی (ڕەنگاڵە ) لەناوەراستی دێرە شیعرەکان دوبارە کردوەتەوە ئاوازێکی تایبەتی بە دەقەکە بەخشیوە .

.......

کارێزکەن بوو شۆڕ ئەبووە بەناو خۆیدا ئەچووە خوارێ

هەموو شەوێ مشتێکی لئەهێنجاو دڵۆپ دڵۆپ

ئەیکردە ناخمانەوە هەموو شەوێ

هەموو شەوێ لە کەوێڵکی ئەو دەنگەوە

لە ئەشکەوتی ئەو دەنگەوە

سەدان چرای چرای ئەم زمانە خاچ ومارو رۆژ ژمێری شاعیرێ ل٣١٤

لەم دێرانەی سەرەوە شاعیر هونەری (دوابەسەری) (٢) جار لە دەستەواژەیی (هەموو شەوێ) دروستکردوە ،یەکەمیان لە سەرەتایی دێری دووەم ، دووەمییان لە کۆتایی دێری سێیەم ،سێیەمیشیان لە سەرەتایی دێری چوارەم .

یان شاعیر لە شیعری (لانەکان یەك ئەگرنەوە ) دووجار بە مەبەستی دروستکردنی ئاوازی ناوخۆیی هونەری دوابەسەری لە وشەی (بالآ) دروستکردووە ،هەر لەو پارچە شیعرەدا جەرێکی تریش بەهۆی دوبارەکردنەوەی وشەی (ئاهەنگ) هونەری دوابەسەری دروست کردوە .بەهۆیشەوە ئاوازی شیعرەکەی خۆشتر کردووە

له بیرتـان بیٚ بالاٚی بەرزی ئیمڕۆ

بە بالاٚی بەرزی دوێنیٚ وە بالاٚیە و

ئالاٚیەو پاشی رۆژ.

..............

لە سەیوانەکانی سەرتاسەری ئەم خاکەوە ..

وەك گوڵەبەرۆژە ڕووان و ،لێرن و

تەماشامان ئەکەن

ئەمە ئاهەنگی شەهاب و مامە ریشەیە

ئاهەنگی هەژارو کاردۆ گەلاٚلییە چراکانی سەر هەڵموت ،ل٦٩٧

لەمەوە بۆمان دەردەکەویٚت شاعیر هەرگیز ناتوانیٚت دەست بەرداری ئاوازی شیعری بیٚت ،بەهەرشیٚوەیەك لە شیٚوەکان هەوڵی ئاوازدارکردنی بەرهەمەکانی داوە ،هەربۆیە شیٚوازیٚکی تایبەتی وەرگرتەوە ،شایەنی باسە زۆربەی شاعیرانی تر ،ئەم هونەرەیان تاقی کردوەتەوە ،وەك دیاردەیەکی ئاوەزەیی سودییان لیٚ بینیوە

## ٧- خاڵبەندی

یەکیٚکە لە کەرەستە سەرەکییەکانی زمانی نوسین ،ئەم شیٚوازە لەڕیٚگەی نیشانەکانی خاڵبەندیەوە دروست دەبیٚت ،وزەیەك بەدەقەکە دەبەخشیٚت ،ئاوازی ناوەوەی دەقەکە بەهیٚز دەکات ،ئەم شیٚوازە شاعیر زیاد لە پیٚویست بەکاریهیٚناوە ، هەروەها بەیەکیٚك لە سیمادیارەکانی شیعری نویٚی کوردی دادەنریٚت ،خاڵبەندیش لەچەند نیشانەیەك پیٚکهاتوە ،هەریەك لەم نیشانانە جۆریك لە ریتم دروست دەکەن و ئاوەزی ناوەی دەق پیٚکدەهیٚن ، ئاوازیٚکی خۆش و هەست بزویٚن بە شیعرەکە دەبەخشیٚت .لەخوارەوە چەند نموونەیەك دەخەینە ڕوو :-

من،کلاٚو سەرو پیٚچیٚ

مشکیەك وجامانەیەك

فیٚرییان کردم :

چۆن خۆم لەدەوەری سەری ئەم

شاخ وکیٚوان بگیٚڕم .یەکەم وانەی عیشقی لوتکە

لەلای سەری ،خاوەنی ئەوان ، بخوێنم ! ئاوێنە بچکۆلەکان ،ل ٧٤٥

.......

یان

ئەم هەموو کۆستانە لە کوێدا دابنێم ؟

گڵکۆی ئەم هەموو ژانانەلە چیدا هەڵگرم ؟

ئەم زەنگی زریکەوقیژانە بەرمە کوێ؟

پڵپڵەی ئەم هەموو فرمێسکە ؟

گەردانەی ئەم هەموو هەنیسکە

بە چیدا هەڵواسم ؟ تەم توومان ،ل٥٥٥

لەم دێڕانەی سەرەوە شاعیر سودی لە نیشانەکانی خاڵبەندی وەرگرتوە ،دێڕکانی کەرتکردوە وایکردوە بە شێوازێکی جیاواز دەرکەوێت و ئاوازی ناوەوە زیاتر کاریگەر تربێت ،

کۆیلە ...کۆیلە ...کێ بیستوویەتی

کێ دیوێتی ...هەتا ئەمڕۆ!

زمانی قسەی بێتە گۆ!

کۆیلە ... کۆیلە...کێ بیستویەتی ! :

سەربەست ... بڕوا

سەربەست بخوا

کۆیلە ...دیلە ...کۆیلە ...بەندە کاوەی ئاسنگەر ،ل١٧٣

هەر لەم پارچە شیعرەی سەروەیشدا جگە لەوەی کێش و سەروایەکی تایبەتیان هەیە ، ،دێڕەکانی کەرت کردوە ،لە دێڕی حەوتەم کەکۆتایی پارچە شیعرەکە ،کەرتەکانی هاوسەروا کردوە ،ئەم کارکردنەلەسەر سەرواسازی ناوەوەی شیعر ،وای کردوە ئاوازی ناوەوە زیاتر سەرنج راکێشبێت ،ئاوازێکی جوانتر بە دەقەکە ببەخشێ.

## ٨- ڕەنگە ئاواز

یەكێكە لەو دیاردە تایبەتیانەی لەناو شیعرەدا هەیە ،كە شاعیر بۆ پێویستی گونجاندنی وڕێكخستنی وشە و كێش وسەروا بەكاریدەهێنێت ،بۆ حزمەتی مۆسیقایی ناوەوەی شیعرەكەی سودی لێ وەردەگرێت .بوەتە شێوازی تایبەتی شیعر ،زۆربەی شاعیران پەیڕەویان كردوە ،ڕەنگداوەی لەسەر ئاوازی گشتی و تایبەتی ناوەوەی شیعر هەیە .

شێركۆ گرنگێكی زۆری بەم هونەرە داوە لە سەرانسەری شیعرەكانیدا ،ئاوازی ناوەوەی شیعرەكانی ڕێكخستوە ،هەروەها شاعیر خاوەن چێژێكی ورد بووە، لە تێكەڵكردنی ڕەنگەكان و پێكەوە گونجاندنیان ،چونكە هونەری ڕەنگ وەك هەموو هونەرەكانی تر پێوبستی بە بەهرەو ڕۆشنبیری شارەزایی هەیە ،هەروەها ئەزموونی شاعیر ڕۆڵێكی بەرچاوی هەیە ،هەتاكو ئەزموونی شاعیر قوڵ و فراوانبێت . دەست ڕەنگینی شاعیر زیاتر دەردەكەویت .بەكارهێنانی ئەم هونەرە بووەتە شێوازێكی تایبەتی شاعیر .سەرەڕای ئەوەی شاعیر دیوانێ تایبەتی بۆ تەرخانكردوە ،بەناوی (ڕەنگدان ) لە زۆربەی دیوانە شیعرییەكانی تریشدا بەرچاو دەكەوێت هەروەك لەم نمونانەی خوارەوەدا دەردەكەوێت :-

......

دەبا ئیتر لاوانەوەی :

سك سوتا و بەس بێ

دەنگی قرچەی ،جەرگی خوشكی

هەڵقرچاو ..بەس بێ

بەرگی ڕەشی پرسەی دایكی

كوڕكوژراو .. بەس بێ　　　　　من تینوێتیم بەگڕ دەشكێ ،ل٤٤٥

لەم پارچە شیعرە كە بۆ نەورۆزی ساڵی (١٩٧٠) وتویەتی وە پەیوەندی بە شەڕی براكوژی كوردەوە هەیە ،شاعیر دوای یەكڕیزی و برایەتی دەكات .داوا دەكات هەمولایەك بە یەكێتی و یەكڕیزی بژین ،واز لە كوشتن وئازاردانی یەكتر بهێنن . شاعیر ڕەنگی ڕەشی بەكارهێناوە،شاعیر وەكو پەیامێك داوای واز هێنانی ئەم ڕەنگە دەكاتە،چونكە ڕەنگی ڕەش گوزارشت لە خەمباری ناخۆشی دەكات و بەلاو ناخۆشی بۆ وڵات و نیشتمان دێنێت .

ئەوەی جێگەی سەرنجە ڕەنگەكان بە پێ هەست ونەستی شاعیران گۆڕانیان بەسەردێ و واتایەیەكی تریان هەیە ،هەروەك (مستەفا محمد ) لە كتێبەكەیدا بە ناوی (ڕەنگ لەزمانی كوردیدا ) دەڵێت ((ئەم واتایانە كۆمەڵێكن یان دەروونین ،ناكرێت سنور لە نێوانیاندا دابنرێن،چونكە ڕەنگ واتاكەی سركە و ناگیرێ ،ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ،كە وشەكانی ڕەنگ شتێكن ورەنگ جێماوەی كاركردنی ڕەنگیش لە لای مرۆڤ

شتێکە کە پشت بە شارەزایی و تاقیکردنەوەکانی کەسەکە دەبەستێ بۆ هەڵهێنجانی واتاکەی و بگرە بەخشینی واتای نوێ سەبارەت بە ڕەنگێکی دیاریکراو ))[1]

شاعیر لەم پارچە شیعرەی خوارەوەدا باسی بەکارهێنانی ڕەنگ دەکات لە ناو کۆمەڵی کوردیدا ،لە ڕێگەی وشەی (درەختی گەنج،شیعری گەنج ،مۆسیقای گەنج)پێمان دەڵێت کە ڕەنگەکان سنوردارکراون تەنیا گەنجەکان بۆیان هەیە ڕەنگی دیارو کراوە بپۆشن. هەر لە ڕێگەی وشەکانی ( پیرە دار ، پیرە شاخ ، پیرە رەز پێمان دەڵێت ئەوانەی چون بەتەمەنەوە زۆربەیان ڕەنگە مات و داخراوەکان دەپۆشن ،هەر لەم پارچە شیعرەیشدا جیاوازی لە نێوان کۆمەڵگای خومان "پاریس"دا دەکات کە هەرکەسەو ئازادە لە بەکارهێنانی ڕەنگ. جیاوازی تەمەن ڕێگرنییە ،شاعیر هەمیشە هەوڵی داوە ،ڕەنگەکان کۆبکاتەوە بیخاتە ناو ڕوانینی تایبەتیانەی خۆیەوە ڕەنگە کراوەکانی بەدوای یەکدا هێناوە و ئاوەزی ناوەوەی شیعرەکانی پێ ڕێك خستوە و زەماوەندێکی ڕەنگیان ساز کردوە ،هەروەك ئەڵێت :-

لەناو ڕەنگدانی ئێمەدا

ڕەنگە کان حە پس کراون

ماناکانی ڕەنگ :یەك چاون !

تەنیا هەر درەختی گەنج و شیعری گەنج مۆسیقای گەنج

وەختێ ئەچن بۆ هەڵپەرکێ

بەرگی زەریقی و سەوز و سور و زەرد ئە پۆشن .

ئیتر هەرچی پیرە دار و پیرە شاخ و پیرە ڕەزە

تەڵخ ئە پۆشن

کەچی من لەناو پاریسدا و لەسەر شەقامی شانزە لیزی :

لەبەری پیرە دارێکدا جلی سوور و

لەسەری پیرە ڕۆژێکدا شە پقەی سەوزو

لەدەستی پیرە شەوێدا

دەستکێشی زەردم بینی !             ڕەنگدان ،ل٣٩٥

---

١- مستەفا محمد کەریم زەنگەنە ،ڕەنگ لە زمانی کوردیدا ،نامەی دکتۆرا ،کۆلیجی ئاداب ،زانکۆی سە لاحەدین ،٢٠٠١،ل٥١،٥٠

شاعیر لە زۆربەی دیوانە شیعرییەکانیدا ئەم هونەرەی تاقیکردووەتەوە ،لەم خشتەی خوارە ڕەنگەکان وچەند جارەی دوبارە کردنەوەیان لە هەردوو کۆمەڵەشیعری (ژن و باران ،کورسی) .دەخەینەڕوو :-

یەکەم// لە کۆمەڵە شیعری "ژن و باران " ئەم ڕەنگانەی بەکارهێناوە :-

| جۆری ڕەنگەکان | ژمارەی دووبارە بوونەوەیان | جۆری ڕەنگەکان | ژمارەی دووبارە بوونەوەیان |
|---|---|---|---|
| سپی | ٢٠جار | شین | ١٠ جار |
| سور | ١٧جار | سەوز | ٦جار |
| ڕەش | ١٢ جار | خۆڵەمێشی | ٥ جار |
| زەرد | ١١جار | پەمەیی | ٢جار |
| مۆر | ٥ جار | نارنجی | ١جار |
| کۆیی گشتی | | | ٨٩ جار |

دووەم // لەدیوانە شیعری "کورسی " شاعیر ئەم ڕەنگانەی خوارەوەی بەکارهێناوە :-

| جۆری ڕەنگەکان | ژمارەی دووبارە بوونەوەیان | جۆری ڕەنگەکان | ژمارەی دووبارە بوونەوەیان |
|---|---|---|---|
| سپی | ١٧جار | قەیسیی خۆڵەمێشی | ٣جار |
| سوور | ١٢جار | شین | ٢جار |
| ڕەش | ١٢ جار | نارنجی | ١جار |
| زەرد | ٩ جار | زەیتونی | ١جار |
| سەوز | ٦ جار | قیسی | ١جار |
| خۆڵەمێشی | ٣جار | قاوەیی | ١جار |
| کۆیی گشتی | | | ٦٨جار |

هەروەك لەو دوو خشتەی سەرەوەدا دەردەکەوێت ، شاعیر ڕەنگی سپی و ڕەش و سوور ی لە ڕەنگەکانی تر زیاتر بەکارهێناوە .ئەمەش پەیوەندی بە هەست و نەستی شاعیرەوە یە، ڕەنگی سپی کەڕەمزی ئاشتی و ئارامییە شاعیر( ٣٩ )جار بەکارهێناوە ، ئەمەش گەواهی ئەوە ئەدەن کە شاعیر هەمیشە بەدوای ئاشتی و ئارامی نیشتمان و گۆمەڵگاکەیدا گەڕاوە ، ڕەنگە ی ڕەشی (٢٤ ) جار بەکارهێناوە ، ئەمەش گوزار شت لە و ئازار و کارەسات و ڕووداو غەدر و ناخۆشییانە دەکات کە بەسەر کۆمەڵگاکەیدا هاتوە ، هەر سەبارەت بە ڕەنگ شاعیر ڕەنگی سووری (٢٩ ) جار بەکارهێناوە ،یەکێکە لە ڕەنگە دیارەکان کەبەواتای خەبات و شۆڕش و شەهید دێت زیاتر ڕەنگێکە ڕەگەزی تۆڕبوونی تێدایە ،بە بەکار هێنانی ئەم ڕەنگە ئەوەمان پێدەڵێن کە هەمیشە گەلی کورد لە شۆڕش و ڕا پەڕین و بە رخۆدان بووە، بە مەبەستی بە دەست هێنانی سەربەخۆیی و ڕزگاری چەندین لاوی کورد خوێنی ڕژاوە لەوپێناوە .هەروەها شاعیر داهینەری رەنگیشە وەك (ڕەنگی ئەنفالی )

## ٩- تەدویر*

شێوازێکی تایبەتەبە شیعرە ،شاعیران بەکاریان هێناوە (( تەدویر لە شیعری کۆندا بەیەکەوە گرێدانی هەردوو نیوە بەیتە"مصرع" بە شێوەیەکی هاوبەش ،بە جۆرێك وشەکە دەکرێتە دووبەشەوە ،بەشێکی ئەکەوێتە نیوە دێڕی یەکەم وبە شەکەی تریش ئەکەوێتە نیوە دێڕی دووەم ))[1] . بەڵام ئەم پێناسەیەی تەدویربۆ شیعری کۆن دەبێ ،بەڵام لە شیعری نوێدا تەدویر بەو شێوەیە نییە و گۆڕاوە ،لە شیعری نوێدا بریتییە لە پێکەوە گرێدانی کۆپلە کان و بە مەبەستی دروست بوونی ئاوازێکی تایبەت . بەهۆی بەکارهێنانی وشەیەك یان ئامرازێکی پەیوەندی ،بەکارهێنانی تەدویر لە شاعیرێکەوە بۆ شاعرێکی تر جیاوازە ،تەدویر لای شێرکۆ زۆرجار لەڕێگایی ئامرازی "و" پەیوەندیەوە ئەنجامی داوە .بە ڕێژەیەکی زۆربەرچاو شاعیر پەی بۆ بردووە لە هەموو دیوانە شیعرییەکانیدا بەر چاو دەکەوێت . بۆ نموونە تەنیا لە رۆمانە شیعری (( خاچ و مارو رۆژ ژمێری شاعرێك شاعیر سێ هەزارو دە "و" پەیوەندی بە کار هێناوە ))[2] .لە کۆمەڵە شیعری (لە چلەی چل چرایەکدا ) "٢٩٠" (و)پەیوەندیەوە بەکارهێناوە . واتا تەدویر بوەتە شێوازێك لە شێوازە دیارە کانی شیعری شێرکۆ .

ئاخر چیبکەم !

من کەچاوم هی خۆم نەبێ و

هی کاڵێ بێ

من کە گوێچکەم هی خۆم نەبێ و

هی دەوەن و هی دارێ بێ و

---

*لە ڕاستیدا وشەیەکی کوردی نییە کە بەتەواوەتی واتاکەی بپێکێت ،دەتوانین ناوێکی دیکەی بۆ دابنێین ،وەك( پەیوەندی دێڕەکان ،یان پەیوەندی کۆپلەکان ) بۆیە هەروشە عەرەبییەکەمان بەکار هێناوە .

١- محمد کوردۆ ،جوانی و جیاوازی ،ل١٣٢

٢-سەرچاوەی پێشوو ،ل ١٣١

من کە رۆحم هی خۆم نەبێ و

هی ولآت وهی خاکێ بێ و

هەروام لێدێت !ئاخر چیبکەم ؟!! گۆڕستانی چراکان ،ل٩٤

شاعیر لەم پارچە شیعری سەرەوەدا (٧)جار ئامرازی (و) بەکارهێناوە ،بەهۆیەوە پەیوەندی لە نێوان کۆپلەکان دروست بووە و ئاوازێکی تایبەتی بە دەقەکە بەخشیوە .یان شاعیر لە پارچە شیعریکدا بەناونیشانی "زویربوون " بە درێژایی شیعرەکە (١٥) جار ئامرازی (و) ی بەکارهێناوە هەروەك لەم چەندێرەی خوارەوەدا دەبنرێت :-

کە قلّەم رۆیشت

من نە تەم و

نە پاییزو

نەچرپاکەو

نەسەمەل و

نەیەك وشەم لە گەڵ نەما !

ئەی نابینن

چەند دەمێکە

هیچ نانوسم ! ئێوە بەخۆشەویستیم ئەسپێرن ،ل٢٧٤-٢٧٥

## ٣//ئاوازی دەرەوەی شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس

لە لێکۆڵینەوەو سەرچاوە ئەدەبییەکاندا ، پێکهێنانی ئاوازی دەرەوەی شیعردا ،"کێش و سەروا " بە بنەمای دروستبوونی ئەم جۆرە ئاوازە دادەنرێت هەروەك "د.دڵشاد عەلی " ئاماژەی بۆدەكات ،دەڵێت ((ئاوازی دەرەوەی هەڵبەستیش ،بە هۆی کێش و قافییەوە ئە نجام دەدرێت ،و دەبێتە ئاهەنگی چوار چێوەی گشتی هەڵبەستەکەو سەرجەمی بنیاتەکە دەگرێتەوە ))[١] واتە "د.دڵشاد عەلی "کێش و سەروا بە بنەمای دروستبوونی ئاوازی دەرەوە دەزانێ .لەم تەوەرەدا هەوڵدەدەین بۆ ڕوونکردنەوەی ئاوازی دەرەوەی شیعرەکانی (شێرکۆ بێکەس ) ، .باس لەو دوو بنەمایە بکەین .

## یەکەم // کێش

یەکێك لە ڕەگەزە گرنگەکانی ئاوازی شیعر "کێش"ە ،بایەخی لەوەدا دەردەکەوێت ،کەلە شیعری هەموو زمانیکدا هەیە ،"گۆران " دەڵێت ((کێش لە هەڵبەستی زمانە جیهانیەکانە ،لە هەموو زمانەکانی دنیادا هەڵبەت هەیە و ،هەڵبەستی هەرزمانیش بە پێی تایبەتییەکانی (خصائص) ی خۆی جۆرە موسیقایەکی جیاواز لە موسیقاکانی پەخشانی هەیە ،ئەو موسیقایەی هەڵبەست لە عەرەبی "وەزن " ی پێ ئەڵێن و ،ئێمە لە کوردی تازەدا وشەی "کێش" مان بۆ داناوە ))[٢]

لە شیعری کوردیدا بەگشتی دوو جۆر کێش بەکارهاتووە ،((لە هەڵبەستی تازەی زمانی کوردیدا ،دووڕێچکەی جیاوازی کێش هەن ،ڕێچکەی یەکەم :ئەو بوێژانە لەسەری ئەڕۆن کە پەیڕەوی بوێژە کۆنەکانمان ئەکەن کە لە سەردەمی زۆر کۆنەوە لە ڕێگای وێژەی فارسییەوە هەندێ دەریایان لە کێشی عەرووزی عەرەبییەوە وەرگرتووە،کێشی عەرووزی عەرەبی ڕۆژهەلاتناسەکان ،وە زاناکانی عەرەب وەکو یەکگرتوو وان لەوەدا کە لە بنەڕەتا لەسەر حیسابی چەند بڕگە –واتە درێژی و کورتییەکەی دروست بووە .ڕێچکەی دووەم :ڕێچکەی بوێژە تازەکانە وە لەسەر بنەڕەتی ژمارەی بڕگە ئەڕوا ))[٣]

بە پێ ی ئەم بۆ چوونە شاعیران دوو جۆر "کێش"یان بەکارهێناوە ،**یەکەم** :-کێشی عەروز ،کە شاعیرە کۆنەکان پەیڕەویان کردوە ،**دووەم**:-کێشی بڕگەیی "پە نجە" یشی پێی دەوترێت ،((چونکە بڕگەکانی

---------------------------------------

١-د. دڵشاد عەلی ،بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوی کوردیدا ،ل ٨٧

٢-یادگار رەسول باڵەکی ،سیماکانی تازەکردنەوەی شیعری کوردی (١٩٣٢،١٨٩٨) ،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ،هەولێر ،٢٠٠٥،ل١٤٧.

٣-گۆران ،کێش و هەڵبەست لەزمانی کوردیدا ،ر.ژین ،ژ.١٩، ١٩٧١/٤/٢٢ ،ل١

بە ئاسانی بە پەنجە دەژمێردرێ ،وە پێشی دەگوترێ کێشی هیجا و کێشی ژمارەیی)) [1] هەروەها پشت بە درێژی و کورتی بڕگە نابە ستێت ،بە ڵکو پشت بە ژمارەی بڕگەکان دەبەستێت .ئەگەر پەڕەکانی ئەدەبی کوردی هەڵبدەینەوە دەبینین هەرشاعرێك لە شیعرەکانیدا جۆرە کێشێکی پەیڕەو کردوە ،لەگەڵ مەبەستە تایبەتیەکانی خۆیاندا گونجاندویانە .

لێرەدا بەو پێیەی شاعیر یەکێکە ،لە شاعیرە هاوچەرخەکانی کورد، بەرهەمە شیعرییەکانی دەکەوێتە چوارچێوەی رێچکەی دووەمەوە کە کێشی بڕگەیە ،لەخوارە باس لەم جۆرە کێشە دەکەین.

## *کێشی بڕگەیی*

ئەم کێشە مێژوویەکی کۆنی هەیە و لە هۆنراوەی کوردیدا هەر هەبووە، لە کۆن و نوێدا شاعیران هۆنراوەیان بەم جۆرە کێشە وتووە ،لە شیعری فۆلکلۆری و میللی و لای هەندێ شاعیرانی دیالێکتی گۆران ئەم جۆرە کێشە هەیە ،مەولەوی و وەلی دێوانە وبێسارانی و گۆران و کامەران وشاعیرانی تریش ئەم کێشەیان بەکارهێناوە ، ئەم جۆرە کێشە لە سەربنەمای ژمارەی بڕگەکانی وەستاوە ، "شێخ نووری شێخ ساڵح"سەبارەت بەم جۆرە کێشە دەڵێت ((ئەم نەوعە وەزنە لە هەموو مەنزومەی ئەلسینەی غەربیەدا ئیستعمال ئەکرێ و لە کوردیشدا کراوە لە زبانی کوردیشدا ئیستاش هەر چەندە لازم بوو کە صرفی ئەم وەزنە ڕیعایەت بکرایە فەقەت لەبەر ئینقلاباتی تەئریخی قەومی کورد دایما مەدەنییەتی عەرەب و عەجەمی تەقلید کردووە و کەلیماتی عەرەب و عەجەمی تێکڵاو زبانی خۆی کردوە ،بە توولی زەمان تەحەولاتێکیان داوە بە ئیسلوب و زبانەکەی خۆیان ،لەبەر ئەم جهەتانە شاعیرەکانمان وەزنی هیجائیییان تەرك و وەزنی عروضیان ئیستعمال کردووە)) [2] .واتە کێشی بڕگەیی کێشێکی کۆنی کوردیە ،بەڵام شاعیران لە بەر بارو دۆخی سەردەمەکە وازیان لێهێناوە ،بەڵام شاعیران دەبێت دوبارە بگەڕێنەوە سەر ئەم جۆرە کێشە .هەروەها گۆران لە پێناسەی ئەم کێشەدا دەڵێت ((بریتییە لە ڕێکخستنی ئەوەندەی یەکتری ژمارەی بڕگە لە هەر پێیەلە دێڕی هەڵبەستدا)) (٣)بەڵام "د.دڵشاد عەلی" رایەکی پێچەوانەی ئەو پێناسەی گۆران هەیە ،دەڵێت ((مەرج نییە پێی هەڵبەستەکان لە دێڕو بەیتەکاندا هەمیشە وەك یەك وابن واتە لە سنوری کێشدا زۆرجار پێیێ هەڵبەستەکان بەرامبەر یەك نایەن)) [4] بۆنمونە دەکرێت لە دێڕە

---

١-نوری فارس حمە خان،عەروزی کوردی ،چاپی یەکەم ،دەزگای چاپ و بلاوکراوەی ئاراس ،هەولێر ،٢٠٠٤،ل٩٢٢-

٢-م.نوری ،ئەدەبیاتی کوردی ،ر.ژیان ، ،ژ.٢٨، ١٩٢٦/٨/١٢ ،ل٤

٣-ئومێد ئاشنا ،گۆران و نوسین و پەخشانە وەرگێراوەکانی ،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ،هەولێر ،٢٠٠٤ ،ل١٥٨

٤-د .دڵشاد عەلی ،بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا ، ل١٣٧-١٣٨

شیعرێکی هەشت بڕگەیدا پێیەکان بەم جۆرە دابەش بن ،نیوە دیڕ ی یەکەم (٤+٤) نیوە دێڕی دووەم (٣+٥) نیوە دێری سێیەم (٢+٦) بێت ،لە ئەنجامدا هەر هەشت بڕگەییە ، پێیە جیاوازەکان هیچ لەنگەرێك لە بەردەم ئاوازی شیعرەکان دانانێت ،بە پێچەوانەوە زۆرجار وادەکات ئاوازێکی رەنگاو رەنگ خۆشتر هەست پێبکرێت .

دیارە لەگەڵ دەستپێکی نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا شاعیران هەوەڵیانداوەلەوشەی بێگانە دوور بکەونەوە لە جێگەی ئەو وشانە وشەی کوردی پەتی بەکاربهێنن، بۆیە رویان لەم جۆرە کێشە کرد ،چونکە بنەڕەتی ئەم کێشە لە((ئەنجامی هەوڵ و کۆششی شاعیران کورد خۆیان بووە و لە ئەدەبی میللەتانی ترەوە وەر نەگیراوە ئەوەندە هەبووە کە جولانەوەی نوێخوازی ناو ئەدەبی تورکی سەرنجی شاعیران و نوسەرانی ئەو قۆناغەی راکێشاوە )) [١] بۆیە شاعیران وازیان لە کێشی عەروزی هێناو وردە وردە ڕوویان لەم جۆرە کێشە کرد .بۆ نموونە" گۆران " یەکێك بوو لە وشاعیرانەی وازی لە کیشێ عەروزی هێناو شیعرەکانی لە سەر کێشی بڕگەیی دەهونییەوە ،سەبارەت بە کێشی بڕگەی دەڵێت (( شیعرەتازەکان بە وەزنی پەنجە (هیجا) هەڵبەستراون کە هەرچەندە شیعر دۆستەکان بە خوێندنەوەی رانەهاتون .بەڵام لەبەر ئەوەی وەزنی تایبەتی نەتەوەیمانە و لەگەڵ خەصائیصی زمانەکەمان چاتر رێك ئەکەوێت ،بە پێویستم زانی لە ماوەی ئەدەبی تەقەلای ئەدەبی خۆما ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو لایەنی بەکارهێنانی ئەم وەزنە بچم ،تا لەم ساڵەی دوایدا وەزنی عەروضم بەتەواوی وەلام وایە بە ئیگجاری بەرەلا کرد،مەگەر پێویستییەکی هاندەری تایبەتی ڕوو بدات )) [٢] واتە شاعیران لەئەدەبی نوێی کوردیدا ڕویان لە کێشی بڕگەیی کرد ،هەندێ لە شاعیرانیش هەر بەردەوام بوون لە سەر کێشی عەروز.

بە شێوەیەکی گشتی شاعیران هەردوو کێشەکەیان بەکارهێناوە ،هەندێ جاریش هەردوو کێشەکەیان تێکەڵکردوە ،بەلام "شێرکۆ" سەبارەت بە کێشی شیعری دەڵێت ((شیعری جوان نەبەوەیە کێشی و قافییەی هەبێت ،نەبەوەیشە نەیبێت )) [٣] واتە شیعر پێویستە جوان و سیمایەکی داهێنەرانەی هەبێت . کێش لە شیعرەکانی شاعیر بوونی هەیەو توانیویەتی هەندی وردەکاری جوان لە بەکارهێنانی کێشدا بەرجەستە بکات .

لەم توێژینەوەیەدا ، ئەو کێشە بڕگەییانە دیاریدەکرێن، کە"شێرکۆ بێکەس "بەکاریهێناوە ، ئەوانیش بریتین لە :-

---

١-د.دڵشاد عەلی ،بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردید ، ل١٣٧

٢-ديوانی گۆران ،ئا، محمەدی مەلا كريم ،ل٣

٣-یاسین عومەر ،ئەزموون ،ل٣٣٢

## ١- كێشی سێ بڕگەیی

لە شیعری نوێی كوردیدا ،ئەم كێشە زۆر دەگمەنەو بە ڕێژەیەكی كەم لە لایەن شاعیرانەوە بەكارهاتوە ، بەشێوە تێكەڵ لەگەڵ كێشەكانی تریشدا دەبینرێت ، بەڵام شێركۆ بە شێوەیەكی زۆر سەركەوتوانە ئەم جۆرە كێشەی بەكار هێناوە وئاوازێكی خۆشی داوە بە دەرەوەی شیعرەكانی ، شاعیر بە دوو شێواز ئەم جۆرە كێشەی بەكار هێناوە . سیستەمی سێ بڕگەیەكە ڕۆیشتوە دەستە پێی سێی بەكار هێناوە . شێوازی جوان بە شیعرە كە ببەخشێت وخوێنەر زیاتر هەست بە ئاوازەی شیعرەكە بكات هەروەك لەم نموونانەی خوارەوەدا دەر دەكەوێت :-

| | | |
|---|---|---|
| من "با" م و | ٣ | |
| ئەویش ژێی | ٣ | |
| باران و | ٣ | |
| ئەیژەنم ⁽١⁾. | ٣ | حەفتا پە نجەری گەڕۆك ،ل ٣٥ |

هەروەك دەبینین ئەم پارچە شیعرەی سەرەوەدا لە سەر كێشی سێبڕگەیە و دەستە پێكانیشی لە هەر لە سەر سێ بڕگەی بنیاد نراوە و گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە، ئەمەبووە بە شێوازێكی دیاری شاعیر و لە زۆربەی دیوانەكانی شیعرییەكانیدا دەبینرێت .

| | |
|---|---|
| ڕۆژانی كەڕبوونم ناژمێردرێن هێندە زۆرن | ٣+٣+٤+٢ |
| ڕۆژانی لاڵ بوون وكوێربوونم كەم نین و | ٣+٣+٣+٣ |

| | | |
|---|---|---|
| ژمارەی كورنۆشم | ٣+٣ | |
| هەر ئێجگار دەگمەنن ⁽١⁾. | ٣+٣ | حەفتا پە نجەرەی گەڕۆك ،ل ٣٥ |

لەم پارچە شیعرەی سەروەدا دەستە پێكانی بە تەواى بەسەر سێ بڕگەی دابەشنەكراوە ،بەڵكو گۆڕانی بەسەردا هاتوە ،بەڵام هەر لەسەر سیستەمی سێبڕگەیی ڕۆیشتوە ،ئەمەیش شێوازێكی تایبەتی شاعیر بۆ زیاتر ئاوازدارکردنی شیعرەکەی .

## ٢- كێشی چواربڕگەیی

کێشێکی سوك و خۆش ئاوازە ،زۆرترین شیعرەکانی شێرکۆ بەم کێشە نوسراون ،بەلاّم ئەم کێشە لە شیعرەکانی "شێرکۆ" (( لە هەندێ شیعری زۆرکەمدا نەبێت ،هەمیشە هەناسە سواری و دلّەڕاوکەی تێکەلّە ،بۆنمونە ئەو ئارامییەی لە کێشی چواربڕگەییەکانی شیعری "عەبدولاّپەشێو "دا لە کێشە چوار بڕگەییەکانی شیعری شێرکۆدا نییە ))[1]

ئەوەی لێرەدا گرنگە شاعیر ئەم جۆرە کێشەی بە دوو شێوە بەکارهێناوە :- یەکەم –تەواوی شیعرەکە لە سەر کێشی چوار بڕگەی ڕۆیشتوە وهەر دەستە پێی چواری بەکارهێناوە ،دووەم –لە شیعرەکاندا هەر لە سەرسیستەمی چواربڕگەیی رۆیشتوە ،بەلاّم دەستە پێییەکان دەگۆڕێت .هەر وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت :-

"سەر" ت تارە ٤

بە ئەسپایی قژت ئەگرم ٤+٤

هەموو تالّێك لەناو دەسما ٤+٤

ئەبێ بە ژێ ٤

"ژێ"یش بە ڕایەلّی ئاوازو ٤+٤

---

١-- محمد کوردۆ ،جوانی و جیاوازی ،چاپخانەی بینایی ،سلێمانی ،٢٠٠٩ ،ل١٣٧

**ورده ورده یش ٤**

**په نجه‌كانم ئه‌یانژه‌نێ ! ٤+٤**

**حه‌فتا په نجه‌ره‌ی گه‌ڕۆك ،ل١٩**

**له تابوتدا ٤**

**-زاوا شیعرێ- ڕاكشاوه ٤+٤**

**ئه‌ڵی تازه له سه‌فه‌ری ٤+٤**

**مانگی هه‌نگوێن،هاتوه‌ته‌وه و ٤+٤**

**ماندوی ڕێ یه‌و ٤+٤**

**هێشتا له خه‌و هه‌ڵنه‌ساوه !. ٤+٤ ئه سپێك له په‌ڕه‌ی گولاڵه ،ل٤٧**

**شاعیر له‌م پارچه شیعره‌ی سه‌روه‌دا له سه‌ر سیسته‌می چواربڕگه‌یی ڕۆیشتوه ،له ڕێكخستنی كێشه‌ی شیعره هه‌ر پێی چوار بڕگه‌یی به‌كار هێناوه .ئه‌م سیسته‌مه شێوازێكی دیاری شاعیر له زۆربه‌ی دیوانه شیعرییه‌كانی ده‌بینرێت .**

**ده‌ست به گۆچان ٤**

**له‌گه‌ڵ خۆیدا شنه‌ی ڕه‌ش و ٤+٤**

**كۆتری ڕه‌ش و مۆمی ڕه‌شی ٤+٤**

**هێنابۆوه و ٤**

**له شیعره‌وه ٤**

**بوو و بوو به ڕۆمانی "ئه‌نفال " ٢+٤+٢ حه‌فتا په نجه‌ره‌ی گه‌ڕۆك ،ل ٤٦**

**ئه‌م پارچه شیعره‌ی سه‌روه‌دا له سه‌ر سیسته‌می شیعری چوار بڕگه‌یی دانراوه ،به‌لاّم له ڕێكخستنی كێشه‌كه‌دا بۆ ئه‌وه‌ی سیسته‌می كێشه‌كه تێك نه‌چێت،ده‌سته پێی جیاوازی تێدا به‌كار هاتوه.ئاوازی ده‌ره‌وه‌ی شیعره‌كه‌ی پێك هێناوه وه‌ك شێوازێكی دیاری شاعیر ده‌رده‌كه‌وێت .**

## ٣- كێشی هەمەڕەنگ (كێشی تێكەڵ)

**جۆرێكی تری بەكارهێنانی كێشە ، ئاوێتەكردنی دووجۆرە كێشە جا كێشی بڕگەیی وعەرووز بێت . یان تێكەڵكردنی دووجۆر كێشی بڕگەیی یاخود دوو جۆر كێشی عەرووز یان زیاتر لە دەقێكی شیعریدا .ئەوەی كە سنوری لێكۆڵینەوەكەمان دەستنیشانی كردوە ،تێكەڵكردنی دوو جۆر یا ن زیاتر لە كێشی بڕگەیی لە دەقێكی شیعریدا دەگرێتەوە ،چونكە سنوری لێكۆڵینەوەكەمان قوناغی شیعری هاوچەرخە، كەشاعیران تەنیا كێشی بڕگەییان لە هۆنینەوەی شیعرەكانیان بەكارهێناوە .سەبارەت بەم جۆرە كیشە .د،دڵشاد عەلی دەڵێت (( دیاردەی بەكارهێنانی چەند كێشێك لە بنیاتی هەڵبەستێكدا و بە ئامانجی پێك هێنانەی ئاوازی نوێو داهێنەر كەم و زۆر لە هەڵبەستی كوردی هاوچەرخدا بەدی دەكرێت ))[1] هەرسەبارەت بە كێشی هەمەڕەنگ د:عەزیز گەردی دەڵی شاعیر ئەم كارە بە هۆی سێ مەبەست ئەنجام دەدات :- ((١ -دورخستنەوەی خوێنەر لە وەڕسی و بێزاری بە دەست یەك تاكە ئاوازەوە .**

**٢-دەوڵەمەندكردنی ئاوازی هۆنراوەكە .**

**٣- پیشاندانی توانای شاعیر لە زاڵبوونی بەسەر كێشدا . ))[2]**

**دەتوانین بڵێن هاوڕایی ئەم بۆ چونەی "د.عەزیز گەردی " ین لە خاڵی یەكەم و دووەمدا ،بەڵام سەبارەت بە خالی سێیەم پێمان وایە پەیوەست نییە بە توانای شاعیرەوە ،چونكە شاعیرێك توانیبێتی چەند جۆرە كێشی بڕگەیی بەكار بهێنی لە بنیاتی دەقەكانیدا ،ڕەنگە ئەم تێكەڵكردنەیش ئەوەندە بۆی زەحمەت نەبوو بێت بە ئاسانی بتوانیت لە دەقدا چەند جۆرێك لە كێشی بڕگەیی بەكار بهێنێت .و خوێنەر لە خوێندنەوەیدا هەست بە ئاوازی هەمە جۆر بكات .شایەنی باسە ،"شێركۆ بێكەس" یەكێكە لەو شاعیرانەی وەك چۆن هەمیشە باڵادەستی خۆی نواندوە ،لەم هونەرەیش باڵادەستی خۆی نواندوە ،ئەم شێوازە كێشەی بە سەركەوتوی ئەنجامداوە.بوەتە شێوازێكی تایبەتی شاعیر ،بە هۆیەوە ئاوازو ڕیتمێكی تایبەت بە شیعرەكە دەداو خوێنەری لە یەك ئاوازی و بێزاری دورخاتەوە .بۆ ئەم شێوازی تێكەڵكردنە چەند نموونەیەك دەخەینە ڕوو :-**

| | |
|---|---|
| **خۆ ئەگەر قەلە ڕەشكەی مێ** | **٣+٥=٨** |
| **وەكو نەورەس** | **٤** |

---

١-د.دڵشاد عەلی ،بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوی كوردیدا ،ل ١٤٦.

٢-عەزیز گەردی ،کێشی شیعری کلاسیکی کوردی و بەراوردکردن لە گەڵ عەرووزی عەرەبی و کێشی شیعری فارسیدا ،چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری ،هەولێر ،١٩٩٩،ل ٢٣٥

| | | |
|---|---|---|
| عاباکەی فڕێیدات و | ٣+٥=٨ | |
| چۆلەکەی دایك لە دەنووك ئاژنی | ٥+٥=١٠ | |
| چۆلەکەی باوك یاخی بێ و | ٥+٣=٨ | |
| حاجی لەق لەق ،یەك حاجی ژنی هەبێ | ٤+٧=١١ | |
| نەك چوار | ٣ | حەفتا پە نجەرەی گەڕۆك،ل ٨١ |

| | | |
|---|---|---|
| شۆڕەبی ژنێکە | ٣+٣=٦ | |
| پیاو پێلە قەی داوە لە پشتی | ١+٣+٢+٣=٩ | |
| پیاو قژی ڕاکێشاوە و | ٣+٤=٧ | |
| پیاو سواری بۆتەقەی ملی بووە | ٣+٣+٤=١٠ | |
| بۆیە واچەماوەتەوە | ٣+٥=٨ | ، حەفتا پە نجەرەی گەڕۆك،ل٣٦ |

| | | |
|---|---|---|
| نەمریشك ئەوەندە لە کولانەدایە و | ٤+٣+٦ | |
| نە دەڵەك ئەوەندە لە کونداو | ٣+٣+٣ | |
| نەماکەو ئەوەندە لە قەفەزدا | ٣+٣+٤ | |
| نە..نە..نە..نە | ٤ | |
| ماڵەوە ..ماڵەوە ..ماڵەوە | ٣+٣+٣ | ملوانکە ،ل ١٦٣ |

## ٤-کێشی شیعری ئازاد

جۆرێکە لە شیعری نوێی کوردیدا بەکارهاتوە ،سەرەتاکەی بۆ سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە .((جۆرێکی تری بە کارهێنانی کێشە.کە لەدەیەی پێنجی سەدەی بیستەمدا لە شیعری نوێ کوردیدا بەدی دەکرێ،ئەو جۆرە کێشەیە کە بەکێشی شیعری ئازاد ناو دەبرێ ،ئەم کێشە تایبەتە بە ڕێچکەیەکی شیعر،کەلە بنەڕەتدا لە ئەدەبیاتی ئەوروپییەوە سەری هەڵداوە ، قۆناغێکی تری نوێکردنەوەی شیعرە ))[1] لە مێژوی ئەدەبی کوردیدا بە زاراوەی شیعری سەربەست ناودەبرێت ((سەرهەڵدانی شیعری ئازادی کوردی دوابەدوای گەشەکردنی ڕۆژنامەگەری کوردی دەستپێدەکات ،ڕۆژنامە بوو زەمینەسازێکی باش بۆ ئەم هەنگاوە ))[2] واتە سەرەتای بلاوبونەوەی ئەم جۆرە شیعرانە لە سەر پەڕەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان بووە بەتایبەتی رۆژنامەی (ژین و تێگەیشتنی راستی )

لە مێژووی شیعری کوردیدا زاراوە ی شیعری سەربەست بۆیەکەم جار لە(( لایەن "پیرەمێرد" ی شاعیرەوە بەکارهێنراوە هەر بەو ناوەیشەوە شیعرێکی نوسیوە لە ڕۆژنامەی ژین بلاویکردوەتەوە ، پیرەمێرد لەم بارەییەوە دەڵێت رۆژنامەی ژین شانازی بەوەوە دەکات کەلەم بە ستێنەدا ڕەچکەشکێن بووە و بۆیەکەم جار شیعری سەربەستی بلاوکردوەتەوە))[3] بێگومان کاتێك باس لەشیعری سەربەست دەکەین ،بەو مانایە نا کە شاعیران تەواو دەست بەرداری کێش بوون ولە بەرهەمەکانیاندا ڕەچاوی هیچ کێشێك نا کەن، بەڵکو ((لە شیعری ئازاد دا سیستەمێك بەناوی سیتەمی کێشەوە هەرهەیە و ئازادییەکەیشی بە وماناییە نایەت کە شیعر دەستبەرداری کێش بێت ))[4] واتە لەم جۆرە شیعرانە کێش تارادەیەك رۆڵی بەرچاوی هەیەو ئاوازێکی تایبەت بە شیعر دەدات .

یەکەم بانگەوازی هۆنراوەی سەربەست لە ئەدەبی عەرەبیدا و ئەو دیوانەیە کە ((لە ساڵی "١٩٤٩

"لەلایەن "نازك الملائكە"بلاو کرایەوە بەناوی (شظایا ورماد) ،وە پێی وایە یەکەم شیعری سەربەست لە عێراقدا لە شیعری "کولیرا" ەکەی ئەوە نوسراوە ))[5] بە لای (نازك الملائكە )شەوهۆنراوەی عەرەبی بە گشتی دوو شێوزای گرتوەتە بەر : ((شێوازی بەیتی دوو دێڕی وشێوازی یەك دێڕی ،لە شێوازە یەك

-----------------------------------

١-زانیار صالح عەلی ،بنیاتی ئاواز لە شیعری نوێی کوردیدا (١٩١٨-١٩٥٨) ،نامەی ماستەر ،زانکوی سلێمانی ،٢٠١٥ ،ل١٧١

٢-لوقمان رەئوف ،سەرەتایەك بۆ رۆمان و شیعری سەربەستی کوردی ،ل٧٨

٣-سەرچاوەی پێشوو

٤-زانیار سالح عەلی ،بنیاتی ئاوەزەیی لە شیعری نوێی کوردیدا ،ل١٧٢

٥--–نازك الملائكه ،قضاياالشعرالمعاصر،بيروت ،١٩٦٢،ل٢١

دێڕێیشدا دوو جۆری دیاری دەکات ،ئەو جۆرەی کە درێژی دێڕەکانی وەك یەك وان و نەگۆڕن ئەو جۆرەیش کە درێژی دێڕەکانی وەك یەك نین ودەگۆڕێن،جابەلایەوە هۆنراوەی سەربەست لقێکە لەو هۆنراوانەی کەسەربەشێوەی یەك دێڕی یە و درێژی دێڕەکانیشی یەك درێژییان نابێت و دەگۆڕێن ))[١] واتە ئەو هۆنراوانە بە هۆنراوەی سەربەست دادەنێت کە درێژی دێڕەکانیان وەك یە نین ،ژمارەی پێییەکانی لە دێڕێکەوە بۆ دێڕێکی تر دەگۆڕێت .ئەم چەمکە لەئەدەبی کوردیشدا هەمان چەمکی ئەدەبی عەرەبییە هەروەك "د.دلشاد عەلی " دەلێت :-((هەرچۆنی بێت هۆنراوەی سەربەست لە ئەدەبی کوردی هاو چەرخماندا بە هەمان چەمك بەکاردەهێنرێت کە (نازك الملائکە) بەکاری هێناوە واتە ئەوهۆنراوەیەی کەخۆی لە چوار چێوەی بەیتی دوو دێڕی دەربازکردوە وژمارەی پیێ یەکانی لە دێڕێکەوە بۆ دێڕێکی تر دەگۆڕێ و لە هەمانکاتیشدا دەست بەرداری قافیەش نابێت .هەر ئەم چەمکە ش کەم و زۆر لەلای رۆشنبیرانی کوردیش بەدی دەکرێت ))[٢]

چەسپاندنی رێچکەی هونراوەی سەربەست لە ئەدەبی کوردیدا بۆسالی١٩٧٠ و بانگەوازی بزوتنەوەی روانگە دەگە رێتەوە ((دوابەدوای بزوتنەوی روانگە لە ئەدەبی کوردیدا دەستەیەك شاعیری لاو وی ئەو قۆناغە بەگەرمی یەوە روویان لە هۆنراوی سەربەست کردوە بە تەواوی ئەم رێچکەیان کردوە ،تاکو ئیستایش هەر بەردەوامەو لە هەنگاو ناندایە ))[٣] هەروەها "عەزیز گەردی " سەبارەت بەم جۆرە کێشە دەلێت ((سێ پێی سەرەکی کە پێکانی (٣،٤، ٥) ،شاعیران لە سێ پێیە سەرەکییەکەی کێشی ژمارەی پێکان وەر دەگرێ و بە کەیفی خۆی چەند جارێك بیەوێ لە دێڕێکدا دووبارەی دەکاتەوە))[٤] واتە ئەگەر پیی سێ بڕگەی بۆ شیعری ئازاد بە کار بهێنرێ،ئەبێ کێشی دێڕەکان سێ سێ زیاد بکرێت ببنە شەش یان نۆ بەو جۆرە بەردەوام دەبێت .

لە ئەدەبی کوردیدا ولە سالانی حەفتاکاندا و ئەو ماوەی ئێمە وەرمانگرتوە ئەم کێشە زیاتر رووی لە گەشەکردن کردوە . یەکێك لە دەنگە دیارەکانی ئەم ماوەیە "شێرکۆ بێکەسە " هەروەك چۆن توانیویێتی هەمیشە دەقی بالا بەرهەم بهێنیت لە بەکارهێنانی ئەم جۆرە کێشەیشدا بالادەستی خۆی نواندوە چەندین هۆنراوەی جوان و ئاوازداری بەم جۆرە کێشە هۆنیوەتەوە .بەشێوەیەك بەکارهێنانی ئەم جۆرە کێشە بوەتە شێوازێکی تایبەت و شاعیری پێی دەناسرێتەوە .بۆ ئەم شێوازە کێشە چەند نموونەیەك دەخەینە روو :-

---

١-.دلشاد عەلی بنیاتی هەلبەست لە هۆنراوی کوردیدا ،ل١٥٠

٢- سەرچاوەی پێشوو ،ل ١٥١

٣- سەرچاوەی پێشوو ،ل ١٥٩

٤-عەزیز گەردی ،کێشناسی کوردی ، نارین بۆ چاپ و بلاۆکردنەوە ،هەولێر ،٢٠١٤، ل٢٦٢

شێرکۆ لەم پارچە شیعرەدا بەلای ئێمەوە یەکێکە لە شیعرە جوانەکانی ناو دیوانی حەفتا پەنجەرەی گەڕۆك ،شیعرەکەی بەم کێشە بنیات ناوە و لە کێشەکەشدا پێی سێ بڕگەی بەکارهێناوە ،هەموو لەتە دێڕەکانی سێ بڕگەین یان شەش یان نۆ بڕگەین و پێیەکانی سێ سێ زیاد دەکات .

| | |
|---|---|
| چنارێك ئەیپرسی و | ٦=٣+٣ |
| گوڵەکان پەنجەیان هەڵئەبڕی! | ٩=٣+٣+٣. |
| -هۆی چییە | ٣ |
| ئەم گۆمەی تەنیشتمان | ٦=٣+٣ |
| هەمیشە وا ماتە ؟! | ٦=٣+٣ |
| گوڵ هەنار وەڵامی دایەوە : | ٩=٣+٣+٣ |
| -هۆیەکەی ئەوەیە زۆر بیری | ٩=٣+٣+٣ |
| سەرچاوەی دایکی خۆی ئەکات و | ٩=٣+٣+٣ |
| نەیشتوانی وەرگەڕێ بۆ دواوە ! | ٩=٣+٣+٣ |
| - نەتزانی | ٣ |
| هێرۆیەك : پێئە چێ | ٦ ٣+٣ |
| ڕاو چییەکان بۆ ماسیی | ٦=٣+٣ |
| بێزاریان کردبێ | ٦= ٣+٣ |
| - نەتزانیێ! | ٣ |
| گوڵ لیمۆ : پێئە چێ وادیارە | ٩=٣+٣+٣ |
| ڕەشەبا نەهێڵێ شەو بنوێ | ٩=٣+٣+٣ |
| - نەتزانی ! | ٣ |
| -ئەی چییە خۆت بیڵێ؟! | ٦=٣+٣ |

-گوێیگرن ،شەوێکیان ،من بینیم ٣+٣+٣= ٩

کە مانگ نوست ،سەری خۆی دا پۆشی ٣+٣+٣=٩

خێڵی خوێن هاتن و ٣+٣ =٦

کچێکی ئاشقیان تیا خنکان!. ٣+٣+٣=٩ حەفتا پە نجەرەی گەڕۆك ،ل ٤٧-٤٨

هەروەها شاعیر بەم جۆرە کێشە ، ئەم پۆستەرە شیعرەی خوارەوەی بنیات ناوە و لە کێشەکەیشدا پێی چوار بڕگەی بەکار هێناوە ،هەموو لەتە دێڕەکان چوار یان هەشت بڕگەیین .ئەمەش بوەتە شێوازێی دیاری شاعیر .

لە ئاسمان پەڕێك لە باڵی ٣+٥

کۆترێ بۆوە ٤

لە سەر زەوی ٤

پەلکە گیایەك دڵی گۆشرا !. ٤+٤

لە دەریاچەدا ماسییەك ٤+٤ =٨

بوو بەدەمی قولا پەوە و ٤+٤=٨

لە وشکانی ٤

سورە گوڵێ زەرد هەڵگەڕا !. ٤+٤=٨ حەفتا پە نجەرەی گەڕۆك ،ل ١٣٩

جگە لەو نموونانەی سەرەوە چەندین نموونەی تریش هەن ،دەتوانرێت ئەو ڕاستیە بگوترێت ،کە لە سەرجەم دیوانەکانی شاعیردا ئەم جۆرە کێشە بەدیدەکرێت ،لەبەر ئەوەی هەمان سیستەمی سەرەوەی تێدا ڕەچاو کراوە بۆیە بە باشمان زانی دووبارەیان نەکەینەوە ،ئەم کارەیش بە دیاردەیەکی شێوازی شاعیر دا دەنرێت ،لە بەکارهێنی ئەم جۆرە کێشە مامەڵەکردنی شاعیر زۆر شارەزاو وەستایانە دەر دەکەوێت .لە کاتی خوێندنەوەدا خوێنەر هەست بە ئاوازێکی خۆش و دڵڕفێن دەکات ، ئاستی شیعرییەتی دەقەکە بەرز دەکاتەوە .

## دووەم // سەروا

ڕەگەزێکی گرنگی شیعرە ،ڕۆڵی سەرەکی لە دروست بوونی ئاوازیی دەرەوەی شیعردا هەیە ،بە پێی قۆناغ و سەردەمە جیاوازە کانی شیعر گۆرانی بەسەردا هاتوە ،زۆربەی نوسەران و شارەزایان سەرەتای سەرهەڵدانی سەروا لە ئەدەبی کوردیدا بۆ ئەدەبی عەرەبی دەگەرێنەوە ." د.مارف حەزندار " دەڵێت :(( بۆ دیاریکردنی چەمکی قافیە لە هەڵبەستی کوردیدا وبەرچاو خستنی تایبەتییەکانی ،دەبێت ڕوو لە قافیەی هەڵبەستی عەرەبی بکرێت ،چونکە نەك هەر هەڵبەستی کوردی ،بەڵکو هەڵبەستی گەلی زمانی تر بە هۆی بەکارهێنانی کێشی عەروزی عەرەبیەوە پەیوەندییەکی تەواو دیاری بە چەمکی قافیەی عەرەبییەوە بەستوە )) [١] سەروا بابەتێکی گرنگە لە ئەدەبی کوردیدا ئەگەر دیوانی شاعیران هەڵدینەوە لە شیعری زۆربەی شاعیراندا بوونی هەیە ،لای شاعیران جێگەی بایەخ و گرنگی پێدان بوو.،لەم بارەیەوە "د.مارف حەزنەدار" ئەڵێت :((قافیە مەرجێکی گرنگە و پێویستە بۆ شیعری کوردی ،شیعری کوردی ئەوەی لەبەردەستماندایە هیچ یەکێکی ئەم مەرجەی فەرامۆش نەکردە )) [٢] بەڵام لەسەدەی بیست دا بەهۆی ئەو بارودۆخەوە کە بووە هۆی سەر هەڵدانی بزوتنەوەی شیعری نوێی کوردی و گۆڕانی سەروایشی بەدوای خویدا هێنا . "شێخ نووری شێخ سالح و گۆران، پیرەمێرد، ڕەشید نەجیب ، ع.ح.بێ... تا " هاوڕێکانی بوون دەست پێشخەری ئەم گۆڕانکارییە بوون .شاعیران و نوسەران بۆچونی جیاوازیان هەیە، لە سەر پێویست بونی سەروا لە شیعرا بە مەرجێکی پێویست دانانێن، پێیان وایە سەروا سنوری بیرکردنەوەی شاعیران بەرتەسك دەکاتەوە ،بەڵام ئەمە دورە لە راستیەوە چونکی زۆربەی شاعیران پەیڕەویان کردوە. لە قوناغی شیعری کلاسیکی کوردی ولە شیعری نوێی کوردیشدا بەکارهاتوە، بەڵام بە گۆرانکارییەوە ،هەروەك "محمد سدیق عارف " لەم بارەیەوە ئەڵێت :((کێش و قافیە دوو بنەمای گرنگی پێکهاتەی شیعری نوێن ،بەڵام ئەوەندە هەیە کە شیعری نوێ لە بەکارهێنانە کۆنەکە دورکەوتووەتەوە ڕووی کردوەتە بەکارهێنانێکی نوێی ئەو بنەمایە )) [٣]

واتە سەروا یەکێك بووە لە تایبەتیەکانی شیعرو شاعیرانی هاوچەرخیش پەیڕەویان کردوە یەکێك لە وشاعیرانەی، کە جێ پە نجەی دیارە لە بەکار هێنانی ئەم بابەتە دا "شێرکۆ بێکەس " ە ، کە پەیڕەوی سیستەمی سەروای بە شێوازیکی تایبەت کردوە .شاعیر لە دیوانە شیعرییەکانیدا یەکێتی سەروای بەکار نەهێناوە ،بەڵکو شاعیر سەروا ی بە شێوەیەکی جیاواز بەکار هێناوە ،زۆربەی جار شاعیر سەروایی بە --

---

١-د.دڵشاد عەلی ،بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوی کوردیدا ،ل٩٦

٢-معروف خەزنەدار،کێشی و قافیە لە شیعری کوردیدا ،چاپخانەی الوفاو بغداد ،١٩٦٢،ل ٥٦ و بڕوانە عەروزی کوردی ،نووری فارس حمە خان ،ل٢٥١

٣- محمد سديق عارف ،كامەران و هۆنراوەی نوێی ،چاپخانەی معاريف،بەغدا ،١٩٥٨،ل٥٦،٥٤

قوربانی واتا كردوە ،ئەم كارەیش دیاردەیەكی شێوازی شاعیرمان بۆ دەردەخات ،شاعیر بەچەند شێوازێك سەروای بەكار هێناوە زۆرجار شاعیر زیاتر * گرنگی بەدەنگی وشەكان داوە ، نەك ڕەنگیان ،لە بنیادنانی دەقە شیعرێكەیدا ،بە هۆیەوە خوێنەر لە كاتی خوێندنەوەیدا هەست بە ئاوازێكی خۆش سازگار دەكات .هەروەك ئەڵێ :-

لە كویشەوە سیا ساڵ و

مەرگی زەوی

هاتنە دیرۆكی ئێمەوە و

هاتنە ناو شیعری ئێمەوە

پێكیشەوە هەر هەمووما‌ن

بووین بە زووخاڵ ئەسپێ لە پەڕەی گوڵاڵە ،ل ٩-١٠

مادام لە زەریاوە هاتوی .وەرە كچێ

من بۆت ئەبم بە چارۆگە و

بە باوەشی نێو بەلەمێ... وەرە كچێ ملوانكە ،ل ٢٨

ئەگەر لەم پارچە شیعرەی سەروە ورد بینەوە وشەكانی وەك ( سیاساڵ،زو خاڵ ) و ( چارۆگە ،بەلەم )لە ڕەنگدا سەروا نین بەلام لە سیاقی شیعرەكەدا سەروا گەلێكی جوانی دروستكردوە ، هەروەك پێشتر وتمان زۆر جار شاعیر سەروای بە قوربانی واتا كردوە لە شیعری نوێدا ئەو چەمكە هەیە وێنەی شیعری جێگەی سەروا دەگرێتەوە ،هەروها شاعیر لەم پۆستەرە شیعرە دەڵێت :-

هاتی بۆلام

وەختێ ڕۆیشتی

چاویلكەكەت لە بیر چوبوو

بە یادی چاوەكانی تۆ

منیش كردمە

-------------------------------

*بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە سەرچاوەی ( جوانی و جیاوازی ) لە نوسینی ، محەمەد کوردۆ .ل١٤٠

چاوی کچە شیعرێکی خۆم

ڕۆژێ دواتر

وەختێ سەیری ڕەفەکەم کرد

هەرچی شیعری مێبازی

کتێبخانەی ژورەکەمە

لە دیوان هاتونە دەرێ و

هەر هەموویان

شوێن چاویلکە لە چاو کەوتوون                    حەفتا پە نجەرەی گەڕۆك ،ل ١٢٨

شیعری جوان

لە دڵەوە بۆ دڵە

لە ئازارەوە بۆ ئازار

لە ئەوینەوە بۆ ئەوین .                    ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە ،ل١٢٦

هەروەها شاعیر زیاتر گرنگی بەو سەروایانە دەدا ،کە لە یەك پیت، یان دوو پیت دروست دەبێت ،ئەمەیش شێوازێکی تایبەتی شاعیرو لەوەو پێش شاعیران زیاتر گرنگیان پێنەداوە .بۆنموونە لە شیعری "سرود" کە لە شێوەی چوارینەدایە بۆ شەهیدانی قڕگە وتویەتی ، زۆر بە ڕوونی گرنگی بە و سەروایانە داوە ،کە لە دوو پیت دروست دەبێت. هەروەك ئەڵێ:

ئەم شەوەی قڕگە بوو بە گۆمی خوێن

بناری گوێژەم سوور سوور هەڵگەڕان

شاری هەڵمەت و قوربانی و بەڵێن

بزە لە لێوی سەد ساڵەی بڕا .                    کەشکۆڵی پێشمەرگە ،ل٣٠٠

...........................

ئەیبینمەوە  هەروەکو خۆی

هێشتا پاڵتۆ عە سکەریەکەی لە بەردایە

کە ئەمبینێ هەر تەواو گەش ئەبێتەوە .

لەسەر تاقە کورسی

دوکانەکەیشی لەسەرەوە          ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە ،ل ٢٧٥

بەم شێوە شاعیر گرنگی بەم جۆرە سەروایانە داوە و بوون بە  شێوازێکی شاعیر ،جگە لەو نموونانەی سەرەوە چەندین نموونەی تریش هەن ،دەتوانین بڵێن لە سەرجەم دیوانە شیعرییەکانی شاعیردا ئەم جۆرە سەروایان بە دیدەکرێت  ،لە بەرئەوە هەمان سیستەمی سەرەوە یان تیا بەکار هێنراوە ،بۆیە بە پێویستمان زانی دووبارە یان نەکەینەوە ، ئەوە لێرەدا گرنگە بیلێین ، شاعیر زۆر بە سەلیقە و بیرمەندیەوە سیمایەکی داهێنانەی بە بەرهەمە شیعرییەکانی داوە،بە شێوەیەکە  کەخوێنەر هەرگیز لێی وەر س نابێت بەڵکو چێژی لێ وەدەگرێت.  .

## بەشی سێیەم // شێوازی شیعری شێرکۆ لە ئاست پێکهاتەدا

تەوەری یەکەم :- لادان لە ئاست فۆنۆلۆژی مۆرفۆلۆژیدا : لادانی دەنگی ، لادانی وشەیی

تەوەری دووەم :- لادان لە ئاستی ڕستەدا

تەوەری سێیەم :- ئاستی فەرهەنگ و لیکسیکی شاعیر

تەوەری چوارەم //

یەکەم :- پێوانەی شیعرەکانی شێرکۆ بە پێ هاوکێشەی بۆزیمان

دووەم :- ڕەمز لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا

تەوەری پێنجەم :- هەندێ دیاردی تری شێواز لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا

## لە ئاست مۆرفۆلۆژیدا

### لادان

یەكێكە لە بنەما سەرەكییەكانی شێوازگەری ،هەروەها زۆر جار شێوازگەری لە لایەن زانایانی شێوازناسیەوە بەلادان پێناسەی كراوە .زۆربەی دەقە شیعرییەكان لە لادان بەدەرنییە ،هەر شاعرێك لە ڕێگەی بەكاربردنی تواناكانی زمانی و وزە شارەوەكانی لادانی لە بنەما سەرەكیەكانی ڕێزمانی زمانەكەی كردوەو بە ئارەزووی خۆی هەستە پەنگ خواردوەكانی پێ دەربڕیوە .چونكە ((زمانی شیعری بەهۆی لادان لەزمانی ڕۆژانەوە دروست دەبێت )) [1] هەروەها ((زۆر بەوردی چاودێری ئەو لادانە دەكات ،وەك دووبارەكردنەوەی دەنگەكان ،هەڵگەڕانەوەی ڕێكخستنی وشە ،تێكدانی ڕۆنان و ڕیزبەندی كەرستەكانی ڕستە )) [2]واتە شاعیر لە یاسای باوی زمانەكەی لادەدات گۆڕانكاری ئەنجامدەدات ، بۆ ئەوەی سەرنجی خوێنەر ڕابكێشێت . شێوازێكی جیاوازی هەبێت .لەڕووی زاراوەوە و نوسەران و ڕەخنەگرانی كورد زاراوە ی جیاوازیان بۆ چەمك و مەبەستی لادان بەكار هێناوە (د.صافیە محەمەد ئەحمەد) لە نامەی دكتۆراكەیە بەناوی "لادان لە شیعری هاوچەرخی كوردیدا" باسی لەو زاراوانە كردووە كەلەلایەن نوسەران و ڕەخنەگرانی كوردوە بەكار هاتووە ئیمە لێرەدا تەنیا ئاماژەیان پێدەكەین ((وەك زاراوەی گۆڕان ،ترازان ،تێكدان ،تێكشكان ،سەركێشی كردن ،دوركەوتنەوە ،زەقكردنەوە ، خزان ،تێپەڕاندن ،گەمەی زمانەوانی ،لادان )) [3] هەریەك لەم زاراوانە بەشێك لە ڕاستی پێكهێناوە ،بەڵام زارەوەی لادان لە هەموو زاراوەكانی تر زیاتر واتاو مەبەستی زاراوەكە دەگەیەنێت و بە شێوەیەكی زۆر و بەرچاو لە لایەن ونوسەران و توێژەرانەوە بەكارهاتوە .

كەواتا لادانە پێكهاتەكان بەسەرجەم جۆرو شێوەكانیەوە سەرچاوەیەكی گرنگی ئەزموونی زمانی شیعرییەو شاعیران پەیڕەویان كردوە .شایەنی باسە مەرج نییە هەموو لادانێك بەسەركەوتویی ئەنجام بدرێت ڕەنگە شاعیر شارەزاییەكی ئەوتوی نەبێت ئەوكات دەقیكی ناتەواو بێچێژ بەرهەم دەهینی ڕەنگە تەنیا هەر خۆی خوێنەر ونوسەر بێت . هەربۆیە زانایانی بواری ئەدەب و زمانناسی دوومەرجی گرنگیان دەستنیشانكردوە بەدەر لەو دوومەرجە بەلادان دانانرێت .یەكەم// لادانەكە بە شێوەیەك بێت لە چوار چێوەی ڕێگە پێدراوی ڕێزمان ئەنجام نەدرێت .

دووەم //دەبێت لادانەكە سودێك بگەیەنێت،چونكە لادان لە خودی خۆیدا ئامانج نییە ،بەڵكو ئامانج لە.

---

١-د.سیروس شمیسا،كلیات سبك شناسی ،تهران،نشرمیترا ،١٣٨٢،ل٨٢.

٢-صافیە محەمەد ئەحمەد،شێوازی شیعرە كوردیەكانی پیربال محمود ،ل١٥٣

٣-د.سافیە محەمەد ئەحمەد ،لادان لە شیعری هاوچەرخی كوردیدا ،چاپخانەی حاجی هاشم ،هەولێر ،٢٠١٣،ل٥٨

لادان دروستکردنی کاریگەرییە لەسەرخوێنەر . کەواتا لادان نابێت بە شێوەیەکی هەڕەمەکی ئەنجامبدرێت چونکە کەسایەتی و توانایی شاعیر دەردەخا و دەبێتە شێوازی تایبەتی شاعیر.

### ٣-١-١/لادان لەدەنگدا

بریتیە لە لابردن و کرتاندنی دەنگێك یان زیاتر لە کەرەستەی ڕستە ،جا کرتاندنەکە بکەوێتە سەرەتای وشە یان ناوەڕاست یان کۆتایی .چونکە ((وشە وڕستەو کەرەستە زمانییەکان وەك هەویرێکن لە بەر دەستی شاعیر ،بە پێی ویست و ئارەزووی خۆی شێوازو چەشنە داهێنانی هەمەڕنگیان لێ دەسازێنێت )) [١] زۆر جار شاعیر ئەم لادانە بە مەبەستی ((سووککردن و خۆشکردنی ئاوازی گوتنەکە لە سەر زمان ،کە مەبەستیان هێنانەدی کاریگەرییەکی زیاترە لەسەر خوێنەر )) [٢] چونکە شاعیر هەمیشە هەوڵدەدات بنیاتێکی تازەو نوێ بۆ دەقەکەی پەیڕەو بکات .بۆیە بەهۆی ئەم لادانەوە گۆڕانکاری ئەنجامدەدات جا ئەوەتا (( دەنگێك یان زیاتر لە بینای دروستی وشە لادەبات .. یانیش دەنگێك ،یان زیاتر لە بینای دروستی وشە زیاد دەکات ،یانیش دەنگێك یان زیاتر لە بینای دروستی وشە دەگۆڕێت .)) [٣]

شێرکۆ ئەم جۆرە لادانەی پەیڕەو کردوە ،هەربۆیە شیعرەکانی شێوازێکی تایبەتی وەرگرتوە ،هەروەك لەم نمونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت :

شاعیر لە شیعری (دنیایی منداڵی )دا لادانی دەنگی ئەنجامداو، لە وشە هێڵ بەژێردا هاتوەکە دەنگی "ت" کرتاندوە .

ئەچمەوە ناو

گوێ بیستەکانی منداڵیی

بە گۆێچکەیەك دەنگی قوربانی <u>ئەبیسم</u> ئێوە بە خۆشەویستی ئەسپێرم ،ل ٢٤٧

هەروەها شاعر لە شیعری (مردن ) لادانی دەنگی ئەنجامداوە و ئامرازی (لێ)ی کرتاندوە ،هەروەك ئەڵێت

کە گەڵایەك مرد ..حەرفێکم لێ مرد

کە کانییەك مرد ..وشەیەکم مرد

---

١-د.صافیە محمەد ئەحمەد ،لادان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا ،ل ٩٣

٢-کەژاڵ حمە ئەمین ئەحمەد ، بنیاتی هونەری لە شیعرەکانی (فەرەیدون عەبدول بەرزنجی ) نامەی ماستەر ،زانکۆی سلێمانی ،٢٠١٠،ل ٥٢

٣-د.ئیدریس عەبدولا ،شێوازگەری لادان ،چاپخانەی لەریا ،سلێمانی ، ٢٠١٣ ،ل ٢١٤

که باخچەیەك مرد .. ڕستەیەکم مرد            ئاوێنە بچکۆلەکان ،ل ٦٤٠

### ٣-١-٢//لادان لە ئاستی وشەدا یان "لادانی وشەیی"

مامەڵەکردنی شاعیر لەگەڵ وشە لەناو دەقی شیعریدا جوانی و بە هێزی و کاریگەری شیعرەکە دەردەخا ،شێوازگەرییەکان لە لیکۆڵینەوەکانیاندا لە وشەوە دەست پێ دەکەن ئینجا ڕستەو ..... تاد هەروەك ابراهیم سامرائی دەڵێت : ((زمان لە شیعرە نوێکاندا وەك کەرەستەیەکە ، ئەمانەش واتای نوێ و وشەی دیاریان هەیە ، لێرەوە بوارەکانی خواستن و خواز فراوانبوون ))[1]واتە وشە ڕۆڵێکی ئەکتیف دەبینێت لە بونیادنانی دەقی شیعریدا ،ئامرازێکی هاوسەردەمیە لەگەڵ هەموو هەنگاوەکانی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی گۆڕانی بەسەردا دێت ،هەمیشە لە نوێبوونەوە و گەشەکردنندایە ((وشە زمانی دەربڕینی هەست و سۆز و ئەندێشەی شاعیرە ،ڕوکەشی بیرۆکەکان و واتاو چەمکی شیعرەکە بەرجەستە دەکات.کاریگەری گەورەیش لە خوێنەر دەکات ))[2].ئەم جورە لادانە مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیە .شاعیران تەنیا بەوشەی کوردی نەوەستاون بەڵکو پەنایان بۆ زمانەکانی تر وەك "عەرەبی و فارسی و تورکی "بردوە لە زمانی کوردی پەتی لایانداوە ،بەڵام ئەم جۆرە لادانە گۆڕانی بە سەردا هاتوە، هەربەو شێوەی پێشوو نەماوەتەوە وبەردەوام لەگۆڕاندا بووەو شێوازێکی تری وەرگرتوە . شایەنی باسە لادانی وشەیی خۆی لە چەندین جۆری جیاوازدا دەبینێتەوە ئێمە لەم توێژینەوەدا باس لە شاعیرێك دەکەین کە یەکێکە لە شاعیرە هاوچەرخەکانی ئەدەبیاتی کوردی ،لادانی وشەیی لە شیعرەکانی "شێرکۆ"دا یەکێکە لە خەسڵەتە دیارەکانی شێوازی شیعری .هەڵپەی بۆ زمانەکانی تر کردوە ،لادانی وشەیی لە دەقە شیعرییەکانیدا ئە نجامداوە .ئەمانەش جەند جۆرێکن لە لادانی وشەیی کە شاعیر دەقە شیعرییەکانی پێ ڕازاندوەتەوە .

---

١- د.ابراهیم سامرائی ،لغة الشعر بین جیلین ،مؤسسة العربیة للدراسات ، بیروت ،١٩٨٠،ص١٩

٢-جاکوب کوارب، اللغة فی الادب الحدث، ت، یون یوسف و عزیز عانوئل،بغداد ،١٩٨٩، ص١٥٩

## یەکەم - وشەی سەردەم

ئەم لادانە شێوازێکە لەلای زۆربەی شاعیران دەبینرێت ،شاعیرانی کورد لە زۆربەی سەردەمەکاندا هەوڵیانداوە و شیعریان بە بڵنگۆی ڕاستگۆیی ختستنە ڕووی کێشەکانی سەردەم داناوە ،بەمەش ئەرکێکی زۆر قورس کەوتوەتە سەر شانی شاعیر،"شێرکۆ "وەك شاعیرێك ،هەمیشە کەسێکی دڵسۆزو هاوخەمی گەلەکەی بووە لە دڵەڕاوکێ و دەربەدەریدا ژیاوە و شوێنێکی چەسپاو نەبووە ،دەکرێت قوناغەکانی ژیانی وەك قۆناغ "قۆناغی ناو شار ،قۆناغی شاخ ،قۆناغی تاراوگە ...هتد ".لە هەریەك لەم قوناغانە شاعیر وشەی تایبەتی بەو سەردەمە بەکار هێناوە .چونکە شیعر پێویستە ڕەنگدانەوەی ئەو بارودۆخەبێت کە ئاوێنەی ژیانە ،نابێت زمانی شیعر دوربکەوێتەوە و دەبێت نزیك بێت لەناخی خەڵك و دەربڕی هەست و سۆزیان بێت .بۆ نموونە کاتێك شاعیر دەچێتە شاخ و دەست بەخەبات دەکات .کۆمەڵی زاراو وەدەستەواژە بەکاردەهێن گوزارشت لەو قوناغەی ژیانی شاعیر دەکات و بایەخێکی زۆری هەبووە .بۆ نموونە دەستەواژەی (گوللە ،ئوتۆنۆمی ،مەشخەلآن ،تفەنگ،ئازادی ، پێشمەرگە ، جانتای دبلۆ ماسی ،ئەلتریکی ، گەردەلوول ،زەماوەند ،شمشێر، شۆڕش..،گڕ ،بارووت .....) هەروەك لەم نمونانەی خوارەوەدا دەر دەکەوێت :-

........

تفەنگ .. خۆرەتاو ئەکوژێ !

تفەنگ ..خوێنی گوڵە گەنم

بەسەر شەقامەدا ئەڕێژێ !

تفەنگ ..چاوی ڕۆشنبیری هەڵئەکۆڵێ

تفەنگ ... تفەنگ شایی شەهید ،ل ٤٢٧

هەروەها شاعیر لە شیعرێك بەناوی (گەردەلوول ) دەڵێت :

براینە !

تەماشاکەن

لەو پێ دەشتانەی خوارەوە

هەتا چاوی چەکمان بڕ کات

**گەردەلوولی سوری ئێمە**

**چۆن هەڵ ئەکات**

**تەماشاکەن** **کەشکۆڵی پێشمەرگە ،ل ٢٥٢**

................

**مە پرسن چۆن ؟!نە و... مە پرسن**

**ئیستا لەناو ((سەرچنار)) ی ئەم دڵەدا**

**زەماوەندی شەهید گەرمە**

**ڕەشبەڵەکە ،سێ پییە ، شێخانییە**

**ئەم ئاهەنگە**

**نەحەوت شەوە نە حەوت رۆژە**

**تا ماینی ئازادی بووك نەگاتە جێ**

**مانگ بۆ زاوام دانابەزێ**

**ئەم شاییە دوایی نییە**

**زەماوەندی شەهید گەرمە**

**هەموو رۆژێ**

**هەموو شەوێ**

**شیعرێکم برا زاوایە و**

**تارا خوێنەو**

**دەستەسڕی سەرچۆپی کێش**

**کڵپەی سەرمە ١.** **شای شەهید ،ل ٤٣١**

**ئەم شیعرەی سەرەوە ،یەکێکە لە شیعر نیشتمانیەکانی شاعیر کە لە ساڵی ١٩٨٥گوتویەتی ،کاتێك ڕژێمی بەعس لەحەڤدەی کانووندا لە ناو شاری سلێمانی بە بەرچاوی خەڵکەوە ، سێ لاوی خوێن گەرمی ئەم**

نیشتمانەیان بە شێوەیەکی دڕندانە شەهید کرد ،ئەم شیعرە هەڵویست و تووڕەیی شاعیرمان نیشان دەدات بەرامبەر بەم رووداوە .

شایەنی باسە هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێدا ، شاعیر لە هەر قۆناغ و سەردەمێکدا ژیابێت ،کۆمەڵی دەستەواژەو زاراوی تایبەتی بەکارهێناوە ئەمەیش وەك دیاردەیەکی شێوازی شاعیر دادەنرێت ، بێگومان ئە و وشەو دەستەواژانە هۆکاریك بوون بۆ دەوڵەمەند کردنی فەرهەنگی شیعری شاعیر بە هۆی ئەم زمانە شیعرییەوە توانیویەتی سەر سوڕمانی و کتو پڕی لە زەینی خوێنەردا دروست بکات .بۆنمونە کاتێك شاعیر ڕوو لە تاراوگە دەکات و نیشتمان جیدەهێڵی ،توشی حاڵەتێکی دەروونی خراپ دەبێت ،بەلام شاعیر وەك کەسێ هەست ناسك دەست لە سەرئەژنۆ دانانیشێت و کۆڵ نادات ، بەڵکو دەست دەداتە قەڵەمەکەی و لە غوربەتەوە خەرمانێك لە هۆنراوەی ڕەنگاو ڕەنگی دەهۆنێتەوە ،لە زۆرێك لە هۆنراوەکانیدا بە هۆی ئەو وشەو دەستەواژانەوە کە بەکاریهێناوە هەست بە نامۆی شاعیر دەکەین ، هەروەك لەم نمونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت :

ڕۆحی غوربەت

من ئەڵێم کێ ئەگاتە ناو

ڕۆحی غوربەت

ئەگەر ژان دانەگرسێنێ و

لە تەنیایی عەشقی خۆیدا

وەکوو ( نالی )

سەری خۆی نەکا بە قووبەی

نائومێدی و

تۆ ئەتوانی بە قومێك ماچ بمخەیتە هەڵقولین ،ل ٢٧٨ (ویسال )یش نەکا بە هیجرەت

شاعیر لە شیعری ( جودایی ) کە لە ساڵی ١٩٨٨ لە شاری سوید نوسیویەتی دەڵێت :

ئەگەر لەناو شیعرەکا نما

"گوڵ"دەراوێژنە دەرەوە

لە چوار وەرز وەر زێکم ئەمرێ

ئەگەر "یار "بهێننە دەرەوە

دووانم ئەمرن.

ئەگەر "نان " بێننە دەرەوە

سیانم ئەمرن .

گەر"ئازادی " بێننە دەرێ

ساڵ ئەمرێ خۆیشم ئەمرم . ئاوێنە بچکۆلەکان ، ل٧٥١

هەروەها شاعیر لە شیعری (زیندانی گەڕۆك) دا زیاترهەستی تەنیای شاعیرو وەرسی و بێزاری شاعیرمان لەتاراوگە بۆ دەردەکەوێت .

لەم کۆچەدا

ئەمە هەموونیشتمانمە :

چوار دەنکە ترێی هەڵوەریو ،

لەناو دڵما و

دلیش زیندانی گەڕۆکە و

شار بەشاری ئەم جیهانەیش

وەردیانە !. ئاوێنە بچکۆلەکان ،ل ٧٤٣

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێن شاعیر وەك کەسێکی شاعیرو هەست ناسك خۆی گونجاندوە، لەگەڵ ئەو کارەسات و ڕووداوانەی کەڕوویانداوە یان پیدا تێپەڕیوە ،کاریگەری هەبووە لە سەر شاعیرو لە هۆنراوەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە و بوەتە شێوازێکی تایبەتی شاعیر.

## دووەم- وشە ڕۆنان

شاعیر لە هۆنینەوەی شیعرەکانیدا هەمیشە هەوڵی داهێنانی وشەی نویٚ دەدات ، سودێکی زۆر لە ئاستی وشە وەردەگرن و فەر هەنگی شیعرییان پیٚ دەوڵەمەند دەکەن ،چونکە ((وشەی تازە و نەبیستراو دەبێتە سەرنجی خوێنەرو بەرزکردنەوەی پلەی شیعرێتی دەقەکەو دەرخستنی بلیمەتی توانایی شاعیر ئەمەش بە پلەی یەکەم لە زمانی نوسین و شیعردا بەر جەستە دەبێت ))[1] واتە توانای شاعیر ڕۆڵیکی ئەکتیڤ دەبینیٚ لە داهێنان و دروستکردنی وشەی نوێدا .ئەمش جۆرێکە لە لادان و شاعیر وشەی نویٚ دادەهێنیت لە سەر یاساکانی دروستکردنی وشە ،هەروەك (د.ئاڤان عەلی میرزا ) لە نامەکەیدا دەڵێت (جۆرێکی تریش لەلادانەکەی بە گشتاندنی یاسایەکی وشە ڕۆنان بە سەر هەندێك وشەدا پیادە دەکرێت کە لەوە و پێش لە سنوری ئەو یاسایەدا نەبووە )[2] شاعیر لە چوار چێوەی ئەو سیستمە دەنگییە هەوڵی دروستکردنی و وشەی جیاوازو نویٚ دەدات .ئەویش هۆکارێکە بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانەکە .شێرکۆ یەکێکە لەو شاعیرانەی کە دەسەلآتێکی زۆری بەسەر وشە و کەرستە زمانیەکانی زمانەکەیدا هەبووە وەچەندین وشەی نوێیٚ و جیاوازی خستوەتە سەر خەرمانی زمانی نەتەوەکەی و هەمیشە لە خەمی داهێنان و بەرو پێشبردنی زمانەکەیدا بووە ،هەروەك لەم نموونانەی خوارەوەدا دەبینرێت :-

، بۆ نموونە شاعیر لە شیعری (شۆڕش ) دا ئەڵێت:

شاخ وتی شۆڕش رووبارە

جاریٚ تیژە و جاریٚ خاو و

هەندیٚ جاریش بیٚ بوارە

ڕوبار وتی شۆڕش شاخە

جاریٚ لوتکەو جاریٚ گەورە و

هەندیٚ جاریش بن بنارە

درەخت وتی شۆڕش وەکو دارستانە

جاریٚ ڕووتەو جاریٚ وشکەو

---

١-شێرزاد عەبدوڵا قادر ،لادان لە شیعری رفیق سابیردا ،نامەی ماستەر ،زانکۆی سلێمانی ،کۆلیجی زمان ٢٠١٤ ،ل٤٢

٢-ئاڤان عەلی میرزا تۆفیق ، چنینی دەق لە شیعرەکانی نالی دا،چاپخانەی کەمال ،٢٠١٢،ل١٩٥

**هەندی جاریش چرستانە .                    ئاوێنە بچکۆلەکان ،ل٦٢٠**

**لەم نموونەی سەرەوە شاعیر هاو شێوەی وشەکانی ( دارستان ،گۆڕستان ) بە پیٚ یاسای زمانی کوردی وشەی ( چڕستان )ی دروستکردوە ،کە لە ناوێکی واتادار لەگەڵ پاشگری ( ستان ) پێکهاتوە .**

**......................**

**دەشتەکانمان وەك پەڕەی کاغەز سووتان و**

**ئاسمانمان کرد بە قەفەز و**

**شاخەکانمان تیرۆر کرد و**

**وا ئیستاکە شیعریش بووە بە خەڵووزی کاولستان          نسیٚ ، ل١٢٦**

**لەم پارچەشیعری خوارەوەدا بە ناونیشانی ( میوان ) شاعیر وشەی نوێی ( ئاگرۆکەی ) دروستکردوە ،کە لە ( ناوێکی سادە + پاشگری ( ۆکە ) ) ئەم پاشگرە بۆ بچوکردنەوەی ناو بەکاردێت .**

**..............**

**لەوێوە چەند فرسەخ بە سواری تەنیایی و**

**لەوێوە چەند فرسەخ بەسواری ئاگرۆکەی**

**"شارەزوور" هاتووە !!!                    پایزە میوان ،ل٧١١**

## سێیەم / بەکار هێنانی وشەی ڕۆژانە

**بێگومان زمانی شیعر شێوەیەکی تایبەتی خۆی هەیەو جیاوازە لە زمانی ئاسایی ،چونکە (( لێڵی وتەم و مژی پێوە دیارەو ،تێگەیشتن و شیکردنەوەیان بەستراوە بە ڕادەی ژیری و شارەزایی خوێنەرەوە یان گوێگرەوە ))[1] بەلاٚم زۆر جار شاعیران هەوڵئەدەن زمانی شیعرەکانیان بە زمانێکی سادەو ساکار بنوسن و لە ئاست تێگەیشتنی خەڵکی ئاسایدا بێت ،(( یەکێك لە تایبەتمەندی و خەسڵەتەکانی شیعری نوێی کوردی مامەڵەکردن بووە لەگەڵ ئەو لادانە فەرهەنگیانەی ،کەخەڵکی لە زمانی ڕۆژانەیاندا بە کاریان هێناوەن ))[2] ئەم جۆرە لادانە لە زمانی شیعری ئەم قۆناغەی شیعری کوردیدا پەیڕەو کراوە .**

---

**١-دلاوەر ئیبراهیم حەمە صالح، شیعریەت لە دەقەکانی ئەنور قادر محمد، نامەی ماستەر ،زانکۆی سلێمانی ،٢٠١٥،ل٩٧**

**٢-فەرهاد قادر کەریم ،ڕێبازی شیعری کاکەی فەلاح ،نامەی ماستەر ،زانکۆی سلێمانی ،٢٠٠٦،ل٢٥**

شێرکۆ بێکەس وەك شاعیرێك پەیڕەوی ئەم جۆرە لادانەی کردوە ، هەروەك دەڵێت ((نزیك کەوتنەوە بووە لە خەڵك .... لە بازاڕ و شەقام و ئاخاوتنی ڕۆژانە تێکەڵکردنیان بە جەستەی شیعری تازە ،بەم کامێرانە وێنەی باشترو جوانترمان دەگرتن،بە ڕۆحی ئێمە ئاشنا تر بوو وەك لە شاعیرانی کۆنتر ،ئەو کاتەش تەجاوزی ئێمە دەستی پێکرد ،کە ڕوانینی تازەمان بۆ ژیان لا پەیدا بوو ))[1] واتە شاعیر هەمیشە هەوڵی داوە زمانێکی سادە و نزیك لە زمانی ئاخاوتنی گشتی بەکار بهێنێت .بە شێوەیەك بوەتە دیاردەیەکی تایبەتی شێوازی شیعری شاعیر .هەروەك لەم نموونانەی خوارەوەدا هەستی پێدەکرێت :-

......

ئەو شەوە قسیدەیەکی تازەم سەرمای بوو

هەرچیم پیادا گەرمی نەبۆوە

هەر ئەبوو ئاگرێکی بۆ بکەمەوە

بەلاّم نەنەوتم هەبوو نەکارەبا یش

بۆیە هەستام

یەك باوەش شیعری پەڕپووت و

کۆنی خۆم هێنا و

لە بەردەمیا دامناو

ئاگرەکەم بۆ کردەوە ! تۆ ئەتوانی بەقومێ ماچ بمخەیتە هەڵقوڵین ،ل ٣١٨

لە پایزدا

ڕۆژێ سەرم کرد بە بیژنگ

ڕۆژێ هەقم لە بێژنگدا

بە قەدەر یەك

ڕەنگەکانی ژنم هێناو

---

١-د، صافیە محمەد ئەحمەد ،لادان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا ،ل١١

ڕەنگەکانی پیاوم هێنا و

تێکەڵم کرد ..

بە یەکەوە بێژامنەوە

سەرم سووڕاو سەرم سووڕا

لە دواییدا

ئەوەی ڕژایە خوارەوە

هەرپیاو بردی و هەر پیاو خواردی و

ئەوەی لە سەریش مایەوە و لە بێژنگدا

بە ژن بڕا!                پایزە میوان ، ل ٧٥٣-٧٥٤

وەرن بیکڕن ..بە چارەکی مایە .. بیکڕن

وەرن .. کاکە وەرن ..بیکڕن

ئەوە جاجم لێفەو دۆشەك ،

کومبارێك و پریمزێ

ئەوە چوار قاپ و مە نجەڵێ

ئەوە لانکە ....

ئەوە کڵاو جامانە ..

ئەوە ..شیعر .. سێ دیوانی شێرکۆ بێکەس

وەرن کاکە .. وەرن .. بیکڕن                دوو سرودی کێوی ، ل ٥١

هەر وەك لەم نموونانەی سەرەوەدا دەردەکەوێت ،وشەکانی سادەن و لە زمانی ئاخاوتنی گشتییەوە نزیکە ،و پێویست بە خوێنەری شارەزا ناکات ،هەموو کەس بە ئاسانی لێ تێدەگات .چێژی تایبەتی هەیە،ئەمەش وەك دیاردەیەکی شێوازی شاعیر لە زۆربەی دیوانە شیعرییە کانیدا بەدیدەکرێت .

## چوارەم /لادانی زاری

نەبوونی زمانێکی یەکگرتوو ستاندارد ڕێگە خۆشکەرە بۆدروستبونی ئەم جۆرە لادانە،واتە شاعیر جگە لەزاری ناوچەکەی خۆی ،لەزاری ناوچەیەکی دیکەلە بنیادنانی دەقەکەدا بەکاریدەهێنێت و شێوازێکی جوان وسرنج ڕاکێش بەدەقەکەی دەبەخشێت .زمانی دەقەکە جۆرێك لە ناباوی بە خۆیەوە دەبینیٚ،هەروەك (دعزەالدین مستەفا رسول ) ئەم جۆرە لادانە بەکاریکی ئیجابی و گرنگ دەزانی ((کارێکی گرنگتری ئەم بەدوادا گەڕانە ئەوە بوو ،کە شاعیر خۆی بە دیالێتی قسەکردنەوە نەدەبەست ،بە ڵکو هەموو دیالێکت و بەشە دیالێکتەکانی زمانی کوردی موڵکی شاعیر بوون .بە ناویدا دەگەڕاو بەم هۆیەوە زۆر وشەی ئە وناوچە تەسك و یان ئەوەی تعمیم دەکران و لە ڕێی شیعرەوە بە وشەیەکی کوردی هەمەلایی ))[1]

شێرکۆ بێکەس وەك شاعیرێك پەیڕەوی ئەم جۆرە لادانەی کردوە بەکار هێنانی ئەم جۆرە وشانە بە کارێکی ئیجابی دەزانێت .چەندین شێوە و وشە و زاراوەی شێوە زارەوە جیاجیا کانی زمانی کوردی بەکار هێناوە .هەروەك لەم نمونانەی خوارەوەدا دەبینرێت :

لەوێندەریٚ، لە قاقڕی

ئە مجارەیان خۆڵ ئەمنوسێتەوە

خۆڵ ئە مخوێنێتەوە .. ئە مجارەیان لەوێندەریٚ       گۆڕستانی چراکان ،ل١٠١

هەرەوەك لەو نموونەی سەروەدا شاعیر وشەی ( لەوێندەری )بەکارهێناوە ،وشەکە سەر بەشێوەزاری ناوچەی هەولێرە ،هەروەها لەم نموونەی خوارەویشدا شاعیر بە شێوەزاری ناوچەی هەولێری ئەدویٚ ئەڵێت :-

شەنگە بێری ،کارمامزی بەژن عەر عەری

لە دوورەوەڕا ،لە سەحرای غەریبیەوە ڕا

هاتبوونە ماریٚ!

......

ئەمن دەمگوت لەو خەویدا

ئەریٚ کیژان ،لۆسەفەرتان

هێندە تولانیدا و

---

١- عیزەدین مستەعا رسول ،ئەدەبیاتی نویٚ کوردی ، چاپخانەی خوێندنی باڵا،بەغدا ،١٩٩٠،ل ٤٦

له کێندەرێ بوون ،بابان وێران !　　　　　　گۆڕستانی چراکان ،ل١١٧

هەروەها شاعیر لە شیعری ( قیبلە نما )زاراوەی ناوچەیەکی تری بەکار هێناوە ،دەڵێت:

........

بووك هەر هەموو کچەکانی سلێمانی و کوردستان بوو ن!

بووك هەر هەموو کەنیشەکەکانی گەرمێن و

کیژی زۆزان و کوێستان بوون .

شایی شەهید ،ل ٤٣٠

شاعیر لەم شیعرەدا وشەی ( کەنیشك )ی بەکارهێناوە بەواتایی کچ دێت ،کەتایبەت بە ناوچەی گەرمیان ،بە مەش لادانی لە ئاستی وشەسازی ئە نجامداوە ،شیعرەکە جوانتر کردوە ،بەکارهێنانی شێوە زار و زارەوە جۆر بەجۆرەکان بونەتە دیاردەیەکی تایبەتی شێوازی شیعری شاعیر .

لادان لە ئاست ڕستەدا

ڕستە لە هەموو زمانێکدا یاسایەکی سینتاکسی دیاریکراوی خۆی هەیە ، بەلاّم لە شیعردا شاعیر ڕەچاوی ئەم یاسا سینتاکسیە ناکرێت . ((شاعیر بە لە بەرچاو نەگرتنی یاسا سینتاکسیەکان زمانی خۆ دزینەوە لە یاساسواوەکانی زمان واتە هەوڵ دەدات کە ڕیزکردنی کەرەستەکانی ڕستە وەکو (بکەر ، بەرکار ، کار و...تاد تێك بدات و یاخود هەندێ بەشی ڕستە بکرتێنرێت و بۆ مەبەستی جەختکردن (بەلوتکە کردن ) ئەنجامی بدات و بنیاتی ڕستە تێك بدات )) [1] واتە شاعیر بە مەستی دەربڕینی هەست و سەرنج ڕاکێشانی خوێنەر یاسا زمانییەکان تێك دەشکێنی بۆ ئەوەی بە شێوازێکی جیاواز دەرکەوێت . لەبەر ئەم سیماو ئەدگارەش ((لە کاری ڕەخنەیدا ، شیعرێتی گوتاری ئەدەبی پێوانە ناکرێت ، بە پێوەرە جێگرەکان ، چونکە شیعر لە بنچینەدا بوونێکی گۆڕاوە ، لە پێناو هێنانەدی جیهانێکی گۆڕاو لە دایك دەبێت )) [2]هەروەها هەندێ جار ئەم لادانە بە لادانی ناوەوە ناودەبرێت ،چونکە (( پشت بە بنەما زمانییەکانی ناوەوەی ڕستە دەبەستێت )) [3] . هەروەها (پ،د. وریا عومەر ئەمین ) ئەم لادانە بۆ یاساکانی گوێزانەوە دەگەڕێنێتەوە و دەڵێت ((هەر زمانەی دەستە یەك یاسایی تایبەتی بە خۆیەوە هەیە،ڕستەکان لە بنجەوە دەگوێزێتەوە سیما ، پێیان دەوترێت یاساکانی گوێزانەوە (*Rules Transfomation*) لەم گوێزانەوە شت هەیە دەقرتێنرێت ،هەیە زیاد دەکرێت ...هەیە ئاڵو گۆڕ دەکرێت ... هەیە دەگۆڕدرێ ..... تاد)) [4] .

ئێمە هەوڵئەدەین دیارترین ئەو لادانە سینتاکسیانەی شێرکۆ بێکەس بخەینەڕوو ،کە لە ئاست ڕستەدا ئەنجامی داوەن:-

## کرتاندن

ئەم جۆرە لادانە لە سەر کەرستەکانی ڕستە دەوەستێ. بریتییە لە ((دیارنەمانی ڕەگەزێکی ناوەوەی ڕستە، لە کاتێکدا ڕستەکە پێویستی پێیەتی و دەیەوێت )) [5] جا بەشێکی سەرەکی بێت وەك (بکەر ، بەرکار ، کار ) یان بە شێکی ناسەرەکی بێت وەك (ئامراز ، جێناو ، ئاوەڵنا و ، ئاوەڵکار ..... تاد)

---

١- عەبدالسەلام نەجمەدین عەبدولاّ ، شیکردنەوی دەقی شیعری لە ڕووی زمانەوانییەوە ، ل١٠٩

٢-د.سافیە محەمەد ئەحمەد ، لادان لە شیعری هاو چەرخی کوردیدا ، ٢٠١٣،ل١١٩

٣-د.صافیە محەمەد ئەحمەد ، شێوازی شیعرە کوردییەکانی پیربالْ محمود ، ٢٠١٤،ل١٩٣

٤- پ،د. وریا عومەر ئەمین ، چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی ، بەرگی یەکەم ، دەزگای ئاراس ، ٢٠٠٩ ،ل ٢٤١

٥-د.سافیە محەمەد ئەحمەد ، شێوازی شیعرە کوردییەکانی پیربالْ محمود ، ٢٠١٤ ، ل١٩٤

شاعیر ئەم جۆرە لادانە بۆ مەبەستی (( چڕکردنەوەی زمانەکەی ئەنجامی دەدات و بە چەند وشەیەکی کەم هەوڵ دەدات واتایەك بگەیەنێت ، بەمەش واتای ڕستەکە لەگەڵ کرتاندنەکە دزێو نابێت و تێك ناچێت )) [1] کرتاندن زیاتر بۆ مەبەستی جوانکردن سود بەخشینەبە خوێنەرچونکە کرتاندن ئاسۆی بیرکردنەوە فراوان دەکات و (( دەبێت جێگەی سەرنجی خوێنەر و تیشکۆی بیرەکانی دەخاتە سەر ، بەوەش حەزو چێژی خۆ خەریکردنی خوێنەر بە دەقەکە زیاد دەکات )) [2]

شاعیر چەند جۆرێك قرتاندنی کەرستەی ڕستەی ئەنجامداوە :-

١- کرتاندنی بکەر : -ئەو جۆرە کرتاندنەیە ،کە بەشێکی سەرەکی ڕستە ،کە بکەرە کرتینراوە ، یەکێکە لە شێوازەکانی شاعیر ،بە مەبەستی سەرنجراکێشانی خوێنەر ئەم شێوازە پەیڕەو دەکات .

.....................

لەگەڵ بەرد بەیەکەوە

گرێیەستی ئەبەدیمان مۆرکردوە .                ئەسپێك لە پەڕی گوڵاڵە ،ل٢٠٧

(من) بکەری ڕستەکەیە قرتێنراوە ، ڕستەکە لە بنچینەدا بەم شێوەیە ، ( من لەگەڵ بەرد بەیەکەوە گرێیەستی ئەبەدیمان مۆرکردوە ) .

گۆرانی گێژە ژنێکی خوێن گەرم و

شەتاوێکی لاساری کاوانەکان بووم                نسیَ ،ل١٢

لەم دوو دێڕەی سەرەوەدا بکەری ڕستەکە ،کە جێناوی کەسی سەربەخۆ (من) ە ، قرتێنراوە ،لەڕستەی یەکەمدا هیچ ئاسەوارێکی نییە ، بەلاَم لە ڕستەی دووەمدا بەجێناوی لکاوی (م) دەربڕاوە ،هەروەها کاری ڕستەی یەکەم کە (بوو) دەرنەبڕاوە قرتێنراوە . ڕستەکە ، لە بنچینەدا دەبێت وابێت .

من گۆرانی گێژە ژنێکی خوێن گەرم بووم

شەتاوێکی لاساری کاوانەکان بووم

.....................

ئەمڕۆ توڕەیت .. ئێجگار توڕە

---

١- د.سافیە محمەد ئەحمەد ، لادان لە شیعری هاو چەرخی کوردیدا ،٢٠١٣،ل١٢٠

٢-شێرزاد عەبدولاَ،لادان لە شیعری رەفیق سابیر ،ل٧٦

ڕەشەبایەك هاتوەتە ناو دەرونمەوە          نسێ ، ل١٣١

لە ڕستەی ئیمڕۆ تورەیت جێناوی کەسی سەربەخۆ ( تۆ ) فڕتێنراوە ، لە شێوەی کلێتکدا دەرپڕاوە ، هەروەها کاری ڕستەکە ( ە ) کە کردارە بۆ کاتی ئیستا کرتێنراوە .

لە ڕستەی ( ئێجگار تورە ) جێناوی کەسی ( تۆ ) کرتێنراوە ،جێناوەی لکاوی ( یت )یش کرتێنراوە ، کاری ڕستەکە ( ە ) بۆ کاتی ئیستا کرتێنراوە ، لە بنچینەدا ڕستەکە بەم شێوەییە

( تۆ ئێجگار تورەیت )

لە کۆپلەی دووەمدا ، ڕستەی ( ڕەشەبایەك هاتوەتە ناو دەروونمەوە ) جێناوی کەسی ( من ) بە جێناوی لکاوی ( م ) دەربڕاوە .

٢- کرتاندنی کار : کار کەرەستەیەکی سەرەکی ڕستەیە ، شاعیر بە مەبەستی سەرنج ڕاکێشانی خوێنەر ئەم جۆرە کرتاندنە ئەنجام دەدات . ئەگەر سەرنجی هەموو چامە شیعرییەکانی شاعیر بکەین ، زۆر بە وریاییەوە کرتاندنی کاری ئەنجامداوە .بە شێوەیەك بووەتە شێوازێکی تایبەتی شاعیر. هەروەك لەم نمونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت :

هەروەها شاعیر لە شیعری ( ڕەنگ ) کاری کرتاندنی ئەنجامداوە و دوو جار کاری ( سوور ئەکرد ) ی کرتاندوە .بەمە شێوازێکی جیاوازتری بە دەقەکە بەخشیوە ودەقەکەی لە دوبارەکردنەوەی کردار پاراستویەتی .

....................

لاوێکیش لەسەر پشت کەوتوو

بە فوارەی سەرسنگی

ئێوارەو

بەردەکەو

بە فرەکەی

سوور ئەکرد          ژن و باران ،ل ٢٤٣

لە بنچینەدا دەبواڕستەکە بەم شێوەییە بێت :

بە فوارەی سەر سنگی          - ئێوارەی سور ئەکرد

بەردەکەی سوور ئەکرد

- هەروەها شاعیر لە شیعری (ڕابردوو لە خەونە ڕۆمانسیەکاندا) دەڵێت :

..........................

لە بەرۆکی دایکمەوە :

بۆنی ڕەشە ریحانەکەی خەم و

بۆنی مێرگی کراسێکی ڕەشی ئاودامان و

بۆنی تەنیایی ژورێك و

بۆنی تیژی گوڵە شەوی مێخەك بەند دێ !. نسێ ، ل٦٨

لەم پارچە هۆنراوەی سەروە سێ جار هاوەڵکاری (لە بەرۆکی دایکمەوەو ) سێ جار کاری (دێ) کرتاوە ، دەبێت هۆنراوەکە بەم شێوەیە بێت .

لە بەرۆکی دایکمەوە بۆنی رەشە ڕیحانەکەی خەم دێ .

- مێرگی کراسێکی ئاودامان دێ.

- تەنیایی ژوورێك دێ.

-تیژی گوڵە شەوی مێخەك بەند دێ .

**٣- کرتاندنی بەرکار :** بەرکار کەرەستەیەکە دەکەوێتە نێوان بکەر و کردارەوە ،شاعیر بە مەبەستی چڕکردنەوەو ئابوری کردنی زمان دەیکرتێنێت .

لێت ئەپرسم: ئەو گوارانەت لە کوێ کڕی . ، حەفتا پە نجەرەی گەڕۆك ، ل٧٩

لە کۆپلەی سەرەوە (تۆ) بەرکارە و کرتێنراوە ، لە بنچینەدا ڕستەکە بەم شێوەیە (من لە تۆ ئەپرسم ئەو گوارانەت لە کۆێ کڕی )

**٤- کرتاندنی ئامراز :** بریتییە لە کرتاندنی ئامرازەکان بە هەموو جۆرەکانییەوە ، شاعیر بە مەبەستی کورتبڕی ئەم پرۆسەی کرتاندنە ئەنجامدەدات ، ئامرازەکانیش بریتین لە (بەڵام ، کە ، چی ، ئەو ، وەك ، لە ...تا د.

شیعر ئەبەمە

ناو ماڵی چەو و لەوە

لە ژورێکدا پاچین بەچاو

سیخناخ بە گوێ                    ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە ،ل ٢٢٣

لەم پارچە هۆنراوەی سەرەوە ،لە کۆپلەی سێییەمدا ئامرازی (و ) کرتێنراوە ، (لە ژوورێکدا پاچین بە چاو و ).

.......................

بەم ناوەدا و بە بەردەمی

"با" ئەجەلی

شیرو شمشێری جیهاددا تێمە پەڕە          ملوانکە ، ل ١٥٩

هەروەها لە م پارچە شیعرەی سەرووەدا ئامرازی (بە ) لە دێڕی سێیەمدا ،کرتێنراوە ،لە بنجدا بەم شێوەیە (بە شیرو شمشێری جیهاددا تێمە پەڕە )

.............

لە وەتەنی نێرینەدا لە ناو ماڵدا

لە گسکەوە هەتا مە نجەڵ

هەموو ژنن

قاپ و قاچاخ، تائەگاتە

پیاڵەو ژێر پیاڵە و کەوچکیش

هەتا مردن هەموو ژنن            ملوانکە ،ل ١٥٢

لەم پارچە هۆنراوەی سەروەیشدا ، ئامرازی (لە ) لە دێڕی چوارەم کرتێنراو ، ڕستەکە بەم شێوەیە لە بنجدا (لە قاپ و قاچاخ تا ئەگاتە ).

لەمەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت ، لە ڕووی شێوازی کرتانی کەرەستەی ڕستەوە ، (شێرکۆ بێکەس ) زۆر بە وریاییەوە پرۆسەکەی بە ئە نجام گەیاندوە ، لە زۆربەی دێوانە شیعرییەکانیدا بەدیدەکرێت ، بوەتە شێوازێکی تایبەت ، ئەمەش هەروا کارێکی ئاسان نییەو هەموو شاعیرێك ئەو توانایيەی نییە ،هەر بۆیە

**ئەم شارەزایی شێرکۆ لە بواری زمانەوانیدا ئەو توانایی پێ بەخشیوە ، کە جوانکارییانە لە ئاست چنینی ڕستەدا کار بکات ، هەر ئەم شارەزاییە ڕێگەی بۆ خۆشکردوە ، تا زمانە شیعرییەکەی بەو ئاستە بەرزو داهێنەرەی ئێستا بگەیەنێت .**

## پاش و پێش خستن

**بریتییە لە پاش و پێشکرنی کەرەستەکانی ناو ڕستە وەك (بکەر ، بەرکار ، کار ، ئامرازەکان ...) ، چونکە (( لە زماندا هەر دەر بڕاوێك شوێنی خۆی هەیە ، هەر ئەو دەربڕاوەیش پلەی خۆی هەیە لە نێو پێکهاتەی زمانەوانی ڕستەدا ، بەلاَم زمانی شیعری دیلکردنی و ملکەچبوون وەرناگرێت و بەتاکە ڕێڕەوێك ڕازی نابێت ، ئەمەش لە وتەی پێشینان و قورئانی پیرۆزدا ڕوون و ئاشکرایە ))[1] ئەمەش زیاتر گرنگی ئەو وشە دەردەخات ،کە پرۆسەکەی بە سەردا جێبەجێ کراوە زیاتر سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێت . ((هەر لە کۆنەوە شاعیرانی کورد بە شێوەیەکی هونەری ، جێگۆرکێ و پاش و پێشیان بە دانە و کەرەستە زمانییە کان لە بنییادی دێڕە شیعرەکانیاندا کردووە .))[2] زۆر جار شاعیران ئەم کارەیان بە مەبەستی ڕێکخستنی کێش و سەروا یان ئاوازی ناوەوەی شیعرەکەیان ، پاش و پێشکردنیان ئەنجام داوە . بێگومان ئەم تێکشاندنی یاسا زمانیانە ، جۆرە چێژێکی تایبەت و بەهایەکی ئیستاتیکی بە دەقە شیعرێکە دەبە خشێت. هەروەها ((تێکشکاندنی ڕێکخستنی کەرەستەسەرەکییەکانی ڕستە بۆ خۆی ئەگەر واتایی گۆڕینیشی لێنەکەوێتەوە ، گۆڕینی شێوەی واتایی پێ بەدی دەهێنرێت ، بە بەدیهێنانی شێوەی واتایی جۆر بەجۆریش وزەو دەلالەتی نوێ دەبەخشێت ، بەیەکە زمانییەکان لە ڕستەی شیعریدا ، بەگۆڕینی شوێنی کەرەستەکانیش ، شەقلی جەختکردنەوە دەبەخشێت بە وشەکە .خودی ئەو شەقڵەش بوار لەبەردەم بەخشینی دەلالەتی جیا جیا دەکاتەوە .))[3] واتە ئەم جۆرە پاش و پێشکردنە زیاتر شەقلی جەختکردونەوە دەبە خشێت و بە وشە ، چونکە وشەکان لەناخی شاعیردان گوزارشت لە هەسست و نەستی خۆی دەکات و ئیحای جیاواز بە دەقەکە دەبە خشێت .**

**شێرکۆ وەك یەکێك لە شاعیرە هاوچەرخەکانی ئەدەبی کوردی زۆر بە جوانی و وریاییەوە ، پاش و پێشخستنی لە نێوان کەرەستەکانی زماندا کردوە ، یاساکانی زمانی لە دەقە شیعرییەکانیدا تێکشکاندوە و لادانی سینتاکسی ئەنجامداوە ، هەروەك لەم نموونانەدا دەر دەکەوێت .**

---

**١-دلاوەر ئیبراهیم حەمە صالح ، شیعرییەت لە دەقە شیعرییەکانی (ئەنوەر قادر محمەد)دا ، ٢٠١٥،ل١٠٧**

**٢-حمە نوری عومەر کاکی ، شێوازی شیعری نوێی کوردی ، ٢٠١٢، ل٢٣١**

**٣- ئاڤان عەلی میرزا ، چنینی دەق لە شیعرەکانی نالی دا ، ٢٠١٢ ،ل ١٩٩، ٢٠**

**تێپەڕی سەعاتی شەرابی**

**تێپەڕی سەعاتی هەلاڵەو گۆرانی .       نسێ ،ل ٩٢**

**لەم دوو نیوە دێڕەی سەرەوە لادانی لە ڕیزبەندنی کەرەستەکاندا کردوە ، بە جۆرێك کە بکەر و کاری پاش و پێشکردووە ، لە ڕیزبەندیدری زمانی کوردیدا دەبێت بکەر پێش کار بکەوێت ،بەمەش زیاتر مەبەستی جەختکردنەوە پیشان خوێنەر دەدات  واتە ڕستەکە لە بنجدا بەم شێوەیە :**

**سەعاتی شەرابی تێپەڕی**

**سەعاتی هەلاڵەو گۆرانی تێپەڕی .**

**هەروەها شاعیر لە هۆنراوەی (غەریبی ) دا ، دیسانەوە ڕیزبەندی کەرەستەکانی تێکداوە ، لە دێڕی یەکەمدا بکەری ڕستەکەی پاش خستوە لە دێڕی چوارەمدا کاری ڕستەکەی پێش خستوە .**

**ئەوە قسە نییە ئەیکەیت**

**ئەی غەریبی !**

**قسەنییە**

**ولاَت چۆن بێنم بۆ لای تۆ**

**بۆ هەندەران ؟!                    ئەسپێك لە پەڕەی گولاڵە ،ل ١٥٣**

**لە بنجینەدا دەبێت بکەر بکەوێتە سەرەتایی ڕستەوە ،کاریش بکەوێتە کۆتایی ڕستەوە ،واتە ڕستە کەلە بنجدا بەم شێوەییە :**

**ئەی غەریبی ئەوەقسە نییە ئەیکەیت**

**قسە نییە**

**ولاَت چۆن بۆلای تۆ بۆ هەندەران بێنم .**

**هەروەها لەم نموونەی خوارەوە  دا شاعیر پاش و پێشی بە بکەر و بەرکاری رستەکە کردوە بەو پێیەکە بکەر لە زمانی کوردیدا دەکەوێتە سەرەتاو بەرکاریش دەکەوێتە دواییەوە ، ئەمەش بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجی  شاعیر دەگەڕێتەوە .**

**.................**

**ئەمڕۆ لە بەر ئاوێنە دا**

ڕووتو قووت بووم                                ، ملوانکە ، ل١٥٦

لە بنجدا ڕستەکە بەم شێوە یە

لەبەر ئاوێنە ئیمڕۆ

ڕووت و قووت بووم

لە ئاوێنەی تریفەی دەشتی بازیان ،

پیێ ئەکەنیێ و دەر ئەکەویێ دانی سپی                ڕووبار ، ل٣٩٧

شاعیر جیێگۆڕکێی به بکەر و بەرکاری ڕستەکە کردوە ، ڕستەکە بەم شێوەییە (( دەشتی بازیان لە ئاوێنەی تریفەدا پیێ ئەکەنیێ )

هەروەها لەم نموونەی خوارەوەدا شاعیر جیێگۆڕکیێ بە شوێنی بەرکار و کار کردوە ، ئەم لادانەی لە چەند دەقە شیعرێکدا ئە نجامداوە .

شەجەرەی من ئەچیێتەوە ، سەر ئامۆیی پیاوی بیێ ناو                ڕەنگدان ،ل ٣٧٤

لە بنجدا بەرکار دەکەوێتە دوای بکەر و کاریش دەچیێتە کۆتایی ڕستەوە .بەم شێوە (من شەجەرەم بۆ سەر نامۆیی پیاویێ بیێ ناو ئەچیێتەوە )

شایەنی وە بیرهێنانەوەیە شارەزایی شێرکۆ لە بواری زمانەوانیدا ئەو توانایی پیێ بە خشیوە ،کە ئەو جوانکارییانە لە ئاست چنینی ڕستەییدا کار بکات . هەروەها مامەڵەیەکی هونەرمەندانەی شیعری لەگەڵ دیاردەی لاداندا بکات ، تەنانەت لە ئاستی واتایدا ئەو مانا ئارایییەی لە دەقەکاندا دەبینرێت بۆ خۆی دەسەلاتی شیعری شێرکۆ ڕاشکاوانە دەخەنە بەردەست ،کە ڕەنگرێژ کراوی ئاستەکانی زمانە ، ئەم جۆرە مامەڵەکردنەی شاعیر لەگەڵ کەرەستەکانی زماندا بوەتە شێوازێکی تایبەتی شاعیر ، بە شێوەیەك ئەگەر ئەم سیماو ئەدگارانەی تێدا نەبێت بە دەقێکی شێرکۆ دانانرێت .

## فەرهەنگی شیعری شاعیر

زمان یەکێکە لە پێکهاتەکانی شیعر ،شاعیر لە ڕێگەی زمانەوە هەستەکانی خۆی دەردەبڕێت ،بەڵام ((مامەڵکردنی شیعر لەگەڵ زماندا بەو شێوە نییەکەخۆی زمان هەیە بەڵکو بە جۆرێکە دەبێت ببێت ،مەبەستمان لەوەیە ئەو واتایانەی کە هێما زمانییەکان هەیانە شیعر مامەڵەیان لەگەڵ ناکات ،بەڵکو دەیەوێت واتای تریان بۆ بخوڵقێنێت ،فەرهەنگەی شیعری لەوەدا لە فەر هەنگی زمان جیا دەبێتەوە . ))[1] مامەڵەکردنی شاعیر لەگەڵ زمان مامەڵەیەکی تایبەتییە ، وشەکان بەرجەستە دەکات و سیمایی جیاوازیان پێدەبەخشێ جیا لەو سیمایەیی کەلە فەرەهەنگ و قسەکردنی ئاساییدا هەیانە ))[2] هەروەها (س.م باورا c ,m Boura ) پێ وایە (( هەموو شۆڕشێك لە شیعردا ،بە پلەی یەکەم کێشەی فەر هەنگی شیعری و بەکار هێنانی وشەییە ))[3] واتە فەرهەنگی ڕۆڵیکی ئەکتیڤ دەبینی لە جوانکردن و داڕشتنەوە ی دەقی شیعری شاعیر.چونکە (( کاتێك شاعیر فەرهەنگی وشەکانی بە هێز بێت هەوڵ دەدات بە ڕونەقدارترین و سرنج ڕاکێشترین شێوە شیعرەکەی دابڕێژێت ))[4] هەروەها (( جگە لەوەی شاعیر کە دەبێت فەرهەنگی وشەکانی دەوڵەمەند بێت ، دەبێ مورادیفاتی "وشە"کانیش بزانێت بۆ هەر وشەیەك وشەیەکی تر و یان زیاتر ،چونکە بە کارهێنانی ئەو وشانەی زۆر بەکار هاتوون ئەوا نوێبونەوە و جوانییەك بە شیعرەکە دەدات شێوازی نوسینەوەیش جوانتر دەبێت ، جوانی شیعریش لەوە وە دەردەکەوێت بە وشەی کەم مانای زۆر فراوان دەربڕیت ،چونکە شیعر وەك چیرۆك نییە زۆر وردەکاریت ناداتێ ،بە ڵکو دەبێت خۆت وردەکاری مەفهومەکان لە پشت وشە تەلیسماوییەکان بدۆزیتەوە . ))[5] واتە دەبێت شاعیرخاوەنی فەرهەنگیی بەهێز بێت تاکو بتوانێ بە ئارەزووی خۆی جێگۆڕکێی پێ بکات و تام چێژەکەی جیاواز بێت .چونکە (( زمان بە هۆی دەوڵەمەند بوونی لە فەرهەنگی لیکسیکی وشەدا بۆ پێکهێنانی وێنەی شیعری ، لایە نێکی چاك و بە هێزە ))[6] .زمان هۆکارێکەبۆ بە هێزکردنی فەرهەنگ.

---

١-جەبار ئەحمەد حسێن ، ئیستا تیکای دەقی شیعری کوردی ،(١٩٥٠-١٩٧٠)،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، چاپی یەکەم ،سلێمانی ،٢٠٠٨ ،ل٢٣٠

٢-محمد عبدالکریم ئیبراهیم ، پێکهاتەی زمانی شیعری لە ڕوانگەی ئەدەبی نوێوە ، ٢٠١٢،ل١١٨

٣-جەبار ئەحمەد حسێن ، ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردی ، ٢٠٠٨ ،ل ٢٣٠

٤-هاوژین سلێوە عیسا ، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا ،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، چاپی یەکەم ، سلێمانی ،٢٠٠٩ ، ل٤١

٥- سەرچاوەی پێشوو ،ل ٤٠

٦- د.ئازاد ئەحمەد محمود، بونیاتی زمان لە شیعری هاو چەرخی کوردیدا ( ١٩٨٥-٢٠٠٥)،٢٠٠٩ ،ل ١٣٥

شایەنی باسە گەلێك ڕێگاو هوكار هەیە بۆ دەوڵەمەندكردنی فەرهەنگی زمانی شیعری ،ئەمە جگە لەتواناو سەلیقەی خودی شاعیر خۆی لە سەرمایەو خەزێنەی فەرهەنگی زمانەكەیدا ، یەكێك لە و ڕێگایانەش (لادان)ە، لادان (*Deviation*) لێكۆڵینەوە شێوازگەری و زمانییەكان جەخت لەسەر دیاردەی ڕەخنەی نوێ لە دەقی ئەدەبی و بە تایبەت لە دەقی شیعریدا ، ئەو دیاردەیە بەلادان ناودەبرێت ))[1] شێركۆ یەكێك لە وشاعیرە بەناوبانگانەی بە بەراورد لە گەڵ شاعیرانی تر خاوەنی فەرهەنكێی یەكجار دەوڵەمەندە، و خاوەنی نەفەسێكی درێژە ،ئەم توانایە وای لێكردوە ڕەوت و شێوازێكی نوێ بۆ خۆی دیاری بكات . چونكە ((فەرهەنگی شیعری لای شێركۆ زمانێكی هەوالگری نییە ، بەڵكو زمانێكی بەرهەمهێنەرە كە توانایی وركردنەوەی ڕوودا و گێڕنەوەكانی هەیە ))[2]هەروەها شێركۆ لە ڕێگای سیحری زمانەوە گەمەی شیعری جوان دەخوڵقێنێ ، هەروەك شاعیر خۆی دەڵێت ((زمان لەناو زمانە ئەخوڵقێنێتەوەو شاعیر شۆڕشگێڕی زمانە ))[3] بەواتای ئەوەی ((بە خەیاڵكردنی واقع و بە واقعی كردنی خەیاڵە ))[4]ئەمەش دەسەلاتی شاعیرانەی شێركۆ دەسەلمێنێ .چونكە (( هونەری سەرەكی و گرنگ لە بەكار هێنانی زمانی شیعری نوێ ،ئەوەیە كەجۆرێك لە گرنگی و نەمری بدات بە دەق و بە شێوازێكی هونەری مامەڵە لە گەڵ بنیاتی هونەری شیعردا بكات ))[5] شێركۆ گرنگێكی زۆری بە وشە داوە ،هەمیشە بە دوای وشەی جوان و وشەی خەیالاوی بە هێزدا دەگەڕێت ، هەروەك نازك الملائكە دەڵێت (( زمان گەنجینەو سەروەت و سامانی شاعیرە ، هەرچەندە پەیوەندی لە گەڵیدا زیاد بێت ، ئەوەندە زیاتر دەتوانێ نهێنییەكان بدۆزێتەوە و گەنجینەی لەبن نەهاتوی بۆ ئاوەڵا بكات ))[6] هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێدا زمان هەمیشە لە گۆڕانی بەردەوامدایە ، لە گەڵ ئەم بەرەو پێشچونەی زماندا ،ڕۆڵی وشە زیاتر دەردەكەوێت .ئەوەی لێرەدا گرنگە ئاماژەی پێ بدەین ،لە لێدانەوە و ڕاڤەكردنی هەر دیوانێكی شێركۆدا هەست بە جۆرێ تازەگەرێتی و بەرەو پێشەوە چوون دەكەین بۆ نموونە لە قەسیدەی "بۆننامە " كۆمەڵی وشەی بەكار هێناوە كە لە ئەزموونی شیعری پێشتری ئەم وشانەی بە كار نەهێناوە ، شاعیر چەند وشەی نوێی هێناوەتە ناو دەقە شیعرییەكانییەوە وەك (سفتیك :دەشتایی نێوان شاخ ، وەزەن :ئازار ،خەم

---

١-د زاهر لتيف كريم ، الانزياح في شعر حاجى قادر كيى ،مجلة سردم العربى ،،العدد(٩)،٢٠٠٥ ،ص١١٨

٢- كەمال معروف ، ڕمز لە شیعرەكانی شێركۆ بێكەسدا ، گ،رامان ،ژ-٥، ١٠١/١٠/٢٠٠٥،ل٦٧

٣- یاسین عومەر ، ئەزموون ، ل٣٩٣

٤- محەمەد كوردۆ ، جوانی و جیاوازی ، ٢٠٠٩ ،ل ١٢١

٥- سامان عیزەدین ، بنیاتی هونەری لە شیعری لە تیف هەڵمەتدا ، ٢٠١٠ ، ل ٢٢٧

٦- سەرچاوەی پێشوو

، پەژارە ، لاسامە :ڕێژنە باران ، لەتان :کڕی و بێدەنگی تەواو .... تاد ) هەروەها لە ڕۆمانە شیعری گۆڕستانی چراکانەداشاعیر کۆمەڵێ وشەی نوێی بەکار هێناوە ( گڕە ژۆ :گەلاڕێزان ، گژ گژە :پوش و پلاشی بابردە ، چکچکە :دەنگی دڵۆپ، پژاڵ:لکی هەرە باریکی دار، زیگار : شەونشینی ، پاسفند : گەندەڵ ، ڕزیو ، ..........تاد..)

بۆدلێر " لەم بارەیەوە دەڵێت : (( بابگەڕێن و بگەڕێن ،ئەگەر واژەیەکمان نەدۆزییەوە بادایبهێنین ، بەلأم سەرەتا ئەگەر لە فەرهەنگەکانی خۆماندا هەبێت ،بادەسبەرداری بین ، بەتوندی و خۆشەویستیوە خۆمانی پێ هەڵبواسین ، دواتر ڕۆڵی فەر هەنگی بێگانە دێت . )) [1]

..............

من ڕەنگی شەوی دڕندەو

من بۆنی جەستەی پاسفندەی

بەردەم سەگە ڕەشی ئەوێ و

ئافاتەکەی سیاساڵ بووم!                گۆڕستانی چراکان ،ل ٢٣-٢٤

شاعیر لەم پارچە شیعرەدا وشەی ( پاسفندە ) ی لە بری وشەی ( ڕزیو )بەکار هێناوە ، شێوازێکی جوان و سەرنج راکێشی بە دەقەکە بە خشیوە .

.....................

لە هێلانە بەردینەکەی دڵی دایکا

جێی کزەباو ئەم شەماڵە نابێتەوە، غەریبی شەوێکی

ڕووتی بەر لاسامە و ناو تۆفانە .                بۆننامە ،ل ٥٦٨

هەروەها شاعیر لەم پارچە شیعرەدا کە وشەی (لاسامە ) نوێیە ،پێشتر لە شیعرەدا بەر چاومان نەکەوتووە،ئەم وشە کوردییە لە بری وشەی (ڕێژنەباران ) بەکار هێناوە ، زمانی شیعری چڕکردووەتەوە مانایەکی زۆر لە وشەیەکی کەم ،بەم شێوازەیش سیمایەکی ڕەونەقداری بە دەقە کە بەخشیوە.شایەنی باسە شاعیر توانیویەتی کۆمەڵێ دەستەواژە بەکاربهێنێ ،کە هاوچەرخن لە سەری ڕێککەوتن وەك (ڕەنگدان،دیرۆك ،ئاوەز ،زاخان ، کەرنەڤاڵ ، ..........تاد.)

---

١-- پەخشان سابیر محەمەد ، ڕەمز لە شیعری هاو چەرخی کوردیدا ،٢٠١٢،ل١٨٢

له کۆتایدا دەتوانین بڵێین وشە نوێکان ڕۆڵێکی بەرز دەبینین ،لە بەخشینی ئاوازێکی خۆش و نوێکردنەوەی قاوغ و بەرگی شیعر لە هەموو سەردەمەکان .بەکار هێنانی زمانی فەرهەنگی کلیلی گوتاری شێوازی شیعری شێرکۆیە ، هەروەها شاعیری سەرکەوتوو ئەو شاعیرەیە کە لە نێو دەریای زماندا قوڵبێتەوە هەمیشە بەدوایی وشەی نوێ و جواندا بگەڕێت ،هەروەك "نزار قبانی" دەڵێت (( بەردەوام قولاب بۆ ئەو ماسیانە هەڵبدات کەنیگرتوون ))[1].

بەکارهێنانی زمانی فەرهەنگی کلیلی گوتاری شیعری شێرکۆیە ، هەروەها شاعیری سەرکەوتوو ئەو شاعیرەیە کە لە نێو دەریای زماندا قوڵبێتەوە هەمیشە بەدوایی وشەی نوێ و جواندا بگەڕێت .

## ***وشە فەرامۆشکراوەکان***

بریتییە لە زیندووکردنەوە ئەو وشانەی کە ساڵانێك وشەی ڕۆژانە بوون ،بەڵام ئیستا بەسەرچوون و مردوون و لە لایەن قسە پێکەرانەوە بەکار ناهێنرێت .شاعیر دووبارە گیانی بە بەردا دەکات و لەناو دەقە شیعرییەکانیدا بەکاریدەهێنێت . ((شاعیر یان نوسەر لە بەرهەمی خۆیدا سوود لەو وشە کۆچکردو ستراکچەرە ڕێزمانیە کۆنەکان وەربگرێ کەوا ئیستا لە زماندا بەکار نایەت ))[2] هەروەها ((هەرشاعیرێك چەند بتوانێت وشە زیندوو بکاتەوە شاعیرانە مامەڵەیان لەگەڵدا بکات .ئەوە ئەرکێکی گەورەی بە جیهێناوە ،هەم بۆ دەوڵەمەندکردنی زمانی یەکگرتوو هەم بۆ بەر و پێشچوونی ئەزموونی شیعرێتی ))[3]بە هۆیەوە سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێ و بۆ ساتێك توشی ڕامانی دەکات .زمان ئامرازێکی هاوسەردەمییە لەگەڵ گەش و گۆڕانکارییەکانی سەردەمدا دەگۆڕێت ،هەروەك ڕەخنەگری بەناوبانگی یۆنانی (هۆراس )ئەڵێت ((زمان وەك درەخت وایە زاراوەکان وەك گەڵان ،بە تێپەڕبوونی ساڵان گەڵا کۆنەکان دەوەرن و گەڵای نۆێ سەوز دەبێت ،درەختەکانیش وەك خۆی دەمێنێتەوە ))[4] شێرکۆ بێکەس زۆر گرنگی بەم جۆرە وشانە داوە،زندویانی کردوەتەوە و گیانێکی نوێی بەبەردا کردوە ،ئەم دیاردە یە بوەتە شێوازێکی تایبەتی شاعیر و لە هەریەك لە دیوانە شیعرییەکانیدا هەوڵی داوە کۆمەڵی وشە ، کەبەکار هێنانیان نەماوە یان کەم بەکاردێت ،زیندوو بکاتەوە و لە دەقە شیعرییەکانیدا بە کاریاندەهێنێ هەروەك لەم نمونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت :-

-----------------------------------

١-هاوژین سلێوە ،خۆری دەق و ئاوێزانی ڕەخنە ،٢٠١٣،ل٤٩

٢--ناز ئەحمەد ،لادان لە شیعری ،لە لەتیف هەڵمەت ،ل ١٢٠ ٣

٣-شێرزاد عبدولا قادر ،لادان لە شیعری ڕەفیق سابیردا ،ل٦٦

٤-هۆراس ،هونەری شیعر ،و:حمید عەزیز ،چاپخانەی ،الحوادث،بەغداد ،١٩٨٠،ل١٨

.......................

لە شانزەی سێی یەکمجاردا

وەحتیٚ مردم

بە تەنیا هەر دارە مەیتی

وشەی خۆم و

<u>تاتە شۆری</u> شیعری خۆم و

کێلەکانی چیرۆکەکەی خۆم لەگەڵ بوو . تەون ،ل ١٤٠٧

لەم نمونەی سەروە وشەی (تاتە شۆر ) وشەیەکی پەراوێز خراوە ،بە واتایی ئەو کەرەستەیە دێت ،کە مردووی لە سەر دەشۆن،شاعیر وشەکەی زیندوو کردوەتەوە ،شێوازێکی هونەری پیٚ بە خشیوە .

.......................

لە باکورەوە مێزەرەکەی "شێخ سەعید " و پاڵتۆ شڕەکەی

بەری و دوو <u>قۆلانج یش</u> لە پەتی قەنارەکەی

گەیشتبوونە چوار چرای ئەویٚ. زیٚ وزنە ،ل ٦٩

هەروەها لەم نموونەی سەرەویشدا شاعیر وشەی ( قولانج ) ی زیندووکردوەتەوە کە وشەیەکی فەرامۆشکراوە ،لە کۆندا بۆ مەبەستی پێوانە کردن بەکارهاتوە ،بەلاٚم ئیستا بەکار ناهێنرێت ،شاعیر دووبارە بەکاریهێناوە گیانی بەبەردا کردوە و لە شیعرەکەیدا بەکاری هێناوە بە بەستی لادانی شیعری و سەرنج راکێشانی خوێنەر .شایەنی باسە جگە لەو نموونانەی سەرەوە شاعیر چەندین وشەی فەرامۆشکراوی لە بنیادی دەقەکانیدا زیندوو کردوەتەوە وەك ( چرپا،چیغ ، قەیەریٚ،جاجم ، بەرداشی ئاش ، دەسکەنە ، چۆغە، تە یمان ،وەجاغ کوێر ... هتد )

## وشەی بێگانە

هیچ زمانێك لە جیهاندا نییە ،زمانێکی پەتی بێت ، (( هەریەکە لە زمانی عەرەبی و فارسی و ئینگلیزی ،...تاد،هەریەك لە وانە خۆیان نیین و بەڵکو وشەی دەرهاوسێکانیان وولآتانی تری جیهانیان تێکەوتوە ،هەندێ لە م وشانە گۆڕاون و هەندێکی تر فۆنەتیکی زمانە نوێیەکە وەردەگرن ، هەندێکیشیان وەکو خۆیان دەمێننەوە )) [1]

زمانی کوردی وەك زمانەکانی جیهان وشەی بێگانەی تێکەوتوە ،بەتاییەتی زمانی عەرەبی و فارسی ،هەر لەکۆنەوە شاعیرانی کلاسیکی سودیکی زۆریان لەم جۆرە وشانە وەرگرتوە هەوێنی چەندین دەقی شیعری جوانە .هەروەها لەزمانی رۆژانەیشدا ئەم وشانە بەکاردێت و هەندێ وشەی بێگانە هەن لەزمانی کوردیدا بە شێوە بنەڕەتیەکەی خۆی بەکارناهێنرێت ،بەڵکو کوردێنراون . لە قۆناغەکانی دواتریشدا شاعیران دانەبڕاون ،وشەی بێگانەیان لە دەقە شیعرییەکانیاندا بەکار هێناوە .شێرکۆ بێکەس یەکێکە لە و شاعیرە هاوچەرخانەی وشەی بێگانەی بەکارهێناوە ،ئەم جۆرە وشانە لە سەرجەم دیوانە شیعرییەکانیدا وەك دیاردەیەکی شێوازی شاعیر بەدیدەکرێت ،فەرهەنگی زمانی شیعری خۆی دەوڵەمەند کردوە و شێوازێکی جیاوازتری بە دەقەکانی بەخشیوە .

بۆنموونە شاعیر لە شیعری ( هەڵویست ) سێ وشەی بێگانەی بەکار هێناوە :

..............

تۆڕ بۆ گرتنی گزنگی

سبەی بەیانی ئەچنرێ

کلیلی خۆی

لە کونی <u>قفلا</u> <u>عاسی</u> کرد

کە هەستی کرد ئەیانەوێ

چرایەك بێننە دەرەوە..

بیخنکێنن

ڕێگایەك <u>پاسدارەکانی</u>

---

١-هاوژین سلێوە ، خۆری دەق و ئاوێزانی ڕەخنە، چاپخانەی حاجی هاشم هەولێر ، هەولێر ،٢٠١٣، ل٣٢

یەك .. یەك وێڵ کرد               ئاوێنە بچکۆلەکان ،ل ٥٩٣

لەم نمونەی سەرەوە شاعیر وشەی بێگانەی بەکار هێناوە ،وەك وشەکانی ( قفلا، عاسی ) کەوشەی عەرەبین و بەواتا ( داخستن و گیرخواردن )دێت ، وشەی ( پاسدار )ی فارسی کە بەواتای سەرباز دێت بەکار هێناوە .

......

من بۆنی جەستەی پاسفندەی

بەردەم سەگە ڕەشی ئەوێ و

ئافاتەکەی سیا ساڵ بووم!               گۆڕستانی چراکان ،ل ٢٤

( سیا ) وشەیەکی فارسیە ،بە واتای ڕەنگی ڕەش دێت ، شاعیر بە مەبەستی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی شیعری و سرنج ڕاکێشانی خوێنەر لە بنیادی دەقە شیعرییەکەیدا بەکاریهێناوە .

..................

ئاخر چیبکەم

من شەوانی "دوزم " تیایە

ئێرە هەمووی هەر شەقامی گوڵگوڵییە و

ئاپارتمانی شوشەییەو کافتریای

زەردوو سوور               گۆڕستانی چراکان ،ل ٩١

.............

مەراق ئەخاتە ژێر چەنەی یادو یەك لە دوای

یەك وەکو سیگار ،تەم ئەکێشێ .               کورسی ،ل٣٦٠

لەم دوو پارچەشیعرەی سەرەوە شاعیر وشەی ( ئاپارتمان،کافتریا و سیگار ) ی ئینگلیزی بەکار هێنا وە ،هەروەها جگە لەم نموونانە ی خستمانە ڕوو شاعیر چەندین وشەی بێگانەی تری لە دیوانە شیعرییەکانیدا بەکار هێناوە ،بۆ نمونە :( ماشین ،قافڵە ،حاجەت ،نەحس، جاسوس ،هیلال ،.... هتد ) ئەوەی تێبینی دەکرێت لە خوێندنەوەی لێکدانەوەی دیوانە نوێیەکەی شیعری شێرکۆ بێکەس هەست بە جۆرێك تازەگەریتی و لە ڕووی شێوازی شیعرییەوە دەکەین ،کە ئەزموونێکی نوێمان پێشکەش دەکات ، هەروەها بە قوڵ بوونەوە لە ماناکانی ناوە ،وە شیعرەکانی هەست بە پێشکەوتنی ئەزموونی شیعری شێرکۆ دەکەین .

## پێوانەی شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس بە پێی هاوکێشەی بۆزیمان

یەکێکە لە هاوکێشەگرنگەکانی بواری شێواز ،بۆ جیاکردنەوەی دەقی ئەدەبی بەکار دێت .،زانای ئەڵمانی (بوزیمان) بەدامەزرێنەری ئەم هاوکێشەیە دادەنرێت .ئەم هاوکێشەیە لەسەر بنەمای ڕێژەی ڕووداو و ئاوەڵناو لەدەقی ئەدەبیدا دەوەستێت .واتە ئەم هاوکێشەیە هەڵدەستێت بە پێشاندانی حاسێتەکانی دەق لە ڕێگەی دیاریکردنی ئەو وشانەی کە گوزارشت لە ڕووداو دەکەن ، لەگەڵ ئەو وشانەی گوزارشت لە وەسف دەکەن .بەڵام دواتر دەروونناسی ئەڵمانی (ف.نیوباوەر)ولێکۆڵەر (ا.شیلتسمان اوفانسبروك ) دەستکاری هاوکێشەکەیان کردو بە شێوەیەکی تر دایانڕشتەوە ،ئەویش بە بەکار هێنانی "ڕێژەی کار "لەبری ڕێژەی ڕووداو ،بە پێ ئەم هاوکێشەیە((ئەم ڕێژەیە لەژانرە ئەدەبییەکانی وەك شیعرو پەخشانی ئەدەبیدا ،لە پەخشانی ڕۆژنامەکاندا بەرزتر دەبێتەوە ،لە چیرۆکدا ڕوولە زیاد بوون دەکات،بەتاییەتی لە چیرۆکی میللیدا ))[1] ، واتە بە پێی جۆری بابەتەکە دەگۆڕێت هەروەها بە پێی ڕەگەزو تەمەنی شاعیر دەگۆڕێت .هەروەك دەزانین شێرکۆ خاوەنی هەشت دیوانی شیعرییە ئەمەش بۆ دیاریکردنی ئەم هاوکێشەیە کارێکی ئیجگار قورسە ،بۆیە تەنیا چەند دێڕێك لە کۆمەڵە شیعری "کەشکۆڵی پێشمەرگە "و کۆمەڵەشیعری "زێ و زنە" وەرگرتوە ، پێوانەی شیعرەکانی شێرکۆ بە پێ ئەم هاوکێشەیە ،ڕێژەی کار بۆ ئاوەڵناو بەم جۆرە دەرکەوت :

$$\text{ڕێژەی کار بۆ ئاوەڵناو } (VAR) = \frac{\text{ژمارەی کار}}{\text{ژمارەی ئاوەڵناو}}$$

ژمارەی کار لای شێرکۆ =٣١٨

ژمارەی ئاوەڵناو لای شێرکۆ =٤٤٦

$$\text{کەواتە ڕێژەی } (VAR) = \frac{٣١٨}{٤٤٦}$$

$(VAR) = ٠،٧١$

بە پێی ئەم ڕێژەیە بەرزی پلەی شێوازی شیعری شێرکۆمان لەم کۆمەڵەدا بۆ دەردەکەوێت ،گرنگی زۆری بە وشە و دەستەواژە ئاوەڵناوانە داوە و هەست و سۆزی خۆی تێکەڵ بە دەقەکانی کردوە .

---

١-د.حمە نووری عومەر کاکی ، شێوازی شیعری نوێی کوردی ، ل٤٤،

٢- پەخشان عەلی ئەحمەد ، شێوازی شیعری گۆران ،ل٢٥٠

## ڕەمز لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا

ڕەمز بنەمایەکی گرنگی شیعرە ، مێژوویەکی کۆنی هەیە، شاعیران لەکۆنەوە پەناییان بۆ بردوە ،هەروەك "د.کەمال معروف"دەڵێ ((ڕەمز لە شیعری کوردیدا دیاردەیەکی تازە نییە ،بەڵام لە شیعری نوێدا ڕۆڵێکی گرنگی لە بنیاتی قسیدەدا هەیە بە شێوەیەکی چڕو پڕو قوڵ مامەڵەی لە گەڵدا کراوە )) [1] هەروەها ((جیهانی ڕەمز لە پانتایی شیعری هاوچەرغ ناوەندێکی بە چەقە )) [2]سەرچاوەیەکی ئیستاتیکی شیعرە ،ڕۆڵێکی گرنگی لە بنیاتی تێکستی شیعریدا هەیە ،بەڕادەیەك ((بە بێ ڕەمزو ئەفسانە شیعر دادەماڵرێ،لە بەهائیستاتیکا ودەگۆڕێ بۆ بیرێکی وشك یاخود دەبێت بە پەیکەرێك بۆ لاشەیەکی بێ گیان )) [3] هەر سەبارەت بە ڕەمز "د.سەردار گەردی " لەنامەی دکتۆراکەیدا دەڵێ ((ڕەمزیش لە ئەدەبدا بریتییە لە ئامادەکردن بە وشەیەك کە واتایی شتێکی هەستی یان ژیریی دەگەیەنێ بۆ مانایەکی دیاری نەکراو بە وردی و جیاواز ،بە پێ خەیاڵی نوسەر،خوێنەرانیش جیاوازن لە تێگەیشتن و درك پێکردن ) [4]

واتە ڕەمز هۆکارێکی گرنگ و بەهای تایبەتی خۆی هەیە لەلای شاعیر .شاعیر کاتێك پەنا بۆ ڕەمز دەبات کەزمانی دەستە وە ستان وەستا وە ((لە ڕووی بە جێهێنانی ئەو ئەرکەو ناتوانێ لە سنوری شتە هەستیەکانەوە دەربچێ بەرەو بارە دەروونییە حەشاردراوەکان . ئەوسا شاعیر ڕوو دەکاتە ڕەمز بۆ دەربڕینی ئەو بارە دەرونییە )) [5] رەمز واتای جۆر بە جۆری هەیە هەر شاعیرێك بە پێی ئاستی تێگەیشتنی خۆی لە بنیاتی شعرەکانیدا بەکاریدەهێنێ.لێکدانەوەوی راڤەکردنیشی بە پێی ئاستی خوینەران دەگۆرێت ، پێوستی بە خوێنەری نموونەیی هەیە .هەروەك "د،ئەرسەلان بایز " دەڵێت (( ڕەمز لە شعردا هێندەی خوێنەرەکان واتایی جیاوازی هەیە )) [6] ڕەمز واتایەکی ناراستەوخۆی هەیە شاعیر بە مەبەست سەرنج راکێشانی خوێنەر لە دەقەکانیدا بەکاریدەهێنی ڕۆڵێکی چالاکی هەیە لە خوڵقاندنی شیعرییەت و وێنەیی شیعری هەروەك محمود زامدار ئەڵێی ((بێ ڕمز نەشیعر هەیەو نەخەو بینین نەدوێنێ

---

١-د.کەمال معرووف ، ڕەمز لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس ، گۆڤاری ڕامان ،ژ.١٠١، ٢٠٠٥/١٠/٥،ل٦٧

٢-ئازاد ئەحمەد محموود ، بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا ، ل١٩٢

٣-سامان عیزەدین ، بنیاتی هونەری لە شیعری لە تیف هەڵمەت ، ٢٠١٠،ل ٢٦٨

٤-سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی ، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا (١٩٧٠-١٩٩١) ،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی ،٢٠٠٤، ل٢٥٦

٥--سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی ، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا (١٩٧٠-١٩٩١) ، ل٢٥٦

٦-د.ئەرسەلان بایز، سیمای شیعری کوردی دوایی ڕا پەڕین (١٩٩٢-٢٠٠٢) ،ل١٢٣

و نه ئیمرۆ ،نەبەیانی لە نێو ڕەمزە دا ،زات و مەوزوع خەون و واقیع زانست و سیحر، بوون ونەبوون یەك ئەگرنەوە )) [1]"د. پەخشان سابیر محەمەد"هۆکارەکانی بەکار هێنانی ڕەمزلەلایەن شاعیرانەوە بە چەندخاڵێك دەستنیشان دەکات :-

١- بۆ مەبەستی ئیستێیکی :شاعیر بۆ ئەوەی ئەزمونەکەی بەرزو داهێنەرانە بێت ، پەنا بۆ بەکار هێنانی ڕەمز دەبات ، بۆیە زۆر بەی جار وەك پێوانەیەك بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی لێهاتووی شاعیر پشتی پێ دەبە سترێت .

٢- هۆکاری ڕامیاری :شاعیر بەهۆی ترس لە دەسەلات ، هەندێ لە دەربڕینەکانی بە ڕەمز دەردەبڕێت .

٣- هۆکاری کۆمەلاّیەتی :هەندێ جار دابونەریتی کۆمەلاّیەتی لە دەربڕینی هەندێك بابەتدا دەبنە کۆسپ لە بەردەم شاعیر و ناتوانێت بە ئاشکرا دەریانبڕێت ، بۆیە بەڕەمز بۆچوونی لە بارەی هەندێ بابەتیەوە دەردەبڕێت .

٤- هۆکاری ڕۆشتبیری :شاعیر لە ئەنجامی گاریگەر بوونی بە شاعیرو نووسەرانی میللەتانی تر بە تایبەتیش ڕۆژئاوایەکان و بۆ پیشکەشکردنی شتێکی نوێ و پێشاندانی ڕۆشنبیری خۆی لە بەردەم وەرگرەکانیدا ڕەمز بەکار دەهێنێت .

٥-هۆکارە دەروونییەکان : بە هۆی پابەندبوونی شاعیر بە وەهم و خەیاڵ و گوزارشتکردن لە هەندێ حاڵەتی ناوە وە و نەست و بابەتی شاراوە ڕەمز بە کار دەهێنێت . [2]

شێرکۆ بێکەس یەکێکە لە و شاعیرە هاو چەرخانەی ڕەمز بوونێکی سەرەکی لە دەقە شیعرییەکانیدا هەیە، بە شێوەیەکی داهێنەرانە مامەڵەی لەگەڵدا کردووە، ئامانج و هەست و نەستەکانی بە شێوەیەکی ناڕاستەو خۆ بە هۆی ڕەمزەوە دەربڕیوە . چەند جۆرێك ڕەمزی لە بنیاتی هۆنراوەکانیدا بەکار هێناوە :-

١-**ڕەمزی خودی :** ئەم جۆرە ڕەمزە تایبەت بە شاعیر ، واتە شاعیر خۆی دایدەهێنێت ، پەیوەندی بە ژیانی تایبەتی شاعیرەوە هەیە یان (( دەستکاری ڕەمزێکی کۆن دەکات و بە واتایەکی تر بەکاری دەهێنێت ، ئاستی داهێنانی بەرزترە لە ڕەمزی گشتی )) [3] ، ئەگەر چاوێك بە دیوانە شیعرییەکانی شاعیردا بگەڕێت

---

١- سامان عزەدین بنیاتی هونەری لە شیعری لتیف هەڵمەت ، ٢٠١٠ ،ل٢٧١

٢-د. پەخشان سابیر محەمەد ، ڕەمز لە شیعری هاو چەرخی کوردی کرمانجی خوارووی کوردستان( ١٩٧٠-١٩٩١ ) ، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر ،٢٠١٢،ل٢٩-٣٠

٣-د. پەخشان سابیر محەمەد ، ڕەمز لە شیعری هاو چەرخی کوردی کرمانجی خوارووی کوردستان( ١٩٧٠-١٩٩١ ) ٢٠١٢،ل٢٢-٢٣.

پڕن لە ناو هێنانی ئە وشوێن و ڕووداو .... ، کە بوون بە یادگاری لە زەینی شاعیرداهەمیشەسەرچاوەیەکی گرنگی ڕەمزی خودی بوون بۆ شاعیر ،بۆ نموونە شاعیر دەڵێ:

تۆ لە گەڕەکە گاوراندا بووی بە تۆو و لە دایك بووی .

ژنە دیانێکی هاوسێ ، مرێمێکی گوڵە هێرۆی ،

ڕواو لە ناوتاریکیدا، گەنم ڕەنگێ وەك گۆێژ،

ناوکی بڕیت . خاچ ومارو ڕژمێری پێشمەرگەیەك ،ل ٢٧٩

لیرەدا شاعیر باسی هاتنە دنیای خۆی دەکات ، "گاوران " گەڕەکێکە لە شاری سلێمانی ، شاعیر لە و گەڕکەدا چاوی بە ژیان هەڵهێناوە ، لە سەردەستی ژنێکی مەسیحی بەناوی "مەریەم " ناوکی بڕاوە ، ئەمیش بووە بەیادگاریەکی گرنگ تاکو کۆتایی تەمەنیشی هەر لە هۆش و زهنیدا ماوەتەوە ، بووەتە سەرچاوەی دروستبوونی ڕەمزی خودیی لای شاعیر .

## ٢- *ڕەمزی ئاینی :*

هەمیشە ئاین سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی شاعیران بووە ، چونکە (( هەریەك لە کتێبە ئاینییانە ، کۆمەڵێك کەسایەتی و ڕووداو دەگرنە خۆیان شاعیر ئەو کەسایەتیانە وەر دەگرێ و بەکاریان دێنێ )) [١] شاعیرئەو کەسیەتیەن وەك ڕەمزێك بەکار دەهێنێت ئامانج و هەست و نەستی خۆیان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەر دەبڕن ، بۆنمونە شێرکۆ لە شیعری ( ڕۆژ ژمێری پێشمەرگەیەك )دەڵێ

..........

لە سەر "صلیبی" کوردستان

لەبەرچاوی هەموو جیهان

ڕۆژێ دەیان مەسیحی کورد

ئەکرێن بە قوربانی ژیان من تینوێتیم بە گڕ ئەشکێ ،ل ٤٠٩

هەروەك دیارە ( صەلیب ) ڕەمزی ئاینی مەسیحیە ، یەکێکە لەو ئاینە کە لە دوایی ئاینی یە هودی هاتووە

---

١-سەردار گەردی ، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا ، ل٤٨٦

عیسا پێغەمبەرایەتی کردوە ،لیرەد صلیب ڕەمزە بە زمان نەتەوەی کورد کە لە سەر داوای مافی خۆی دەگیرێت و سەرنەقوم دەکرێن و لەناودەبرێن

شێرکۆ لە شیعرێکی تردا دەڵێ:

هەتا ئیستە

ئارامی ئێمە گوێژە بوو

گوێژەش (( ئەیوب ))

ئەوا ئەیوب کراسەکەی ،

خۆی دا دڕی

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا بە سەرهاتی پێغەمبەر "ئەیوب "مان بۆ دەگێڕێتەوە ، کەتوشی نەخۆشییەکی دەگمەن دەبیت ، هەموو کەس خوی لێ دورخستوەتەوە تەنیا خێزانەکەی نەبێت ، خاوەنی سەبر ئارامێکی ئیجگار زۆر بوو ، شاعیر سوودی لە و چیرۆکە قورئانییە وەرگرتوە،میللەتەکەی بە گوێژە چواندوە و گوێژەیش بە ئەیوب ،بەلام ئەیوبیش تا ڕادەیەك ئارمی گرت تاکو گەییە سەر ئیسقان ئیتر ئارامی نامێنێت ،شاعیر بە شێوازیکی نوێ وجوانی شیعرەکەی لە سەر ئەو چیرۆکی قورئانییە داڕشتوە .

## ٣-ڕەمزی مێژووی :-

سەرچاوە مێژووییەکان کەرەستەیەکی گرنکی ڕەمزن بۆ شاعیران ،هەروەك (د.سەردار گەردی ) دەڵێت (( مێژوو ڕووبارە وێنەیەکی ڕەنگاو ڕەنگە و شاعیری زیرەك و لێهاتووی دەوێ وێنەی لێ هەڵێنچێ و لەگەڵ سەردەمەکەی خۆیدا بیگونجێنێ ڕەهەندێکی تازەی پێببەخشێ ))[1] بێگومان شاعیر دەویت ئەو ڕەمزەی بەکاریدەهێنیت لەگەڵ سەردەم و قۆناغەکەی بیگونجێنێ ،ڕووداوە مێژوویەکان هەمەجۆرن (( پڕیەتی لە ڕووداو کارەساتی هەمەجۆر جا شاعیر پەنا دەباتە بەر ڕەمزی مێژووی ، لەلایەك ئەزموونی خۆی پێ دەوڵەند دەکات ، لەلایەکی تر کەسایەتییە مێژووەکان وەك دەمامك ،وەردەگرێت بۆ ئەوەی گوزارشت لە هەڵویستی شاعیر بکات ))[2] مێژوو بوەتە سەرچاوەیەکی گرنگی بەشێکی زۆری شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس ، شاعیر بەو شێوە داهێنەرانە سودی لێبینوە چەندین دەقی بەرگاوی بەڕمز و سەرنج ڕاکێشی

---

-سەردار گەردی ، بنیاتی وێنەی هونەری لەشیعری کوردیدا ،٢٠٠٤، ل٣٤٣

٢-کمال معروف،ئەدەبی کوردی و ڕەخنەی ئەدەبی نوێ ، پا پخانەی داناز ، لە بلاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی و ڕوناکبیری گەلاوێژ، سلێمانی ،٢٠٠٠، ل ١٠٦

بۆ خوڵقاندوین ، هەروەك خۆی دەڵێت (( شیعری من زیاتر ئیش كردنە لەسەر مێژوو یادەوەری ))[1] شێركۆ بێكەس بالأدەستی خۆی لەم بوارەدا سەلماندوە بە ڕێژەیەكی بەر چاو ڕەمزی مێژووی بەكارهێناوە ، چەندین ڕووداو كەسایەتی مێژوویی لە دیوانە شیعرییەكانیدا بەكار هێناوە وەك (كارەساتی ئەنفال ، كیمیابەرانكردنی شاری هەڵبجەو ، ڕا پەڕینی بەردەم سەرا ، لە سێدارەدانی قازی محمد ،..تاكەسایەتییە مێژووەكانیش وەك :قازی محمەد و ،خالیدی كوڕ وەلید و ئەسكەندەری گەورە ، هۆلاكۆ ،تەیمورخان ، ئەبو نونا،دەحام ،حەلاج، سعد،خولە پیزە .........تاد )

شاعیر لەشیعری (بێشكە )دا دەڵێت :

كەلاشەی ساردی چوار چرا

وەكو هێشووی سەرما بردوو

لە سێدارە كرانەوە

دار بە جێ ما                    ئاوێنە بچكۆلەكان ، ل٦٢٩

شاعیر سوودی لە ڕووداوی مێژووی لە سێدارەدانی پێشەوا "قازی محەمەد" و هاوڕێیانی لە گۆڕەپانی چوار چرا لە سابلاغ وەرگرتوە،بە شێوازێكی جیاواز ئەو كارەساتە خەماوییە وەسف دەكات ،لە درێژیی شیعرەكەدا خەباتی ڕزگاری خوازی كورد بە شەهید بوونی قازی محەمەد و هاوڕێیان دوایی نایيە ، بەڵكو

هەزاران قازی تر لەسەر لوتكە وەستاون و چەك هەڵدەگرن هەروەها شاعیرلە شیعری (ناو) كەبۆ "لەیلا قاسم" وتویەتی دەڵێت :

گۆمێ شووی كرد بە ئاسۆیەك

لە باوەشی

سێیەم وەرزا

لەناو شەبەقی

دەم كەلا

كچێكیان بوو .. بۆناو گەڕان

هەرچی شاخە كۆبوونەوە

---

١-هاوژین سلێوە عیسا ، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێركۆ بێكەسدا ، ٢٠٠٩،ل ٢٩١

**هەرچی باڵندەو درەختە ،گرد بوونەوە و**

**بە هەموویان**

**کچەکەیان ناو نا :لەیلا.                    کازیوە ،ل٥٣٩**

**هەروەك هەمووان دەزانن "لەیلا قاسم " یەکێکە لە ئافرەت ئازاو نەبەردەکانی کە هەمیشە لە خەبات ولە هەوڵی خۆشبەختی کورد و کوردستان بووە ، خەڵکی شاری خانەقینە، وەیەکێك بووە لەخوێندکارەکانی زانکۆیی بەغداد ،لەلایەنی دەسەلاَتدارانی ئەو سەردەمە و شەهید دەکرێت ، بوەتە هەوێنی ئەم دەقەی شاعیر .**

**٣- رەمزی ئەفسانە: ئەفسانە لە ئەدەبی کوردیدا مێژوویەکی کۆنی هەیە ، (( ئەوەتا ئەدەبی فۆلکلۆریمان پڕە لە کەرەستەو ڕەمزی ئەفسانەیی ، بەتایبەتی داستان و حەقایەتی گۆیی ئاگردانی شەوانی زستانی کۆمەڵی کوردەواری کە دەماو دەم پێمان گەیشتوون )) [١] هەروەها(( ئەفسانە هێزوگوڕ و تایبە تمەندییەکانی ژیانی خەڵکە، پەیوەندییەکانی بەینی خەڵك و شێوازی لەیەك گیربوونیان یەکالاَو شی دەکاتەوە ،ئەفسانە لێکدەرەوەی هەستی قوڵی مرۆڤایەتیەو بە درێژایی چەندها سەدە و چاخ بنیادی سیاسی و ئابووری و کەلتوری کۆمەڵگانی لەناخی خۆییەوە پاراستوە )) [٢]شاعیرانی کونیش ئەفسانەیان بەکار هێناوە بەلاَم (( لە سەردەمی مەلای جزیری و حاجی قادری کۆییەوە گیانێکی نوێی تێکەڕابوو ، بەلاَم تا بەرپابوونی جەنگی دووەمی جیهانی ١٩٣٩-١٩٤٥، ئەو برەوەی نەکەوتوبووە سەر و ئەو جۆرە دەورەی نەدی ، هەروەك لە سەر دەستی شاعیری نوێکار "گۆران "(١٩٠٤-١٩٦٢) ئەمە هاتەدی لە نمونەی هۆنراوەی (دیاری خوای شەڕ )دا سەری هەڵدا و خۆی چەسپاند )) [٣] واتە ئەفسانە بنەمایەکی گرنگی شیعریە ، چێژێکی تایبەت بە دەق دەبەخشێت لە هەمانکاتدا خوێنەری شارەزا بە ئەفسانە و ڕازە جیهانییەکانی ئەوێت ئەگینا چێژە لەدەقە وەرناگرێت ،چونکە ((بەکار هێنانی ڕەمزی ئەفسانەیەکان لەو نێو وێنەو بابەتی هۆنراوەدا تەم و مژ بییەك بە جیهانی هۆنراوەکە دەبە خشێ )) [٤]**

---

**١-کەریم شارەزا ،ئەفسانە لە شیعری هاو چەرخی کوردیدا ، بەڕیوەبەرایەتی چاپخانەی رۆشنبیری ، هەولێر ،٢٠٠٥ ، ل١٩**

**٢-عەلی ئەشرەف دەروێشان، ئەفسانە و ڕازی کوردی ،و/عەزیز گەردی ،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی، ٢٠٠٢،ل١٨**

**٣- کەریم شارەزا ، ئەفسانە لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا ، ٢٠٠٥، ل ٢٥**

**٤-عادل محمەد گەرمیانی ، وێنەی بابەتی لە هۆنراوەکانی گۆران و سیابدا ،نامەی دکتۆرا ، کۆلێجی پەروەردە ، زانکۆی بەغداد ، ٢٠٠٠، ل٢٠٥**

شێرکۆ بێکەس دیایرترین شاعیری هاوچەرخی کوردە بۆ پتەو کردنی ناوەڕۆکی شیعرەکانی ، گەلێك جار خۆی تاقیکردوەتەوە ڕەمزو بابەتی ئەفسانەی بەکار هێناوە" کەریم شارەزا" لە کتێبەکیدا بەناوی "ئەفسانە لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا "نازناوە ئیلیۆتی شیعری هاو چەرخی پێ بەخشیوە ، شاعیر پەنایی بردوەتە هیزی هەرە گەورەی هێزی خێرو میهرەبانی بۆ ڕزگارکردنی گەل و خاکەکەی لە وێرانکاری و کارەسات.شاعیر چەند ناوی ئەفسانەیی لە دیوانە شیعرییەکانیدا بەکار هێناوە وەك( ئەژدەهاك ، زووحاك ، دێو ،درنج ،ئەهریمەن ، سێزیف ، سیمرخ، گلگامیش ، ....تاد ) هەربۆیە شاعیر لەهۆنراوی ( گینگلێ )دا ئەلێ :

بۆت ئەگەڕێم ئەی ئەستێرەی خۆرنشینی

نەدۆزراوە

والەم شەوەدا ( گەلگامیش )

دێتە سەر بالی ( سیمرخ )ی

داستانەکەم

جارێکی تر ئەفڕێتەوە و

ئەم کەڕەتە گومان ئەکا

لە ( ئەنکیدۆ )

گومان ئەکا .. گومان ئەکا .. گومان ئەکا                من تینوێتیم بەگڕ ئەشکێ، ل٢٥٩

شاعیری ( گەلگامیش ) ڕەمزی ئەفسانەی یە بۆ نەمری ، کە ئەفسانەیەکە هی سەردەمی سۆمەرییەکانە ، وە بالندەی ( سیمرخ )ی بەکارهێناوە ، بالندەیەکی ئەفسانەییە دیاری نیو مێژووی ئەدەبیاتی ڕۆژهەلاتە ، کە ئەفسانەی گەلگامش دەخاتە سەر بالەکانی و دەیگەڕێنێت ."ئەنکیدۆ " ڕەمزی هاوڕێتییە لە داستانێکی کۆنی ئەفسانەیی وە وەرگیراوە ، ئەمان و چەندین ڕمزی تری بەکار هێناوە .

یان شاعیر لەشیعری ( دلداری ناو شارێکی مردوو ) دەلێت :

..........

لە کەلاوەی خێوەکا نا کەوتنە چینە

بە دەلاقەی دەرگای برینی تەمەنی ،

سارێژنەبووی لە شی کوردا ..

کەوتنە دادرروونی پینە ٤ من تینۆێتیم بەگڕ ئەشکێ ،ل ٣٥٤

شاعیر "خێو"ی لە ئەفسانەی کوردیدا وەردەگرێت و شێوازێکی تازەی بۆدادەڕێژێت .بە جۆرێك هەڵسوکەوتی لە گەڵدا دەکات ، کەلەگەڵ شیعری تازەی کوردیدا بگونجێ .

٥- **ڕەمزی کەلتوریی** :- جۆرێکی ترە لەڕەمز ، سامانێکی لەبن نەهاتووە ، سەرچاوەیەکی گرنگی شیعرە بۆ شاعیران ،هەموو میللەتێك خاوەنی کەلتورو فۆلکلوری خۆیەتی ، ڕەنگدانەوەی لە بەرهەمی شاعیراندا هەبووە ، شاعیران توانیویانە پشتی پێ ببەستن و ئەزموونی خۆیانی پێ دەوڵەمەند بکەن ، شاعیری هاوچەرخ (( هەوڵی دا بە شێوەیەکی ئاسان و راستگۆ ڕووبەڕووی خوێنەر ببێتەوە ،دوور لە گشت تەکلیفێك ، بە زمانێك لە گەڵیدا بدوێ نزیك بێ لە تێگەیشتنی ئەو و لەو شتانە بدوێکە لێوە نزیکن و ژیانی هەردوکیان لیوە نزیك دەکات )) [1] واتە شاعیران هەوڵیان داوە ڕاستگۆیانە بدوێن ، بگەڕێنەوە بۆ بەرهەمی فۆلکلۆر و میللی خویان ، بە مەبەستی ئاگادار بوون لەو سامانە دەوڵەمەندە و پاشانیش زیندوو کردنەوەی ئەو ڕەمزانە ، بەڵام بە شێوازێکی نوێ ،بە شێوەیەك پەیوەندیەك لە نێوان ڕابردوو و ئیستادا دروست بکەن .شێرکۆ بێکەس بالاْ دەستی خۆی نواندوە ، سەرکەوتنی شاعیر لە تاقیکردنەوەی ئەفسانەیی داهێنانی شیعری نوێ ، بەندە بە زیرەکی و لێهاتووی خۆی لە بەکار هێنانی کەرەستەو ڕەمزو بابەتەکانی کەلتور ، لەناو هەیکەلی بابەتە شیعرییەکاندا .شاعیر چەندین بابەت و کەرەستەو بەیتی

فۆلکلۆری و میللی لە بنیاتی هۆنراوەکانیدا بەکار هێناوە .وەك (برا یمۆك و پەری خان ، لاس و غەزال ، شرین و فەرهاد ، مەم و زین ، خەج وسیامەند .... تاد )

شێرکۆ چەندین دەقی بارگاوی بە ڕمزی کەلتوری بۆ داڕشتووین ، شاعیر لە شیعری (هەنگوێن ) کە بۆ "نالی"وتویەتی دەڵێت :

(( نالی )) پرسی

هەنگوێن چی ڕۆژێ پەیدا بووە ؟

((مەم و زین )) پێکەوە وتیان :

هەنگوێن

ئەو ڕۆژە پەیدا بوو

کە (( شانە )) ی دەمی دوو دڵدار

---

١--د.سەردار ئەحمەد حەسن گەردی ، بنیادی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا ، ٢٠٠٤، ل٣٠٠

هەنگی (( ماچ )) یان .. بە خیو کردوو

لە لادێوە

ناردیانە شار                    کازیوە ، ل٤٨٠

"مەم و زین " داستانێکی کۆنی کۆمەڵەی کوردەوارییە ،ئەحمەدی خانی جارێکی تر بەشیعر نووسیویەتەوە ، باس لە خۆشەویستی و دوو عاشق دەکات ، کە (بەکری مەڕ گەوەڕ) دەکەوێتە بینیان و ڕێگە لە بە بەکگەیشتنیان دەگرێت ، ئەمەش لە شیعری شاعیردا ڕەنگی داوەتەوە و ئاوێتەی شیعرەکانی کردووە .

یان شاعیر دیسانەوە مەم وزین بونەتە هەوێنی دەقەکە دەڵێت :

بە (( مەم )) ی ناو وتەی ئەشقی

پەلکە زێڕینەم

دەس لە ملی (( زین )) ی شۆخی،

کێوانت ئەکەم .                    من تێنوێتیم بە گڕ دەشکێ ، ل ٤٣٨

شاعیر لە شوێنیکی تردا بەیتی (برا یمۆك و پەری خان ) و بەسەرهاتەکەیان بوەتە هەوێنی شیعرێکی جوان لای شاعیر ،بە شێوازێکی جیاواز و گوڕێکی نوێوە ئاوێتەی دەقەکەی کردوە .

وا ئەسپەکەی (( برا یمۆك ))

لە بەر ماڵی (( پەریخان )) دا ...خاتوو پەری

خرمە خرمی تەرزەی چاوی .. خاتو پەری

لاواندنەوی گوێ بانێژە و سەربانە ؟!                    برا یمۆك و گۆرانی بەفرو منداڵیم ،ل

لە ئە نجامی ئەو شیکردنەوە و لێکدانەوە کەلە شیعرەکانی شێرکۆ بیکەسدا ئەوەمان بۆدەردەکەوێت شاعیر ، توانیویەتی تا ڕادەیەکی باش مامەڵە لەگەڵ کەرەستە ڕەمزییەکاندا بکات بە بێ جیاوازی نێوانیان ، شێوازێکی تازەی بە رجەستە کردووە جیاواز لە شاعیرانی تر ، وێڕای ئەوە توانیویێتی زەینی خوێنەری پێ ڕۆشنبکاتەو ە و بەرهەمەکەکانی خویشی پێ دەوڵەمەند بکات .

## هەندی دیاردەی تری  شێواز لە شیعرە کانی شێرکۆ بێکەسدا

### ١- *نوسینی وێنەیی*

نوسینەوەی شیعر بە شێوەی وێنە  شێوازێکە لە شێوازەکانی شیعری شێرکۆ بێکەسە ، شاعیر بە هۆیەوە گوزارشت لە وێنەیەك دەکات ، چێژێکی تایبەت بەخوێنەر دەبەخشێت ، سەرنجی خوێنەر بۆلای خۆی ڕادەکێشێت . هەروەها شێوازێکی جیاواز بە دەقەکە دەبەخشێت  چونکە (( زەین و هەستی بینین  بە یەکەوە گرێ دەدات ، چونکە زۆرجار ئەو وێنەی شاعیر کێشاوێتی لە گەڵ واتاو ئەو دیاردەو بابەتەی باسی لێوە دەکات  هەمان شتە )) [1] شایەنی باسە ئەم جۆرە شیعرانە بە شیعری  وێنەیی  یان ((شیعری نیگاری ناودەبرێت .لە زمانی عەرەبیشدا پێی دەوترێت ( شعر المرئی ، البصری ، التشکیلی ... ))[2]

لە چامە شیعرییەکانی شێرکۆ بێکەسدا ئەم جۆرە شیعرە بوونی هەیە هەروەك لەم نموونانەی خوارەوەدا دەر دەکەوێت .

فە رهادێکی کوژراو وتی :

لەبەر ئەوەی (( هەرەم )) ەکە لەسەر نووك و

سەر بەرەو و ژێر دانرابوو

هەرس وابوو  زەویش

بنکەو ڕەگی ئەویست

تۆفانەکەیش زەریاوانیٚ

چەند خوایەك بوون

خۆ فۆی گەورە

خۆفۆی

بچووك

---

- د. سافیە محەمەد ئەحمەد ، لادان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا ،٢٠١٣، ل٢١٨

٢- سەرچاوەی پێشوو

خۆفۆی

قڕە دوو سرودی کێوی ،ل ٦٥٣

لەم نموونەی سەرەوە شاعیر باس لە هەرەم دەکات ، کە لە سەر نووك دانراوە ، وەك دەبینین ، شیعرەکەیش ئاماژە بە وینەی هەرەمێکی لە سەر نووك دانراو دەکات ،. شێوازێکی سەرنج ڕاکێشی بە دەقەکە بە خشیوە

لە شوێنێکی تردا شاعیر ئەڵێت :

بە کلیلی ..

جومگەی فەرهادێکی کوژراو

لێ ىنیشتوون و .. ئەیکەنەوە .

فڕان

فڕان

فڕان

فڕان دوو سرودی کێوی ،ل ٦٥٠-٦٥١

هەروەها لەم نموونەی سەروەدا شاعیر ئاماژەی بە کلیل داوە ، هەر بۆیە شیعرەکەیشی لە شێوە کلیلدا نەخشاندوە . بیری خوی لەگەڵ هەستی بینین ئاویتەی یەکتر کردوە . خوینەر دەورژێنێت .

هەروەها جگە لەم شێوازە باسمان کرد ، ئەگەر سەرنجێکی خێرا بە دێوانە شیعرییەکانی شاعیردا بخشێنین ، شێوازێکی نویٚ بەدی دەکەین ، ئەویش هەڵوەشاندنەوەی وشەی دیڕەکانە لە پارچە شعرەکاندا ، ئەمەش بۆ خودی شاعیر دەگەڕێتەوە کە هەمیشە ویستویەتی شێوازی جیاوازو داهێنەرانە پێشکەش بە خوێنەر بکات هەروەك لە م نموونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت .

کە لە کۆێستانی دەنگتەوە

ورد

ورد

**ورد**

**ورد**

**دێنە خوارێ و ئینجا منیش لە گەڵیاندا**

**ئەتوێ**

**مەوە**

**ئەت**

**و**

**ێ**

**م**

**ە**

**و**

**ە رەنگاڵە .ل ٣٩**

**هەروەها شاعیر لە نموونەیەکی تردا دەڵێت :**

**کاتێ ڕوانیم .. لە بەردەمما**

**ئەستێرەی ناو خەونەکانم**

**پەلکە گیایی سەر پە نجەکانم**

**بەدوای یەکدا ..**

**وا : هە.. لێ .. وە.. رین ... دووسرودی کێوی ، ل ٦٥١**

**لەم نموونانەی سەرەوە دا هەڵوەشانەوەی وشەکان بۆئەوەی شێوەی وشەکان لەگەڵ واتای وشە هەڵوەشاوەکان یەکانگیرە.**

## ٢- شێوازی ژمارە

یەکێکی تر لە سیما هەرە دیارەکانی شیعری شێرکۆ بەکارهێنانی ژمارەیە کە لەزۆربەی دیوانە شیعرییەکانییدا بەرچاو دەکەوێت .شایەنی باسە بەکارهێنانی ژمارە لە لایەن هەندێ لە شاعیرانی سەدەی بیستەم هەبووە ، ئەمەش کاریگەری لە سەر شێرکۆ دروستکردوە بەتایبەتی لە شیعری " ٢٧ ساڵە من ڕنجبەری تۆم " ی فایەق بێکەسی باوکدا ، شێرکۆ هەردەم شانازی پێوەکردوە هەر بۆیە ئەم شێوازە لە زۆربەی دیوانە شعرییەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە هەروەها جگە لەو شعرە کە ئاماژەمان پێدا ، بەکارهێنانی ژمارەیە وەك دیاردەیەکی تایبەت بە شێوازی شیعری بێکەسی باوك دەبینرێت . هەروەك لەم نموونانەی خوارەوەدا هەستی پێدەکرێت :

بیست و حەوت ساڵە

بیست و حەوت ساڵە من ڕەنجبەری تۆم

بەنان و ئاو جل و بەرگی خۆم

حزمەتم کردی لە ئێران و ڕۆم

لە پێناوی تۆ شکاوە ئەستۆم [١]

هەروەها لە شیعری بیستەی "ژین" کە بۆنەی تێپەڕبوونی بیست ساڵ بەسەر دەرچوونی ڕۆژنامەی " ژین" دا وتراوە ، لە ژمارەی تایبەتی "ژین" دا بلاْو کراوەتەوە .و دەڵێت :

بیستەی " ژین "

سوپاس بۆ یەزدان ، یەزدانی گەورە

ئاسۆی هیوای کورد بێ تەم و هەورە

ڕۆژی زانستی بە ڕوونی هەلاْت

لە شکری جەهل و تاریکی هەلاْت

سەد شوکر میللەت ئێستە هۆشیارە

لە ڕێی ژیانا زۆر خەبەر دارە[١]

-- ------------------------------------

فایەق بێکەس ، دیوان ، ڕێکخستن و ئامادەکردنی ئومێد ئاشنا ، سندج ، ١٣٩٠،ل٩١

دیاردەی ژمارە بوەتە شێوازێکی تایبەت لە زۆر بەی دیوانە شیعرییەکانی شێرکۆ بێکەسدا دەبینرێت . ئەم شێوازی ژمارە هەندێ جار پەیوەندی بەرووداو کارەساتەکانەوە هەیە ،وەك (١١ ئازار ،١١سیتەمبەر ،١٩٨٨ کارەساتی ئەنفال و کیمیابارانکردنی شاری هەڵبجە ،ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١.....هتد)) وە هەندێ لە ژمارەیش پەیوەست نییە بە هیچ ڕوداوێکەوە ،بەڵکو شاعیر بەمەستی تایبەتی خۆی بەکاریهێناوە ،یان بۆ گونجاندنی ئاوازی دەرەوە و ناوەوەی دێڕەشیعرەکان پەیڕەوەی کردوە.

.بۆ نموونە شاعیر تەنیا لە کۆمەڵەشیعری "پایزە میوان" (٢٨)جار ژمارە (١) ی بەکارهێناوە . هەروەها قسیدەی "بۆننامە"دا دەڵێ:

........

من ئیستاکە بۆنی بادەی سەرچنارو

بۆنی شەقامی سەرخۆشی ***شەستەکان*** و

بۆنی ئێوارەی سەرخۆشی ***حەفتاکان*** و

بۆنی نوکتەی عەرەق پیاڕژاوی ئەوسای

(عیزەت یەکپارچە) م لێوە دێ!

بیرەیەك و ***دووان و سیان و چوار***....

دیسانەوە کەفەکانیان ئەکەی بەکلاّوی خەیاڵ                بۆننامە ،ل٦٠٩

یان شاعیر لە ڕۆمانەشیعری (گۆڕستانی چراکان ) بە ریژەیەکی بەرچاو "ژمارە" ی بەکار هێناوە .هەروەك لەم پارچە شیعرەدا ئەڵێت :-

..................

سەفەرێکی تازەم لەبەرە سەفەرێکی شین و مۆر

بە خۆم و جانتاڕەشەکەی بن دەستمەوە ئەڕۆم

کەلە ***دە*** گیرفانی خۆشەویستیی زیاتری هەیە

---

١-سەرچاوەی پێشوو ،ل٨٨

.................

ئەوەتا لە ***یەکەم*** گێرفاندا

شپرەزییم گمە گمێتی

................

ئەوەتا لە ***دووەمدا***

لاواندنەوەی دایکم

بووە بە تووتاکێکی ڕەش وسپی

.........

لە**دەیەم دا** کێلانێکم ئارام ناگرم و

لەتیغی خۆی ڕائە پەڕێ                    گۆرستانی چراکان ،ل ١٦،١٧

**ئه نجام //**

**له ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکەدا گەیشتین بەم ئەم ئه نجامانەی خوارەوە :**

**١-بابەتی شێواز و لێکۆڵینەوەی شێواز گەری ، لەم سەردەمەدا گرنگی زۆری پێدەدرێت ، بوەتە پێویستییەکەی سەردەم چەندین لق و پۆپی لێ دەبێتەوە . بوەتە ئەڵقەیەکی پەیوەندی لە نێوان زمان و ئەدەب ، هەروەها تاکو ئیستا نەتوانراوە پێناسەیەکی دیاریکرابۆ زانستی شێوازبکرێت .ئەوەی ئیمە درکمان پێکردوە زۆربەی ئەو پێناسە و بۆچوونانەی لە سەر شێوازکراوە زۆربەیان بە دەور ئەو پێناسەی "بۆفۆن " دەسورێتەوە کەدەڵێت ( شێوازخودی مرۆڤەکە خۆیەتی ) .**

**٢-شێرکۆ بەهۆی شێوازەکەیەوە ، ڕەوت و ڕێبازێکی بۆخۆی دیاری کردووە و بووە بەیەکێك لە دامەزرێنەرانی بزوتنەوەی ئەدەبی ڕوانگە .**

**٣-شێرکۆ هەموو ژانرێکی شیعری وەك ( قسیدە ، پۆستەرە شیعر ، دەقی والا ) خۆی تیا تاقیکردوەتەوە و سەرکەوتوە بووە ، ئەمەش بۆ ئەو نەفەسە شیعرییەی کەشاعیر هەیەتی ئەو توانایەی پێبەخشوە شێوازی جوان و داهێنەرانە پێشکەش بە خوێنەرانی بکات .**

**٤-کێش ڕەگەزێکی سەرەکییە لە ئاوازدارکردنی ئاوازی دەرەوەی شیعرەکانی ، شاعیر چەند شێوازێك کێشی بەکارهێناوە وەك ( کێشی سێ بڕگەی ، چواربڕگەی ، کێشی هەمەڕەنگ و ، کێشی ئازاد )., بەتایبەتی کێشی سێ بڕگەی زیاتر لە هاوڕێکانی بەکار هێناوە .**

**٥-شاعیر گرنگێکی زۆر بە ئاوازی ناوەوەی شیعرەکانی داوە ، بە شێوەیەك وشەکانی چنیوە و ریکی خستوە ئاوازێکی خۆش و هەست بزوێنی بە دەقەکە بەخشیوە ، بۆ ئەو بەمەستە چەند شێوازێکی هونەرییانەی بەکارهێناوە وەك ( دووبارە بوونەوەی دەنگەکان لە سەر ئاستی ستونی و ئاسۆیی ، دوبارەکردنەوە وشە، دوبارە بوونەوەی دەستەواژە و هونەری دژیەك .... تاد ).**

**٦- لادانە لەسەر ئاستی پێکهاتەیی شێوازێکی تایبەتی شاعیرە ، کە تواناو سەلیقەی شاعیر پیشان دەدات ، لە بەکارهێنانی ئە م شێوازەدا بالآدەستی خوی نواندوە ، چەنین لادانی لە سەر ئاستی لادانی دەنگی و وشەی و ڕستەی ئەجامداوە ، ئەمەش بەپشت بەستن بە ئەو پاشخانە معریفی و شیعرییەی کە شاعیر هەیبووە .**

**٧- شاعیر خاوەنی فەرهەنگێکی زمانی ئیجاگار دەوڵەمەندە بەبەراورد لە گەڵ شاعیرانی تر ، توانایەکی لەبن نەهاتووی هەیە لەڕووی داهێنانی وشە و گیانبەبەرداکردنی وشە، هاوشێوەی دارێك چون لە پایزدا بهەژێت لە هەموولایەك گەلا دەبارێت ، شێرکویش هەرکە قەڵمی بە دەستەوە بگرتایە ،چەندین وشەی دانسقە و جوانی دادەڕشت ،**

**٨-بە پێی پێوانەی هاوکێشەی بوزیمان ،لە شیعرەکانی شاعیردا ڕێژەی ئاوەڵناوی بەرز و ڕێژەی کار دادەبە زێت ، ئەمەش پێوەندی بەهەموو ئەو ڕوداو و کارەساتەنەوە دێت کەشاعیر وەك کەسێکی هەست ناسکی ناو کۆمەڵەکەی هەستی پێکردووە .**

**٩- بە کارهێنانی ڕەمز شێوازێکی ترە ، شاعیر هەموو جۆرەکانی ڕەمزی لە شیعرەکانیدا بەکار هێناوە هەرچەندە شاعیران زۆربەیان ڕمزیان بەکارهێناوە ،بەلآم شاعیر مەبەست ومەغزایەکی تازەی پیّ بەخشوە بە شێوازێکی جیاواز دایڕشتووە .**

**١٠-کۆمەڵێك دیاردەەو تەکنیکی هونەریی نووسین لە دێڕە شیعر و چامەکانیدا دەبینرێت ، چەند شێوازێکی جۆراوجۆر پراکتیزەی کردووە ،وەك : نوسینی هێمایی ، هەروەها بەکارهێنانی ژمارەیەکی بەرچاو لە (ژمارە و ڕەنگ ) لە دەقاندا ، شێوازێکی جوان و سەرنج ڕاکێشیان بە دەقەکە دەبەخشێت و خوینەر بۆ ساتێك تۆشی تێڕامان دەکات و بوەتە شێوازێکی تایبەتی شاعیریش .**

## سەرچاوەکان

## سەرچاوە کوردییەکان


١-- ئازاد عبدلواحید کەریم ، تیوری ئەدەب ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی ئارا بخا ، کەرکوك ، ٢٠٠٧

٢- ئازاد ئەحمەد محموود ، بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا ، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر ، ٢٠٠٩

٣- ئومێد ئاشنا ، گۆران و نوسین و پەخشانە وەرگێڕواکانی ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر، ٢٠٠٤

٤-- ئیدریس عەبدولاّ ( د )، شێوازو شێوازگەری ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی ڕۆژهەلاّت ، هەولێر ، ٢٠١٠-٢٠١١

٥- ئیدریس عەبدلاّ ، شێوازگەری لادان ، چاپخانەی لەریا ، سلێمانی ، ٢٠١٣

٦- ئاڤان عەلی میرزا توفیق ( د )، چنینی دەق لە شیعرەکانی نالی دا ،چاپخانەی کەمال ، ٢٠١٢

٧- ئەرسەلان بایز ، سیمای شیعری کوردی دوای ڕاپەڕین ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی ، ٢٠١٣

٨- بکر عومەر و شێرکۆ حمە ئەمین ، زارو شێوە زار ، چاپخانەی چوار چرا ،چاپی یەکەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٦

٩- بوشرا کەسنەزانی ، پۆستەرە شیعری کوردی و هایکۆیی یابانی ، بەبیٚ شوێنی چاپ ،٢٠٠٧

١٠- بوشرا کەسنەزانی ، لە تریفەی هەڵبەستەوە تاکو پارکی ئازادی ،چاپی یەکەم ، چاپخانەی سەردەم ،سلێمانی ٢٠١٣

١١- پەرێز سابیر ( د ) ، بینای هونەری چیرۆکی کوردی ( لە سەرەتا وە تاکۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی ) ، دەزگای چاپ و بلاّو کەرەوەی سەردەم ، سلێمانی ، ٢٠٠١

١٢—پەرێز سابیر( د )،ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر ،چاپی یەکەم، بلاّوکراوەی ئاراس ، هەولێر ، ٢٠٠٦

١٣- پە خشان عەلی ئەحمەد ، شێواز لە شیعری گۆران دا ، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی ، ٢٠٠٩

١٤- پیتەر هلبێرگ و دانەرانی تر ،تیوەری ئەدەب و شێوازناسی ، ئامادەکردن و وەرگێڕانی :ئەنوەر قادر محەمەد، چاپی دووەم ، کتێبخانەی یادگار ، سلێمانی ، ٢٠١٠

١٥- عەلی تاهیر حسین (د) ، ڕەخنەی بونیادگەری لە تیوەرییەوە بۆ پراکتیزە کردن ،چاپی یەکەم ، چاپخانەی سەردەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٨

١٦- جان کوهین ، بنیاتی زمانی شیعر ، و/لە عەرەبییەوە :ئازاد عبدالواحیدکریم ، چاپی یەکەم ،چاپخانەی ئاربخا ، هەولێر ، ٢٠٠٨

١٧- جەبار ئەحمەد حسین ، ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردی کوردستانی عیراق ،(١٩٥٠-١٩٧٠ ) ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی ٢٠٠٨

١٨- حسین عارف ، ڕوانگەو یار و نەیارانی ، چاپی یەکەم ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٥

١٩-حمەنووری عومەر کاکی (د) ، شێواز لە شیعری کلاسیکی کوردیدا ، چاپی یەکەم ،چاپخانەی تیشك ، سلێمانی ، ٢٠٠٨

٢٠- حمە نووری عومەر کاکی (د)، شێواز لە شیعری نوێی کرمانجی ناوەڕاست (١٩٢٠-١٩٧٠) ، چاپی یەکەم چاپخانەی دەروون ، سلێمانی ، ٢٠١٢

٢١- حسین کەلاری ، شێواز لە هۆنراوەکانی فەرهاد شاکەلی دا ،چاپی یەکەم ، چاپخانەی یاد ، سلێمانی ، ٢٠٠١١

٢٢- خورشید ڕشید ئەحمەد ، ڕێبازی ڕۆمانتیك لە ئەدەبی کوردیدا ، چاپخانەی جاحز، بغداد ١٩٨٩

٢٣- دلشاد عەلی (د) ، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا ، چاپخانەی ڕەنج ، سلێمانی ، ١٩٩٨

٢٤- ڕەفیق حلمی ، شیعرو ئەدەبیاتی کوردی ، بەرگی دووەم ، چاپخانەی شباب ، بغداد ، ١٩٥٦

٢٥-سلیم ڕشید صالح ، شێوازلە کورتە چیرۆکی کوردیدا ، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری ، سلێمانی ، ٢٠٠٥

٢٦- سابیر ڕەشید ، ڕۆمانی کوردی (خوێندنەوەو پرسیار ) ، بەشی یەکەم ، دەزگای چاپ و بلاو کەرەوەی ئاراس ، هەولێر ٢٠٠٧

٢٧--سامان عیزەدین ، بنیاتی هونەری لەشیعری لە تیف هەڵمەت دا ، چاپخانەی کەمال ، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکراوەی سلێمانی ،٢٠٠٩

٢٨- صافیە محمەد ئەحمەد (د) ، لادان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا ، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر ، ٢٠١٣

٢٩-صافیە محەمەد ئەحمەد ، شێوازی شیعرە کوردییەکانی پیربال محموود ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی ڕۆژهەلات ،هەولێر، ٢٠١٤

٣٠- سەردار ئەحمەد حسن گەردی ، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا (١٩٧٠-١٩٩١) ،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی ، ٢٠١٤

٣١- شێرزاد هەینی ، ٩٥٥ دەقیقە لەگەڵ شێرکۆ بێکەس ، چاپخانەی تیشك ، ،٢٠٠٨

٣٢ -صباح ڕەنجدەر ، سێ کتێب لە بارەی شیعرەوە ، چاپخانەی بینایی ، سلێمانی ، ٢٠١٣

٣٣— عیزەدین مستەفا رسول ،ئەدەبیاتی نوێی کوردی ، چاپخانەی خوێندنی باڵا،بەغدا ،١٩٩٠.

٣٤--عەزیز گەردی ، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا ، بەرگی سێیەم ، سلێمانی ، ١٩٧٩

٣٥- عەزیز گەردی ، کێشی شیعری کلاسیکی کوردی وبەراوردکردنی لە گەڵ عەروزی عەربی و کێشی شیعری فارسیدا ،چاپحانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری ، هەولێر ، ١٩٩٩

٣٦- عەزیز گەردی ، کێشناسی کوردی ، نارین بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە ، هەلێر ، ٢٠١٤

٣٧- عەلی ئەشرەف دەروێشان ،ئەفسانە و ڕازی کوردی ، و/عەزیز گەردی ،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٢

٣٨-عبداخالق یەعقوبی ، دەنگی بلورینی دەق ، چاپی یەکەم ،چاپخانەی ڕاز ، سلێمانی ، ٢٠٠٥

٣٩-عبدالقادر حمە ئەمین (د) ، بنیاتی کارنامەیی لە دەقی نوێی کوردیدا ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی تیشك ، سلێمانی ، ٢٠٠٨

٤٠- عەلی تاهیر بەرزنجی (د) ،کاریگەری ڕوانگە لە نوێگەری شیعری کوردیدا ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی چوار چرا ، سلێمانی ، ٢٠٠٨

٤١- عەبدولاّ ڕەحمان ، ڕۆمانە شیعر مێژوو سەر هەڵدانی ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی ڕۆژهەلاّت ، هەولێر ، ٢٠١٢

٤٢- فوئاد ڕەشید (د) ، دەقی ئەدەبی ، ئەدگار چێژ بەها ،چاپی یەکەم ، بلاّوکراوەی ئاراس ، هەولێر ، ٢٠٠٧.

٤٣- کەمال معروف ، ئەدەبی کوردی و ڕەخنەی ئەدەبی نوێ ، لە بلاّوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی رووناکی گەلاوێژ ، چاپخانەی داناز ، سلێمانی ، ٢٠٠٠

٤٤- کەریم شارەزا ، ئەفسانە لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا ، بەریوبەرایەتی چاپخانەی رۆشنبیری ، هەولێر ،٢٠٠٥

٤٥- لوقمان رەئوف، بنەماکانی مۆدێرنە ، لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا ، چاپی یەکەم ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٩

٤٦-لوقمان رەئوف ،سەرەتایەك بۆ ڕۆمان و شیعری سەربەستی کوردی ....

٤٧- محەمەد صدیق عارف ، کامەران و هۆمراوەی نوێ ، چاپخانەی معاریف ، بغداد ، ١٩٥٨

٤٨- معروف خەزنەدار ، کێش و قافیە لە شیعری کوردیدا ، چاپخانەی الوفا،بغداد ، ١٩٦٢

٤٩- محمەد عبدالکریم ابراهیم ، پێکهاتەی زمانی شیعری لە ڕوانگەی ئەدەبی نوێوە ، چاپی یەکەم ،چاپخانەی موکریان ،هەولێر ،٢٠١٢.

٥٠- نوری فارس حمە خان ، عەروزی کوردی ، چاپی یەکەم ، دەزگای چاپ و بلاّو کەرەوەی ئاراس ، هەولێر ، ٢٠٠٤

٥١- هۆراس ، هونەری شیعر ،و/حمید عزیز ،چاپخانەی الحوادث ، بغداد ، ١٩٨٠

٥٢-هیمداد حسین ، ڕوانگەو شاعیرانی حەفتا و هەشتاکانی هەولێر، چاپی یەکەم ، چاپخانەی کارۆ ، ٢٠١١

٥٣- هاوژین سلێوە عیسا ، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەس دا ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، چاپی یەکەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٩

٥٤- ها وژین سلێوە عیسا ، خۆری دەق و ئاوێزانی ڕەخنە، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر ، ٢٠١٣

٥٥- وریا عومەر ئەمین ( پ.د ) ، چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی ، بەرگی یەکەم ، دەزگای ئاراس ، ٢٠٠٩

٥٦- یاسین عومەر ، ئەزموون چەپکێك هەڤپەیڤین لەگەڵ شێرکۆ بێکەس ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٦

٥٧- یادگار رسول باڵەکی ، سیماکانی تازەکردنەوەی شیعری کوردی( ١٨٩٨-١٩٣٢ ) ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ، ٢٠٠٥

٥٨- بەبێ ناوی نوسەر ، هەرسێ ژمارەی ڕوانگە ، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم- سلێمانی ، ٢٠١١

***دیوانەکان//***

٥٩- شێرکۆ بێکەس ، ملوانکە ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ،٢٠٠٧

٦٠- شێرکۆ بێکەس ،بەرگی یەکەم، سوید ، ٢٠٠٩

٦٢- شێرکۆ بێکەس ، بەرگە دووەم ، سوید ، ٢٠٠٩.

٦٣- شێرکۆ بێکەس ، بەرگی سێیەم ، سوید ، ٢٠٠٩

٦٤- شێرکۆ بێکەس ، بەرگی چوارەم ، سوید ، ٢٠٠٩

٦٥- شێرکۆ بێکەس ، بەرگی پێنجەم ، سوید ، ٢٠٠٩

٦٦- شێرکۆ بێکەس ، بەرگی شەشەم ، سوید ، ٢٠٠٩

٦٧- شێرکۆ بێکەس ، بەرگی حەوتەم ، سوید ، ٢٠٠٩

٦٨- شێرکۆ بێکەس ، بەرگی هەشتەم ، سوید ، ٢٠٠٩

٦٩- شێرکۆ بێکەس ، دیوانی ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، ٢٠١٢

٧٠- شێرکۆ بێکەس ، خێراکە ، مردن خەریکە بگات !، چاپخانەی تاران ، چاپی دووەم، سلێمانی ، ٢٠١٦

٧١- شێرکۆ بێکەس و هەڵۆ شێرکۆ بێکەس ، یادەوەری پاسکیلێکی کەرکوکی ، چاپخانەی تاران ، چاپی یەکەم ، سلێمانی ، ٢٠١٦

٧٢- شێرکۆ بێکەس ، لە گوڵەوە تا سووتوو ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٦

٧٣- فایەق بێکەس ، دیوان ، ڕێکخسن و ئامادەکردنی ، ئومێد ئاشنا ، سنندج ، ١٣٩٠

٧٤- گۆران ، ئامادەکردن و کۆکردنەوەی محمەدی مەلا کریم ، چاپخانەی گەنج ، چاپی سێیەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٤

## نامە ئەکادیمییەکان ( ماستەر و دکتۆرا )

٧٥- ئاسۆ عومەر مستەفا ، بەها ئیستاتیکای دەقی شیعری لای پیرەمێرد وشێخ نووری شێخ سالح و گۆران ،نامەی ماستەر ، زانکۆی سەلاحەدین هەولێر ، ٢٠٠٧

٧٦- ئەردەڵان شوکر سابیر ، تەکنیکی گێڕانەوە لە رۆمانە شیعرییەکانی شێرکۆ بێکەسدا ، نامەی ماستەر ، زانکۆیی سەلاحەدین ، هەولێر ، ٢٠٠٩

٧٧- دلاوەر ئیبراهیم حمە صالح ، شیعریەت لە دەقەکانی ئەنوەر قادر محمەد ، نامەی ماستەر ، زانکۆی سلیمانی ، ٢٠١٥

٧٨- زانيار صالح كريم ، بنياتی ئاواز له شيعری نوێی كوردی ( ١٩١٨-١٩٥٨ ) ، نامەی ماستەر، زانكۆی سلێمانی ، ٢٠١٥

٧٩- ژوان عبدلسلام عەزيز گەردی ، شێواز له شيعرەكانی كامەران موكری دا ،نامەی ماستەر ، زانكۆی صەلاحەدين ، هەولێر ،٢٠٠٨،ل١٢

٨٠- شێرزاد عەبدوڵا قادر ، لادان له شيعری ڕەفيق سابيردا ، نامەی ماستەر ، زانكۆی سلێمانی ٢٠١٤

٨١- عادل محمد گەرميانی ،( د ) وێنەی بابەتی له هۆنراوەكانی گۆران و سياب دا ، نامەی دكتۆرا، كۆلێژی پەروەردە، زانكۆی بەغداد ، ٢٠٠٠

٨٢- عيزەدين صابير ، شێوازی شيعرەكانی شێخ نووری شێخ صاڵح ، نامەی ماستەر ، زانكۆی سلێمانی ، ٢٠١٥

٨٣- عەبدالسلام نەجمەدين عبدولا، شيی كردنەوەی دەقی شيعری له ڕووی زمانەوانييەوە ، نامەی ماستەر ،زانكۆی سەلاحەدين ، هەولێر ، ٢٠٠٣

٨٤- فەرهاد قادر كريم ، ڕێبازی شيعری كاكەی فەلاح ، نامەی ماستەر ، زانكۆی سلێمانی ، ٢٠٠٦

٨٥- كەژاڵ حمه ئەمين ئەحمەد ،بنياتی هونەری له شيعرەكانی فەريدون عەبدول بەرزنجی ،نامەی ماستەر ، زانكۆی سلێمانی ،٢٠١٠

٨٦- مستەفا محمد كريم زەنگەنە ، ڕەنگ له زمانی كورديدا ،نامەی دكتۆرا ،زانكۆی سەلاحەدين ، هەولێر،٢٠٠١

٨٧-ناز ئەحمەد سعيد، لادان له شيعری لەتيف هەڵمەت ،نامەی ماستەر ،زانكۆيی سلێمانی كۆلێژی زمان ، ٢٠١٠.

٨٨- كارزان موحسن قادر ،سيما تازەكانی ڕۆمانی كوردی له نێوان سالآنی ( ١٩٩١-٢٠٠٠ ) ،نامەی ماستەر،زانكۆی سەلاحەدين ،هەولێر ،٢٠٠٩،ل٢٦-٢٧

## فەرهەنگ


٩٠- شێخ محمەدی خاڵ، فەرهەنگی خاڵ، بەرگی دووەم ، چاپخانەی کامەران ، سلێمانی ، ١٩٦٠

٩١- گیو موکریان ، فەرهەنگی مەهاباد ، (کوردی ، عەرەبی )،چاپی یەکەم ، هەولێر ، ١٩٦١.

٩٢- موحسن ئەحمەد عەمەر ، فەرهەنگی ئەدەب ، چاپخانەی حەمدی ، سلێمانی ، ٢٠١٢

٩٣- نەوزاد ئەحمەد ئەسوەدە (د ) ،فەرهەنگی زاراوەکانی (ئەدەبی و زانستە مرۆڤایەتییەکان ) ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی تاران ، ٢٠١٥

٩٤- هەژار( عبدالرحمان شرفکندی ) ، هەنبانە بۆرینە ، ، فەرهەنگی (کوردی ، فارسی ) ، چاپخانەی سروش ،چاپی سێیەم ،تاران ، ١٣٨١


## ڕۆژنامەو گۆڤارەکان


٩٥- نەوزاد ئەحمەد ئەسوەدە ، شێواز چییە ، گۆڤاری رامان ، ژ٣٨ ، ١٩٩٩

٩٦- ئازاد عبدالواحید ، گەڕانەوە بۆ پۆستەرە شیعر ، گۆڤاری ڕامان ، ژ٨٠ ، ٢٠٠٠

٩٧- ئەحمەد تاڤانە ، پۆستەرە شیعر .... لەشیعردا ، پاشکۆی عێراق ،ژ١٥

٩٨- رفیق حلمی ، ئینقلاب لە شیعری کوردیدا ، گۆڤارە پێشکەوتن ، ژ١ ، شوباتی ١٩٥٨

٩٩ - رێبین ئەحمەد هەردی ، سەرهەڵدان و هەرسهێنانی وێنەی باوك لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا ، گۆڤاری ئازادی ، ژ٣٠

١٠٠- زاهر لەتیف کریم (د )، نیان نەوشیروان فوئاد (د ) ، گ،ڕامان ، ژ٢٢٣، ٢٠١٥

١٠١- سامان دزەیی ، کاریگەری وێرانە خاك لەسەر هینگڵ ، گۆڤاری ڕامان ، ژ١٤٠ ، ٢٠٠٩

١٠٢- شێرکۆ بێکەس ، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ ، ژ١.

١٠٣- شێرکۆ بێکەس ، گۆڤاری ئیستا ، ژ١٨، ١٩٩٩

١٠٤- عبدالرزاق بیمار ، دانشتنێك لە گەڵ گۆران ، گ بەیان ، ژ ٣ ، شوباتی ١٩٧٠

١٠٥- عەبدوڵا عباس بانگەوازی ڕوانگەو ئەدەبی کوردی نوێ ، گۆڤاری بەیان ، ژ٤، ١٩٧٠

**١٠٦- عەبدوڵا عەباس ، چەند سەرنجێکی سەرەتایی دەربارەی تەم و مژی لە شیعری نوێ کوردیدا ،گۆڤاری ڕۆژی کوردستان ، ژ٥٨، ١٩٨٠**

**١٠٧- فوئاد ڕەشید ، موبایلە شیعر ، گۆڤاری ڕامان ، ژ١١٠ ، ٢٠٠٥**

**١٠٨-گۆران ، کێش وهەڵبەست لەزمانی کوردیدا ، ڕۆژنامەی ژین ، ژ١٩ ، ١٩٧١**

**١٠٩- م.نووری ، ئەدەبیاتی کوردی ، ڕۆژنامەی ژیان ، ژ٢٨ ، ١٩٢٦**

**١١٠- هاشم سەراج ، دەق و وەرگر لە دایکبوونی خوێنەر ، گۆڤاری ڕامان ، ژ١٨٩ ، ٢٠١٣**

**١١١ - هیمداد حسێن و محمەد عبدالکریم ، پێکهاتەی زمانی شیعری لە ڕوانگەی شێوازگەرییەوە ، بە نموونەی شاعیرانی هەشتاکانی هەولێر ، گۆڤاری ئەکادیمی ، ژمارە ١٤، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر ، ٢٠١٠**

**سەرچاوە عەرەبییەکان**

١١٢-ابن خلدون ، المقدمة ،مصر ،مطبعةخيرية العامرة، ١٣٢٢هجرى

١١٢-احمد امين ، النقد الادبى ، لبنان ،١٩٦٧

١١٣-ابراهيم سامرائى ، اللغة شعر بين جيلين ، مؤسسةالعربية للدراسات، بيروت ،١٩٨٠

١١٤-بيرجيرو،ت،مندرعياشي،الاسلوب والاسلوبية،مركزالقومى ،بيروت ،١٩٩٤

١١٥- -صلاح فضل، (د) ،علم الاسلوب (مبادئة واجراءتة ) دار لافاق الجديدة، بيروت ، ١٩٨٥

١١٦-سمير ابو حمدان ، البلاغية فى البلاغ الشعريية ، منشورتعديدات ، دولية بيروت ،- باريس ، ١٩٩٦

١١١٧-سامى مهدى ، افق الحداث النمط،ط١، بغداد ، ١٩٨٨

١١٨- جاكواب كوارب ، اللغة فى الادب الحدث،ترجومة ،يون يوسف عزيز عانوئل ،بغداد ، ١٩٨٩

١١٩-عبدالسلام المسدى (د) ، الاسلوبية والاسلوب ، دار لسعاد الصباح ، كويت ، ١٩٩٣

١٢٠-نازك الملائكة ، قضايا الشعر المعاصر، بيروت ، ١٩٦٢

**گۆڤارو ڕۆژنامە**

١٢١- زاهر لطيف كريم ، ، الانزياح فى شيعر حاجى قادر كويى ،مجلة سردم العربي،العدد ٢٠٠٩،٢٩

**سەرچاوە فارسییەکان**

**١٢٢-سيروس شميسا (د)،كليات سبك شناسى ، تهران ، نشر ميترا ، ٢٤٩٧**

**سەرچاوە ئینگلیزییەکان**

١٢٣- . Literay devies (2014)style definition and examples of style online availabletl ·http;//literaydevices·nxt/style/{accessed 9jan·2016}

- ·Mihalakis·v .textSelectionforliteratureDiscussions·ht petrosky·A(2015)

١٢٢- Tp://ifl·pitt·edu/index·php/blog/index/text-selection-for-literature-discussion

ملخص البحث

هذا البحث تحت عنوان الاسلوب في شعر شيركو بيكه س، مرحلة مابعد النهضةالادبية (ڕوانگه ) ، يتضمن البحث تحديد سمات وخصوصيات الاسلوب في النصوص الشعرية للشاعر شيركو بيكه س الذي كان من ابرز رواد (ڕوانگه ) .ويتكون البحث من مقدمة وثلاثه فصول رئيسيةكالآتي :

الفصل الاول :يتكون من موضوعين في الموضوع الاول تطرق الباحث فيها عن الاسلوب بشكل عام ومفهومه ومواضيع اخرى متعلقة بالاسلوب ومدارسه الادبية .

وفي الموضوع الثانى يتحدث هذا الفصل عن النهضةالادبية (ڕوانگه) ،كذلك تأثير الادب العربى على شعر الشاعر .

اما الفصل الثانى فيتألف من ثلاثة مواضع رئيسية :

الموضوع الاول : تطرق الباحث عن القصيدة الشعرية ، الشعر الملحمي والنص المفتوح ...الخ .

وفي المواضيع الاخرى من الفصل الثاني تطرق الى الوزن والقافية وترنيم الداخلي في الشعر .

الفصل الثالث:في هذا الفصل تطرق الباحث عدة مواضيع لغوية ، منها المجال الصوتي ومجال التركيب اللغوي ، كظاهرة الانزياح ومجال المعنى اللغوي ،وقابلية الشاعر في تصريف واستخدام الكلمات المعاصرة في اللغة الكردية واللغات المجاورة و الاجنبية في شعره وكذلك برز الباحث غنى والكنز المعجمي للشاعر .

وفي الفصول الاخرى تناول الباحث الاسلوب والسمات الخاصة التي اتسمت بها قصائد الشاعروابراز بعض الظواهر التكنيكية والشكليةفي الشعر ، كا ستعمال الرموز والارقام وكذلك فن الرسم في كتابة الشعر وابداعه.

وفي الخاتمة تم عرض اهم النتائج التي توصل اليها البحث .

***ABSTRACT***

This thesis, entitled (The Form in the poems of SherkoBekas" and "The Later Stage of Perspective), has tried scientifically to study the various aspects and kinds of SherkoBekas's poetry forms, particularly in those poetry published works which follow "The Literary Movement of Later Perspective". The thesis consists of an introduction,three main chapters, a conclusion, and the resources.

The first chapter has two main branches:

In the first branch, I have given some preliminary illustration about the methodology, its science, the terms of the dominant style and method. I have also discussed the literary style, the method and its various schools.

The second chapter studies two main aspects.At the first aspect, I have, here, talked about and scrutinized "The Perspective Movement" and too shed light on the status of SherkoBekas'spoetry.Afterthat,I revealed the influence of Arabic poetry on SherkoBekas.While the second aspect is subdivide into three subjects:

The first subject that has been thoroughly studied is the form of poetry, lyric,poetrynovel,opentext,and poster poetry.The second subject studies the inner rhyme of SherkoBekas's poem works.Finally the third one shows which has got into itself five different pillars:

The first one studies deviation from morphological rules in his poems then comes up the same phenomenon in

rhyming side-going and also in word variations. As "epoch word,ronan,the neglected words, etc.)

The second aspect studies dictionary and lexical views as a obvious style in poetry, for example:'The capital of Kurdish word by the poet, and foreign words ,etc."

The third aspect studies the poet's poem works in the fields of language equilibrium, the symbolic styles and the types of sign.

Next comes another issue which explains some other phenomena of style and method in the above-mentioned poet's poem works, as his unique ways of writing of pictorial and numerical terms.